# شەیتان و خوا

ژان پۆل سارتەر

و. شۆڕش غەفوری



# شەیتان و خودا

ژان پۆڵ سارتەر

☒ ناوی کتێب: شەیتان و خودا

☒ بابەت:شانۆنامە

☒ نووسەر: ژان پۆل سارتەر

☒ وەرگێڕ: شۆڕش غەفوری

☒ مونتاژ: یانەی قەڵەم

☒ تیراژ: (٥٠٠) دانە

☒ چاپ: یەکەم (٢٠١٢)

☒ چاپخانە: یاد ، بازاڕی سۆز-نهۆمی سێیەم

☒ نرخ: (٢٥٠٠) دینار

☒ لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی (١٨١٤)ی ساڵی ٢٠١٢ پێ دراوە.

# شەیتان و خودا

ژان پۆل سارتەر
وەرگێڕانی بۆ فارسی: ئەبولحەسەن نەجەفی
شۆڕش غەفووری کردوویەتییە کوردی

سلێمانی ٢٠١٢

له چاپكراوه‌كانی زنجیره‌ی كتێبی یانه‌ی قه‌ڵه‌م
ژماره (١٠٤)

سه‌رپه‌رشتیاری پرۆژه: جه‌بار سابیر
جێگری سه‌رپه‌رشتیار: ئارام سدیق

ناونیشان: یانه‌ی قه‌ڵه‌م، سلێمانی، سابونكه‌ران، بینای هه‌ورامان
نهۆمی سێیه‌م.

پێشکەشە:

بەو کەسەی کە بە وشە هیچی پێ نەگووتم، بەڵام بە ڕۆح دنیای پێ نیشان دام ...

# شەیتان و خودا

## (سێ پەردە و یازدە دانیشتن)

## چەند پەیڤێک لە بارەی شانۆنامەکەوە:

بۆ یەکەم جار شانۆنامەی (شەیتان و خودا . Le Diable et le Bon Dieu) لە ساڵی ١٩٥١ لە پاریس چووە سەر سەکۆی شانۆ. ڕۆڵە سەرەکییەکانی شانۆنامەکە، (پێر براسۆ . گۆتێز) و (ژان ڤیلار . هاینریش) و (هانری ناسییە . ناستی) و (ماریا کازارێس . هێلیدا) گێڕایان.

چیرۆکەکە لە سەدەی شانزەیەم، لە ئەڵمانیا ڕوودەدات: سەدەی شەڕە مەزهەبییەکان لە سەر زەمینی بێلیڤای هەمیشەیی و حکومەتی خانخانی.

(لۆسەر)ی زانای دینی، چەند ساڵێکە ئایینێکی نوێی خستۆتەڕوو و لە سەرتاسەری ئەورووپادا مشتومڕی دروست کردووە:
پرۆتستان و کاتۆلیکەکان یەکتری هەڵدەدڕن و دەرەنجامەکەیشی وەرزێڕان بە نان و گیان دەیدەن. شۆڕشە گوندەکی و جووڵانەوە نوێیە دینییەکان، ئەڵمانیای لە خوێندا گەوزاندووە.
بەڵام ئەم کتێبە - بە بڕوای هەندێك لە ڕەخنەگران، باشترین بەرهەمی سارتەر و گلێرکردنەوەی گشت هزرەکانییەتی - باسی پرسی سەرەکیی سەردەمی ئێمە دەکات: ئایا مرۆڤ بەرپرسیارییەتییەکی لە ئەستۆیە؟
ئایا دەرفەتی باشە هەیە؟
ئایا دەتوانرێت بەرپرسیارییەتی قبوڵ بکرێت، بەڵام دەستەکان ئاڵوودە نەکرێن؟ و لەم ڕووەوە، بە قسەی خودی سارتەر، ئەم شانۆنامەیە تەواوکەری (دەستە ئاڵوودە)کانە، هەرچەندە کە کارەساتەکە چوارسەد ساڵ بەر لە ئێستا ڕوودەدات.
- لەم ڕووەوە فەیلەسووفە ئیگزیستانسیالیستەکان لەسەر ئەو باوەڕەن کە مرۆڤ، گیانلەبەرێکە (گەڵاڵە) دەخاتەڕوو و بۆ پیادەکردنی، خۆی دەخزێنێتە دەروونی داهاتووەوە.
ڕەنگە سەرنجڕاکێشترین ڕەهەندی فەلسەفی بەرهەمەکانی سارتەر و ڕووی جیاوازی ئەو لە فەیلەسووفەکانی دیکە - لەوە بێت کە مرۆڤ جگە لەم گەڵاڵەیە هیچ نییە، بەڵام ئەگەرچی گەڵاڵەیە سەرەتا لە زەینیدا فۆرموولە دەبێت، بەڵام تا نەگاتە هەمان قۆناغی بەکاربردن، هەر هیچە و کاتێکیش دەست دەداتە (کار)ـەکە تووشی ڕووداوێکی سەیر دەبێت کە ڕەهەندێکی نوێ بە ژیان و چارەنووسی دەبەخشێتە.

هەر لەم ڕووەوەیە کە زۆرجار سارتەر قارەمانەکانی خۆی دەخاتە نێو ساتی (هەڵبژاردن)ـەوە، ئەو دەمەی کە لە پاشیدا دەبێت دەست بە کارەکە بکرێت و هەموودەم (هەڵبژاردن) دەستلەملانێی (دڵەڕاوکێ)یە.
ئەم شانۆنامەیە ڕاڤەی هەوڵ و تەقەلاکانی پیاوێکە کە گەلاڵەی ژیانی لە (ڕەها)ـدا دادەڕێژێت . ڕەهای باشە و ڕەهای خراپە و شکستیش دەهێنێت، چونکە دەستی کردە لە ڕەها کورتترە. سارتەر خۆی دەڵێت:
"ئەم شانۆنامەیە هەمووی باسی پەیوەندی مرۆڤە لەگەڵ خودادا، یا بە واتایەکی دیکە: پەیوەندی نێوان مرۆڤ بە ڕەهاوە" و نامانجی نووسەریش لە (شەیتان) و (خودا) هەر ئەو دوو ڕەها دوو لایەنەیە.
. لەمەڕ بابەتی کتێبەکە . و لەمەڕ فەلسەفەی ئیگزیستانسیالیزم . قسە زۆرە، بەڵام ڕەنگە پێویست بە هیچ جۆرە شرۆڤە و باسێك نەبێت:
کتێبەکە لە بەر دەستی خوێنەردایە و ئەو شتەی کە دەبێت لێرەدا بکەوێتە بە باس و خوداسێکی دژوار و زۆرجاریش بێ هیواکەر، لە درێژەی چیرۆکە دڵکەشەکەدا ئاسانتر بۆی دەردەکەوێت و باشتر لێی تێدەگات.

## لەبارەی وەرگێڕانی شانۆنامەکەوە

زمانی شانۆنامەکە لە ئەورووپا و بەتایبەت فەرەنسادا، زمانی گفتوگۆی عامیانە و ناوچەییانە نییە، بەڵکو هەمان زمانی کتێب و ڕۆژنامەیە، بەڵام ئەو زمانەی کە لە نووسینی دەقی شانۆگەرییەکەدا بە کار براوە، چ لە ڕووی شێوەی دەربڕین و چ لە ڕووی بەکارهێنانی وشە وەلانراو و نەزانراوەکانەوە بیرهێنەرەوەی پەخشانی کۆنی سەدەی حەڤدەیەمە (ئەگەرچی لە دەستەواژە و واتا پەخشانییەکانی ئەورۆییش، دوور نییە).

لە قۆناغی یەکەمدا، هەوڵەکانی وەرگێڕ نیشاندەری ئەمانەتدارییە لە دەقەکە، لەگەڵ ئەوەیشدا دەبێت ئەوە وەبەر چاوان بگیردرێت کە ئەمە یەکەم کاری هەردوو وەرگێڕە - وەرگێڕی زمانە فارسی و کوردییەکە - لە بواری شانۆییەوە، بۆیە ئاساییە ئەگەر بێت و لە بەکارهێنانی شانۆییدا دەستکاری هەندێك لە ڕستەکانی بکرێت، چونکە سەرەتا پێمان وایە ئەم کتێبە بۆ خوێندنەوەیە.

لەم ڕووەوە وەرگێڕانەکە خۆی لە زمانی عامییانە پاراستووە (بێجگە لە بەکارهێنانی هەندێك وشەی جیاواز و زۆر بەکارهێنراوی وەك چی، ئیتر، ئەرێ، بەڵێ)، بەڵام هەوڵ دراوە پێکهاتەی وشەکان و ئاوازی قسە و دەستەواژەکان ئەوەندە لە زمانی گوتوبێژییەوە دوور نەکەونەوە تا ئەگەر ڕۆژێك ویسترا بخرێتە سەر سەکۆی شانۆ، پێویستی بە گۆڕانێکی زۆر نەبێت.

تا چ ئاستێك ئەم کارە سەرکەوتووە، ئەوە دەکەوێتە سەر هەڵسەنگاندنی خوێنەر و ڕەخنەرانەوە، گرنگ ئەوەیە ئەم کتێبە ڕووناکی بە خۆیەوە ببینێت.

# رۆڵگێڕەکان:

(بە پێی هاتنە سەر سەکۆی شانۆ)

نوسقۆفی مەزن ............................ کاترین ـ Catherine

خزمەتکاری نوسقۆفی مەزن .................. فرانتێز ـ Frantz

ئەفسەر لینهارت (Linehart) ................ کارۆڵ ـ Karl

هاینێز (Heinz) ............................ شۆلهایم Schulheim

نیشمیت (Schmidt) .......................... نۆساک ـ Nossak

گێـــرلاچ (Gerlach) ....................... ڕیچێـــڵ ـ Rietschel

ناستی (Nasti) .............................. تێتزێل ـ Tetzel

فۆکێری دراوگۆڕ (Foucre)..................... پێشنوێژێک

هاینریش (Heinrich) ......................... گوولی

ژنێک ......................................... هێلدا ـ Hilda

پێغەمبەر ..................................... مامۆستا خاتوون

نوسقۆفی شاری وۆرمس ......................... ژنێکی لاو

هێرمـــــان (Hermann) ........................ ژنێکـــــی جادووگەر

گۆتێز (Goetz)

لەگەڵ هەندێک خەڵک، قوماندار، جووتیار و ڕاهیبەکان

## تێبینی و پێشەکی وەرگێڕی کوردی:

سروان: ئەفسەر

افسر: قووماندار

سرهنگ: ئەفسەر

صراف: گۆهێز

دیمەنەکانم گۆڕیوە بۆ دانیشتن و دانیشتنەکانیشم گۆڕیوە بۆ پەردە تاوەکو ٣ پەردە و ١١ دانیشتنەکە، بەلای خوێنەرەوە دروست و ڕوون بێت.

# پەردەی یەکەم

دانیشتنی یەکەم

لەلای چەپ، لەنێوان زەوی و ئاسمان، کۆشکی ئوسقۆفی مەزن دەبینرێت.

لەلای ڕاست، ماڵی ئوسقۆف و بورج و حەساری شاری (وۆرمس - Worms) دیارن.

لەم ساتەدا تەنیا کۆشك ڕووناکە.

شوێنەکانی دیکەی سەکۆ، لە تاریکیدا نغرۆ بوون.

دیمەنی بێهاوتا ـ تاقانە:

**نوسقۆفی مەزن:** (لە بەردەم پەنجەرەکە).. ئایا دێت؟ ئەی خودای مەزن، دەستی ژێردەستەکانم، وێنەکەمیان لەسەر دراوە زێڕەکان ساویوەتەوە و دەستی باڵا و بەهێزی تۆیش ڕووخسارمی ژاکاندووە: لە نوسقۆفی مەزن، شتێکی دیکە جگە لە مەلۆتکەیەك نەماوەتەوە. ئەوە ماوەتەوە کە ئەوڕۆ ئێوارە، هەواڵی شکستی سووپاکەم پێڕا بگەیەنن تا ژاکاوی من وا زیاتر بێت کە لە پشت جەستەمەوە پشتە سەرم ببینن. خودایا، خزمەتکارێکی بێ ڕوو، بە کەلکی چیت دێ؟ (خزمەتکار دێتە ژوورەوە.) ئەفسەر (لینهارت)ە؟

**خزمەتکار:** نەخەیر قوربان. (فۆکێر)ی گۆهێرە. ئیزن دەفەرموون کە...

**نوسقۆفی مەزن:** زۆر باشە، با چاوەڕێ بکات. (وەستانێك) ئەی لینهارت کوا؟ ئێستا دەبوو لێرە بێت و هەواڵی نوێ بێنێت (وەستانێك). لە خوداردنگە باسی شەڕیش دەکەن؟

**خزمەتکار:** قوربان، بێجگە لەمە قسەی دیکە دەکەن.

**نوسقۆفی مەزن:** چ دەڵێن؟
**خزمەتکار:** دەڵێن کارەکە بە خوداستی دڵە و (کێنراد) لە نێوان ڕووبار و شاخەکاندا کەوتووەتە داوەوە و...
**نوسقۆفی مەزن:** دەزانم، دەزانم، بەڵام لە شەڕدا شکستیش هەیە.
**خزمەتکار:** قوربان...
**نوسقۆفی مەزن:** بڕۆ. (خزمەتکار دەچێتە دەرەوە.) خودایا، بۆ وات خوداستووە؟ دوژمن دەستی بەسەر ئاو و خاکمدا گرتووە و شارە خۆشەویستەکەم (وۆرمس) لە دژم ڕاپەڕیوە. تا من لەگەڵ کێنراد دەجەنگام، وۆرمس لە پشتڕا خەنجەری لێدام. ئەی خودا، ئەمدەزانی کە بە سەری پیری، وەهام بەسەر دێنی، ئایا دەبێت کوێرانە و بە گۆچان وەشێنی بچمە بەر دەرگای ماڵان و سواڵ بکەم؟ هەڵبەت ئەگەر بە ڕاستی لەسەر ئەوە سووری کە حوکم حوکمی تۆ بێت، من ملکەچی ئارەزووی تۆم، بەڵام ویژدانت هەبێت کە ئیدی من بیست ساڵان نیم و هەرگیز ئارەزووی شەهیدبوونم نەبووە.

لە دوورەوە دەنگی (سەرکەوتن! سەرکەوتن!) بەرز دەبێتەوە.
دەنگەکان نێزیک دەبنەوە. نوسقۆفی مەزن گوێ هەڵدەخات و دەستی لەسەر دڵی دادەنێت.

**خزمەتکار:** (دێتە ژوورەوە) سەرکەوتن! سەرکەوتن! قوربان، سەرکەوتن بۆ ئێمەیە. ئەفسەر لینهارت دێتە خزمەتتان.

**ئەفسەر:** (دێتە ژوورەوە) قوربان، سەرکەوتین. سەرکەوتنی تەواو و دروست، شەڕێکی بێ وێنە، ڕۆژێکی مێژوویی. شەش هەزار کەس لە دوژمن کوژران و خنکان و ئەوانی دیکەیش خەریکی ڕاکردنن.

**نوسقۆفی مەزن:** خودایا، سوپاسگوزارتم، کینراد چی لێهات؟

**ئەفسەر:** لە مردووەکانە.

**نوسقۆفی مەزن:** خودایا، سوپاسی تۆ دەکەم. (وەستانێك)، ئەو کە مردووە لێی دەبوورم. (ڕوو لە لینهارت)، بەرەکەتت بەسەردا دەبارێنم، بڕۆ و هەواڵەکە بڵاو بکەوە.

**ئەفسەر:** (ئامادە دەوەستێت)، کەمێك بەر لە خۆرهەڵاتن، لە دوورەوە تەپ و تۆزێك هەڵدەستێت و..

**نوسقۆفی مەزن:** (قسەی دەبڕێت)، نا، نا! پێویست بە باسکردن ناکات! هیچ پێویست ناکات. کاتێك کە شرۆڤەی سەرکەوتن بکەن، دیار ناکەوێت کە جیاوازییەکەی لەگەڵ شکستدا کامەیە. هەر ئەوەندەم پێ بڵێ تا ببینم کە ئایا سەرکەوتووین!

**ئەفسەر:** سەرکەوتنێکی سەرنجڕاکێش، نمونەی شکۆداری و جوانی کەماڵ.

**نوسقۆفی مەزن:** بڕۆ، دەبێت شووکرانەی خودا بکەم. (ئەفسەر دەچێتە دەرەوە. نوسقۆفی مەزن دەکەوێتە سەما و خۆبادان)، سەرکەوتم! سەرکەوتم! (دەستی لەسەر دڵی دادەنێ.) ئاخ! (لەسەر کورسی پاڕانەوە چۆك دادەدات) سوپاسگوزارم.

بەشێکی لای ڕاستی تەختەی شانۆکە ڕووناک دەبێتەوە. ئێرە کۆشک و حەساری شاری وۆرمس و ڕێڕەوی سەرەوەی قەڵاکەیە. (هاینتێز) و (ئیشمیت) بەسەر ستارەی بورجەکەوە چەماونەتەوە.

**هاینتێز:** مەیسەر نییە، مەیسەر نییە، خودا بە ڕەوای نازانێت.

**ئیشمیت:** ئارام بگرە، دووبارە ئاماژەکە دەدەنەوە. سەیر بکە! یەك - دوو - سێ.. سێ و یەك - دوو - سێ - چوار - پێنج..

**ئاستی:** (لەسەر حەسارەکەوە دەردەکەوت)، چی بووە؟

**ئیشمیت:** ئاستی! هەواڵی زۆر خراپ بە دەستمان دەگات.

**ئاستی:** بۆ هەڵبژێردراوی خودا، هیچ کاتێك هەواڵی خراپ نییە.

**هاینتێز:** کاتژمێرێك زیاترە کە سەیری ئاماژەکانی ئاگرەکە دەکەین. خوولەك بە خوولەك هەمان ئاماژە دووبارە دەکەنەوە. هان، وەرە بنۆڕە! یەك - دوو - سێ و پێنج! (ئاماژە بە کێوەکە دەکات)، نوسقۆفی مەزن شەڕەکەی بردووەتەوە.

**ئاستی:** دەزانم.

**ئیشمیت:** بارودۆخەکە خراپە، ئێمە لە وۆرمسدا کەوتووینەتە داوەوە، نە هاوپەیمانێکمان هەیە و نە تفاقێك. ئەی تۆ پێت نەدەگوتین (گۆتێز) ماندوو دەبێت و، دواجار دەست لە گەمارۆکە هەڵدەگرێت و کێنرادیش نوسقۆفی مەزن ورد و خاش دەکات! دەی، نهۆ دەبینی کە کێنراد مردووە و بە زوویی سوپای نوسقۆفی مەزن لە پای دیوارەکانی ئەم شارەوە لەگەڵ سوپای گۆتێزدا یەك دەگرن و ئێمەبش هیچ ڕێگەیەکی دیکەمان جگە لە مردن نابێت.

**گێرلاخ:** (بە ڕاکە ڕاک دێتە ژوورەوە)، کێنراد شکستی خواردووە. سەرۆکی شارەوانی و ئەندامانی ئەنجوومەنی شار لە کۆشکی شارەوانیدا کۆبوونەتەوە و گوتوبێژ دەکەن.

**نیشمیت:** دەی نیتر! گەرەکیانە ڕێگەیەک بۆ خۆبەدەستەوەدان بدۆزنەوە.

**ناستی:** برایان، ئایا ئیمانتان هەیە؟

**هەموو:** بەڵێ ناستی، بەڵێ!

**ناستی:** کەوایە نەتۆقێن. شکستی کێنراد ئایەتێکە.

**نیشمیت:** ئایەت؟

**ناستی:** ئایەتێک لە لایەن خوداوە بۆ من. بڕۆ، گێرلاخ، زوو بچۆ بۆ شارەوانی و هەوڵ بدە لەوە تێ بگەی کە ئەنجوومەن چ بڕیارێک دەگرێت.

کۆشك و حەسار نەغرۆی تاریکی دەبن.

**ئوسقۆفی مەزن:** (لەسەر کورسی پاڕانەوە هەڵدەستێتەوە)، هۆی! (خزمەتکار دێتە ژوورەوە)، بانگی گۆهێر بکە با بێت. (گۆهێر دێتە ژوورەوە)، دانیشە. گۆهێر. هەموو لەشت خوڵاوییە، لە کوێوە دێیت؟

**گۆهێر:** سی و شەش کاتژمێرە بە ڕاکردن دێم تا پێتان بڵێم کە نەکا کارێکی سەر شێتانە بکەن؟

**ئوسقۆفی مەزن:** شێتایەتی؟

**گۆهێر:** دەتانەوێت ئەو مریشکەی کە هەموو ساڵێک هێلکەی زێڕتان بۆ دەکات، سەر ببڕن.

**ئوسقۆفی مەزن:** باسی چی دەکەن؟

**گۆهێر:** باسی شارەکەتان وۆرمس. پێمیان گوتووە کە گەمارۆتان داوە. ئەگەر پیاوەکانت تاڵانی بکەن، هەموو شتێکت لە دەست دەدەیت و منیش لە گشت شتێك بێبەش دەکەن. بەو تەمەنەتەوە" ئیتر نابێت لاسایی فەرماندەکانی شەڕ بکەنەوە.

**ئوسقۆفی مەزن:** مەگەر من داوای شەڕم لە کێنراد کردووە؟

**گۆهێر:** ڕەنگە ئێوە داوای شەڕتان لێ نەکردبێت، بەڵام کێ دەزانێ کە تۆ دەنەت نەدابێت تا ئێوە بکێشێتە نێو شەڕەوە؟

**ئوسقۆفی مەزن:** کێنراد لە بن دەستی مندابوو و دەبوو ملکەچم بێت، بەڵام شەیتان چووە کەوڵیەوە تا خەڵکی ڕاپەڕێنێت و خۆی ببێتە ڕابەریان.

**گۆهێر:** بۆچی ئەو شتەی کە ئەو دەیهەویست، نەتدایێ تا تووڕەییەکەی دابمرکێتەوە؟

**ئوسقۆفی مەزن:** کێنراد هەموو شتێکی دەویست.

**گۆهێر:** دەی، با واز لە کێنراد بێنین. ڕەنگە کێنراد سنووری تێپەڕاندبێت، بۆیە شکستی خواردد، بەڵام شارەکەتان وۆرمس...

**ئوسقۆفی مەزن:** وۆرمس گەوهەری نیاز و رۆحی منە، وۆرمسی خۆشەویستم و نەزرکردووکەم، وۆرمس ئەو شارە ناشووکرە، هەر ئەو ڕۆژەی کێنراد سنووری بەزاند، ڕاپەڕی.

**گۆهێر:** خراپی کرد و هەڵەی کرد، بەڵام ئەوەتان لەبیر نەچێت کە سێ چارەکی داهاتی مەملەکەتەکەتان لەوێوە دەست دەکەوێت. ئەگەر شمشێر

لە خەڵکی وۆرمس ڕاست کەیتەوە، ئیتر کێ هەیە باج بدات. کێ هەیە داواکانم جێبەجێ بکات؟

**نوسقۆفی مەزن:** ئەوان کەشیشەکانی منیان ئازار داوە و ناچاریان کردوون تا ڕابکەنە نێو دەیرەکانیانەوە (خەڵوەتنشین) و دەرگا بە ڕووی خۆیاندا دابخەن. ئەوان بێ حوورمەتییان بەرامبەر بەو نوسقۆفە کردووە کە نوێنەری منە و ئیزن نادەن لە کۆشکەکەی بێتە دەرەوە.

**گۆهێر:** ئەمانە هەمووی کاری منداڵانەن! ئەگەر ئێوە ناچارتان نەکردبان، هیچ کات ئەوان دەستیان بە شەڕ نەدەکرد. توندوتیژی و هەڵەشەیی شیاوی ئەوانەیە کە هیچیان نییە تا لە دەستی بدەن.

**نوسقۆفی مەزن:** چیت لە من دەوێت؟

**گۆهێر:** دەمەوێت بیانپارێزی. باجێکی گەورەت بدەنێ و هەموو شتێک لەبیر بکرێت.

**نوسقۆفی مەزن:** هەیهوووو!

**گۆهێر:** بۆ هەیهوو؟

**نوسقۆفی مەزن:** گۆهێر، من شاری وۆرمسم خۆش دەوێت و تەنانەت ئامادەشم لە دڵەوە بە بێ باج لە هەڵەکەی ببوورم.

**گۆهێر:** دە باشە، ئەی کەوایە چی؟

**نوسقۆفی مەزن:** خۆ من ئەوێم گەمارۆ نەداوە.

**گۆهێر:** ئەی کێ داویەتی؟

نوسقۆفی مەزن: گۆتێز

**گۆهێر:** ئەم گۆتێزە کێیە؟ برای کێنرادە؟

**نوسقۆفی مەزن:** بەڵێ، باشترین فەرماندەی شەڕی هەموو ئەڵمانیا.

**گۆهێر:** لە پشت دیواری شارەکەتانەوە چ دەکات؟ مەگەر دوژمنی نێوەیە؟

**ئوسقۆفی مەزن:** ڕاستیت دەوێت، نازانم چییە؟ سەرەتا هاودەستی کێنراد و دوژمنی من بوو، پاشان بووە هاودەستی من و دوژمنی کێنراد و ئێستایش... بە کورتی چارەنووسەکە ئەوەیە کە خوو و خدمەکی جێگیری نییە.

**گۆهێر:** بۆچی هاودەستی گوماندارتان هەڵبژاردووە؟

**ئوسقۆفی مەزن:** مەگەر هەڵبژاردنەکە بە دەست من بوو؟ لەگەڵ کێنراد هێرشیان کردە سەر ئاو و مەوتەنەم. بە خۆشییەوە هەواڵی ئەوە گەیشت کە کێشە کەوتووەتە نێوانیانەوە. من بە نهێنی پەیمانی ئەوەم بە گۆتێز دا کە ئەگەر بێتە هاوپەیمانی من، ئەوا سەرزەوینەکانی براکەی پێ دەبەخشم. ئەگەر لە کێنرادم جیا نەکردبایەوە، نەۆ دەمێك بوو کە شەڕەکەم دۆڕاندبوو.

**گۆهێر:** ئەودەم ئەو لەگەڵ پیاوەکانیدا بووە لای ئێوە. دوایی چی ڕوویدا؟

**ئوسقۆفی مەزن:** من پاراستنی بەشێکی دوور لە ناوەندی وڵاتم بەو سپارد. گوایا ئەم کارە ماندوو و بێزاری کردووە. گومانم هەیە کە ژیانی مانەوەی لە تەنیا شوێنێك پێ خۆش بێت. ڕۆژێکیان سوپاکەی بەرەو لای دەروازەی وۆرمس جووڵاند و بە بێ فەرمانی من ئەوێی گەمارۆ دا.

**گۆهێر:** فەرمانی پێ بکەن... (ئوسقۆف بزەیەکی تاڵ دەکات و شانەکانی بە نیشانەی لاوازی هەڵدەکێشێت)، بە قسەتان ناکات؟

**ئوسقۆفی مەزن:** لە کوێت بیستوتە کە تا ئێستا فەرماندەیەکی ئێو شەڕ بە قسەی سەرۆکی دەوڵەت بکات؟
**گۆهێر:** کەواتە بە گشتی چارەنووسی ئێوە لە دەستی ئەودایە؟
**ئوسقۆفی مەزن:** بەڵێ وایە.

کۆشك و حەساری شار ڕووناك دەبێتەوە.

**گێرلاخ:** (دێتە ژوورەوە) ئەنجوومەن گەرەکیەتی نوێنەری خۆی بۆ گوتوبێژ بنێرێتە لای گواتێز.
**هاینتێز:** ئەمگوت! (وەستانێك) ترسنۆکینە!
**گێرلاخ:** تەنیا هیوامان بەوەیە کە گواتێز مەرجی وەها قوورس دابنێ کە ئەوان نەتوانن قبوڵی بکەن. ئەگەر ئەوەی کە لە بارەی ئەوەوە دەیڵێن ڕاست بێت، ئەوا تەنانەت ئامادە نییە ئەمانمان بداتێ.
**گۆهێر:** ڕەنگە چاوپۆشی لە تاڵانکردنی ماڵ و مڵك بپۆشێ.
**ئوسقۆفی مەزن:** دەترسم چاویش لە گیانی خەڵك نەپۆشی.
**نیشمیت:** (بە گێرلاخ) لەبەر چی؟ بۆ چی؟
**ئوسقۆفی مەزن:** لە باوکەوە زۆڵە، پیسترینی زۆڵەکان. تەنیا حەزی لەوەیە خراپە بکات.
**گێرلاخ:** لەو کەسە ناپەسەندە بەدکار و زۆڵانەیە کە تەنیا حەزی لە خراپەیە. ئەگەر بیەوێت وۆرمس تاڵان بکات، خەڵکی شار ڕێگەیەکی دیکەیان جگە لە هەڵگرتنی شمشێر نییە و پاڵ بە دیوارەوە بدەن و بەرگری لە گیانی خۆیان بکەن.

**ئیشمیت:** ئەگەریش بیەوێت شارەکە وێران بکات، ئەوەندە سادە نییە تا نامانجەکەی ئاشکرا بکات. داوای ئەوە دەکات ڕێگەی چوونە ژوورەوەی پێ بدەن و لە بەرامبەردا بەڵێنی ئەوە دەدات کە ئازار بە هیچ کەس نەگەیەنێت.

**گۆهێر:** (شێواوانە). وۆرمس سی هەزار پوولی زێڕ بە من قەرزدارە. دەبێت بە خێرایی پێش بە کوشت و تالان بگرین. سوپاکەی خۆتان بەرەو گۆتێز بجووڵێنن.

**ئوسقۆفی مەزن:** (داماوانە) دەترسم شکستیان پێ بهێنێت.

کۆشکی ئوسقۆفی مەزن لە تاریکی ڕۆدەچێت.

**هاینتێز:** (روو لە ناستی) کەوایە ئێمە بە تەواوی لەنێو دەچین؟

**ناستی:** برایان، خودا لەگەڵمانە، ئەگەری وێرانبوونمان نییە. ئەو شەو لە وۆرمس دەچمە دەرەوە و هەوڵ دەدەم بە چادرگەی دوژمندا تێپەڕم و خۆم بگەیەنمە شاری (ڤالدۆرف). حەوتوویەکم بۆ بەسە تا دە هەزار جووتیاری چەکدار کۆبکەمەوە.

**ئیشمیت:** چۆن دەتوانین حەوتوویەك خۆ ڕابگرین؟ لەمانەوە بە دووری مەزانە کە هەر ئەم شەو دەروازەکان بە ڕووی گۆتێزدا بکەنەوە.

**ناستی:** نابێت بتوانن ئەم کارە بکەن.

**هاینتێز:** مەگەر دەتەوەێت حکومەت بە دەستەوە بگریت؟

**ناستی:** نا، ئەگەری سەرکەوتن کەمە.

**هاینتێز:** ئەی چی؟

**ناستی:** دەبێت کارێك بکەین تا خەڵکی شار لە ترسی گیانیان وە زاڵە بێن.

**هەموو پێکەوە:** چۆن؟

**ناستی:** بە وەڕێخستنی کۆمەڵکوژییەك.

لە خودارەوەی کۆشکەکەدا، سەکۆی شانۆکە ڕووناك دەبێتەوە. ژنێك بە تێڕاماوییەوە دانیشتووە و پاڵی بە پلیکانەیەکەوە داوە کە بە ڕێڕەوی سەرەوەی قەڵاکە کۆتایی دێت. سی و پێنج ساڵانە و شڕۆڵ و کۆنەپۆش. کەشیش لە کاتی خوێندنەوەی کتێبی دووعا" لەوێوە تێدەپەڕێت.

**ناستی:** ئەم کەشیشە کێیە؟ بۆچی وەکو ئەوانی دیکە زیندانی نییە؟

**هاینتێز:** مەگەر نایناسی؟

**ناستی:** ئەها! (هاینریش)ـە. چەندە گۆڕاوە. هەر چۆنێك بێت جیاوازی نییە، دەبوو ئەویشتان زیندانی کردبایە.

**هاینتێز:** هەژارەکان خۆشیان دەوێت، چونکە وەکو ئەوان ئەژی. ئەگەر زیندانیمان کردبایە، خەڵکی توورە و ناڕازی دەبوون.

**ناستی:** ئەم پیاوە لە هەموویان ترسناکترە.

**ژن:** (چاوی بە کەشیش دەکەوێت)، کەشیش، کەشیش! (کەشیش ڕادەکات و ژنەکە هاوار دەکات) بەو خێرایە بۆ کوێ دەچیت؟

**هاینریش:** (دەوەستێت)، من ئیتر هیچم نییە تا بیکەمە سەدەقە و خێر. هیچ شتێك، هیچ شتێکم نییە! هەرچیم هەبووە داومە.

**ژن:** ئەمە ناکاتە ئەوەی کە بانگم کردی، ڕابکەیت؟

**هاینریش:** (ماندوو و لاواز بەرەو لای دێت)، برسیتە؟

**ژن:** نا

**هاینریش:** ئەی چیت دەوێت؟

**ژن:** دەمەوێت بۆمی شرۆڤە بکەیت!

**هاینریش:** (بە خێرایی) من هیچ شتێکم نییە کە بۆتی باس بکەم.

**ژن:** تۆ هەر نازانی کە من دەمەوێت چی بڵێم؟

**هاینریش:** دە بیڵێ، خێراکە. دەبێت چیت بۆ باس بکەم؟

**ژن:** بۆچی منداڵەکە مرد؟

**هاینریش:** کامە منداڵ؟

**ژن:** (بە پێکەنینێکی پچڕاوەوە) منداڵەکەی من. ئەی هۆۆۆ، کەشیش، تۆ خۆت دوێنێ خستە ژێرخاکەوە، سێ ساڵان بوو و لە برسان مرد.

**هاینریش:** خوشکە، من ماندووم، تۆم بیر ناکەوێتەوە. من ڕووخسار و چاو و ڕوانینی هەموو ژنەکان وەکو یەك دەبینم.

**ژن:** بۆچی مرد؟

**هاینریش:** نازانم

**ژن:** مەگەر تۆ کەشیش نیت؟

**هاینریش:** بۆچی، هەم.

**ژن:** کەوایە ئەگەر تۆ نەتوانی، کێ دەتوانێت بۆم باس بکات؟ (وەستانێك) ئەگەر ئێستا خۆم بکوژم گوناهە؟

**هاینریش:** (بە توندی)، بەڵێ، گوناهێکی مەزن.
**ژن:** منیش هەر وام بیر دەکردەوە، بەڵام نازانی کە چەندە دڵم دەیەوێت بمرم. ئەها دەبینی کە دەبێت بۆم باس بکەیت.

ساتێك بە بێدەنگی رادەبوورێت. هاینریش دەست بەسەر نێوچاوانی دەکێشێت و زەخت لە خۆی دەکات.

**هاینریش:** هیچ شتێك بە بێ ئیزنی خودا ڕوونادات و خودایش باشەی بێگەردە، کەواتە هەر شتێك ڕوودەدات، باشەیە.
**ژن:** تێناگەم.
**هاینریش:** تۆ هەر شتێك بزانی خودا زۆرتر دەزانێت، ئەو شتەی لە چاوی تۆوە خراپەیە، لە چاوی ئەوەوە باشییە، چونکە ئەو ئاخر و ناقیبەتی کاروبارەکان هەڵدەسەنگێنێت.
**ژن:** تۆ خۆت لەمانە تێدەگەی؟
**هاینریش:** نا، نا! من تێناگەم! من هیچ شتێك تێناگەم! نە دەتوانم و نە دەشمەوێت کە تێی بگەم. دەبێت ئیمانمان هەبێت، ئیمان! ئیمان!
**ژن:** (بە ژەهرەبزەیەکەوە) تۆ دەڵێیت دەبێت ئیمانمان هەبێت، بەڵام دیارە کە خۆت باوەڕت نییە بەوەی کە دەیڵێیت.
**هاینریش:** خوشکە، ئەو شتەی کە دەیڵێم لەو سێ مانگەدا ئەوەندەم دووبارە کردووەتەوە کە ئیتر نازانم لە ڕووی عادەتەوەیە دەیڵێم یا لە ڕووی باوەڕەوە، بەڵام هەڵە مەکە، من باوەڕم بەو شتە هەیە کە دەیڵێم. بە هەموو تاقەت و توانامەوە، بە هەموو دڵ و گیانمەوە ئیمانم پێی هەیە.

خودایە، تۆ خۆت شاهیدی کە بۆ چرکەساتێکیش گومان نەکەوتووەتە نێو دڵمەوە. (وەستانێك)، خوشکێ، منداڵەکەی تۆ لە بەهەشتە و ڕۆژێکدێت کە دەیبینی.

**ژن:** بەڵێ، کەشیش. هەڵبەت، بەڵام بەهەشت شوێنی خۆی هەیە و، منیش ئەوەندە ماندووم کە تەنانەت لەوێشدا تاقەتی چێژوەرگرتنم نییە.

**هاینریش:** (چۆك دادەدات)، خوشکە لێم خۆش ببە.

**ژن:** کەشیش گیان، بۆچی لێت خۆش بم؟ خۆ تۆ هیچت لێ نەکردووم؟

**هاینریش:** بمبوورن. لە بوودی منەوە لە هەموو کەشیشەکان خۆش ببە، لە هەموو دەوڵەمەند و هەژارەکانیش.

**ژن:** (بە زمانێکی گاڵتەپێکردنەوە)، لە دڵەوە دەتبەخشم، ڕازی بووی؟

**هاینریش:** بەڵێ، نەخۆ، خوشکێ وەرە پێکەوە دووعا بکەین. لە خودا بپاڕێینەوە کە دووبارە ڕووناکی هیوا لە دڵەکانماندا ڕووناك بکاتەوە.

لە نێوەندی ئەم گوتوبێژەدا، ناستی بە هێواشی لە پلیکانەکانی کۆشک دێتە خودارەوە.

**ژن:** (ناستی دەبینێ، دەست لە دووعا هەڵدەگرێت و بە شادییەوە دەڵێت) ناستی! ناستی!

**ناستی:** چیت لە من دەوێت؟

**ژن:** ئەی نانەوا، مناڵەکەم مرد. ڕەنگە تۆ بزانی بۆ مرد، تۆ کە هەموو شتێك دەزانیت.

**ناستی:** ئەرێ، دەزانم.

**هاینریش:** ناستی.. تکات لێدەکەم، بێدەنگ بە. وای لە حاڵی ئەوانەی شەرمەزاری دروست بکەن.

**ناستی:** منداڵەکەی تۆ مرد، لەبەر ئەوەی پارەدارەکانی شارەکەمان دژی نوسقۆفی مەزن کە ئاغا پارەدارەکەیانە، ڕاپەڕیون. کاتێك پارەدارەکان پێکەوە بە شەڕ دەێن. دەبێت هەژارەکان بکوژرێن.

**ژن:** ئایا خودا ئیزنی ئەوەی پێ دابوون کە شەڕ بکەن؟

**ناستی:** خودا لەم کارە بێ بەری کردبوون.

**ژن:** بەڵام ئەم پیاوە دەڵێت هیچ شتێك بە بێ ئیزنی خودا ڕوونادات!

**ناستی:** هیچ شتێك، جگە لە خراپە نەبێت کە لە دەروونی مرۆڤەکانەوە هەڵدەقووڵێت.

**هاینریش:** نانەوا، درۆ دەکەی، تۆ ڕاست و درۆ تێکەڵ دەکەی تا خەڵکی بە لاڕێدا بەریت.

**ناستی:** ئایا بانگەشەی ئەوە دەکەیت کە خودا ئەم مەرگ و ئازارە بێ سوودانە بە ڕەوا دەزانێت؟ من دەڵێم کە زاتی ئەو لەو هەموو ئەو شتانە بێ ئاگا و بێ بەرییە.

هاینریش بێدەنگ دەبێت.

**ژن:** کەواتە خودا نەیدەویست منداڵەکەی من بمرێت.

**ناستی:** ئەگەر ئەوەی بویستبایە، ئایا دەیخووڵقاند؟

ژن: (بە سووکەبارییەکەوە)، من ئەم قسەیەم زیاتر بە لاوە پەسەندە. (روو لە کەشیش) دەبینی، بەم شێوەیە من باشتر تێدەگەم. کەوایە ئەو کاتەی خودا دەبینێ کە من ئازار دەکێشم، خەم دەخودات؟

ناستی: زۆر خەم دەخودات.

ژن: ...و ناتوانێت کارێکم بۆ بکات؟

ناستی: بۆچی، هەڵبەت کە دەتوانێت. خودا منداڵەکەت بۆ دەگەڕێنێتەوە.

ژن: (دڵشکاوانە)، بەڵێ، دەزانم، لە بەهەشت.

ناستی: نا، هەر لێرە، لەسەر زەوی.

ژن: (بە سەرسوورمانەوە)، لەسەر زەوی؟

ناستی: سەرەتا دەبێت خۆت بدەیت بە دەست چەرمەسەرییەوە و حەوت ساڵان تەحەمولی ئازار و بەدبەختی بکەی تا بەرەکەتی خودا بەسەر زەویدا ببارێت. ئەو کاتە مردووەکان دەگەڕێنەوە بۆ لامان، هەموان یەکتریان خۆش دەوێت و ئیتر کەس بە برسییەتی نامێنێتەوە.

ژن: بۆچی دەبێت حەوت ساڵان سەبر بکەم؟

ناستی: چونکە دەبێت حەوت ساڵان لەگەڵ کەسە خراپەکاندا بە شەڕ بێیت تا لە شەڕیان ڕزگار ببیت.

ژن: کارێکی ئاسان نییە.

ناستی: هەر لەبەر ئەوەیە خودا پێویستی بە یارمەتی تۆ هەیە.

ژن: خودای باڵا و بە توانا پێویستی بەیارمەتی منی لاواز هەیە؟

**ناستی:** بەڵێ، خوشکم. تا حەوت ساڵان ئەهریمەن بەسەر زەویدا زاڵ دەبێت، بەڵام ئەگەر هەر یەك لە ئێمە دلێرانە بجەنگێت، ڕزگارمان دەبێت و خودایش لەگەڵماندا ڕزگاری دەبێت. باوەڕ بە قسەکەم دەکەی؟
**ژن:** (هەڵدەستێتە سەر پێیان)، بەڵێ، ناستی، باوەڕ دەکەم.
**ناستی:** ئەی ژن، کوڕەکەی تۆ لە ئاسمان نییە، لە زگی تۆدایە و تۆ حەوت ساڵان بە زگپڕی دەمێنیتەوە و پاش ئەو حەوت ساڵا" منداڵەکەت دێتە لات و دەست دەخاتە دەستەوە و بۆ جارێکی دیکە دەبیتەوە بە دایکی ئەو.
**ژن:** باوەڕ دەکەم ناستی، باوەڕ دەکەم.

ژن لە دیمەنەکە دەچێتە دەرەوە.

**هاینریش:** تۆ ڕۆحیت سەرگەردان کرد.
**ناستی:** ئەگەر ڕاست دەکەی بۆ قسەکەمت نەبڕی؟
**هاینریش:** چونکە ئەو دەمەی گوێی لە تۆ دەگرت، وا پێدەچوو ئازاری کەمتر دەکێشێت. (ناستی شانەکانی بەرز دەکاتەوە و دەچێتە دەرەوە.) خودایا، دڵم نەهات بێدەنگی بکەم. گوناهم کرد، بەڵام من ئیمانم هەیە. خودایا، من باوەڕم بە توانای باڵای تۆ هەیە. من بە کڵێسەی پیرۆزی تۆ کە دایکمە و جەستەی پیرۆزی عیسایە و من شتێکی زۆر بچووکی بێ کەڵکی ئەوێم، ئیمانم هەیە. ئیمانم بەوە هەیە کە هەر شتێك ڕوویدات لە تۆوەیە، تەنانەت مەرگی ئەم منداڵە و، هەرچی هەیە باشەیە. من باوەڕم بەمانە هەیە، چونکە باتڵە! ناهەقە، پووچە!

تەختەی شانۆکە تەواو ڕووناک دەبێتەوە. خەڵکی شاری وۆرمس لەگەڵ ژنەکانیان بە دەوری کۆشکی نوسقۆفی مەزن کۆبوونەتەوە و چاوەڕوانن.

خەڵکەکە: هەواڵێك نییە؟...
- هیچ هەواڵ نییە؟...
- لێرە چی دەکەن؟...
- چاوەڕوانین...
- چاوەڕوانی چی؟
- هیچ شتێك...
- ئێوەیش بینیتان؟...
- لەلای ڕاست.
- بەڵێ.
- هەیکەلی پیسیان.
- کە پەچە لاکەوت، قوونی ڕەش و سپی بە دەر دەکەوێت.
- خۆ کوڵان بۆ پیاو نایێتە ماڵ.
- دەبێت ئەم شەڕە تەواو بکرێت، دەبێت زوو تەواو بکرێت، دەنا خراپمان بەسەر دێت.
- من دەمەوێت نوسقۆف ببینم، دەمەوێت چاوم بە نوسقۆف بکەوێت.
- ڕووی خۆی نیشان نادات، تووڕە بووە...
- کێ؟... کێ؟...

. ئوسقۆف...

. لەو کاتەوەی کە دەرگایان بە ڕوویدا داخستووە، هەندێك جار دێتە پشت پەنجەرەکە و پەردەکە لادەدات و سەیر دەکات.

. تووڕە بووە.

. دەتانەوێت چیتان پێ بڵێت؟

. ڕەنگە هەواڵێکی پێ بێت!

(چپە چپی خەڵکی)

دەنگە دەنگێکی وەکو: ئوسقۆف! ئوسقۆف! خۆت نیشان بدە.

لەنێو ئاپۆرەی خەڵکەکەوە: مۆچیاریمان بکە.

. چارەنووسمان چی لێدێت؟

. کاتی قیامەتە.

پیاوێك لەنێو ئاپۆرەی خەڵکەدا دێتە دەرەوە، دەپەڕێتە سەر سەکۆی ماڵەکەی ئۆسقۆف و پاڵ بە دیوارەکەوە دەدات. هاینریش لێی دوور دەکەوێتەوە و دەچێتە نێو خەڵکەکەوە.

پێغەمبەر: دونیا ژێرە و ژوور بووە.

لاشەکانمان بوکتین..

بوکتین، بوکتین: خودا لێرەیە.

ترس و تۆقین کەوتە نێو خەڵکەوە.

**پیاوێك:** هەی! هەی! هێور ببنەوە. مەترسن، ئەمە پێغەمبەرە.
**خەڵکی:** دووبارە یەکێکی دیکە؟ بەسمانە! دەست لە سەرمان هەڵگرە، لە هەر کونێکەوە پێغەمبەرێك دێتە دەرەوە. ئەوەندە بەس نەبوو کە دەرگامان بە ڕووی کەشیشەکان پێوەدا؟
**پێغەمبەر:** زەوی بۆنی نەفرەتی لێ دیت،
خۆر سکاڵای خۆی گەیاندووەتە لای خودا:
خودایا، دەمەوێت بکوژێمەوە.
لەم هەموو گەندەڵییەدا گیانەڵڵامە بوومە.
هەرچەندی گەرمتری دەکەم، بۆگەنی زیاتر دەبێت.
نووکی تیشکەکانم ئالوودە و پیس بوونە.
**خۆر دەڵێت:** وای لە حاڵی نێمە!
پەلکە جوانەکەی من بە (گوو)وەوە تێوەگلاوە.
**پیاو:** (لێی دەدات)، بێدەنگ بە!

پێغەمبەر دەکەوێتە سەر زەوی. بە توندی پەنجەرەی ماڵەکەی ئوسقۆف دەکرێتەوە. ئوسقۆف بە پۆشاکی تەواو فەرمییەوە دێتە نێو دالانەکەوە.

**ئاپوورەی خەڵکەکە:** ئوسقۆف، ئوسقۆف!

**ئوسقۆف:** کوا سووپاکەی کێنراد؟ کوا سوار و سەرکێشەکان؟ کوا ئەو لەشکرەی فریشتەکان کە دەیویست دوژمن تار و مار بکات؟ ئێوە بە تەنیا ماونەتەوە، بێ پەنا و بێ یار و بێ هیوا، و نەفرەتی خودا بۆ ئێوەیە. هۆی خەڵکی وڕەمس، وەڵام بدەنەوە. ئەگەر خودا حەزی لەوەیە کە ئیماندارەکانی دەستبەسەر بکەن، ئیتر بۆچی ڕووی لە ئێوە وەرگێڕاوە؟ (ناڵە و گریانی ئاپوورەی خەڵکەکە.)

وەڵام بدەنەوە!

**هاینریش:** دڵیان مەشکێنن.

**ئوسقۆف:** ئەوە کێیە قسە دەکات؟

**هاینریش:** منم، هاینریش، پێشنوێژی (سێنت گیلهاف).

**ئوسقۆف:** زمانت بگەزە، کەشیشی هەڵگەڕاوە. ئایا بوێری ئەوەت هەیە سەیری ڕووخساری ئۆسقۆف بکەی؟

**هاینریش:** گەورەم، ئەگەر ئەمانە سووکایەتییان پێ کردوویت، لێیان ببوورە، هەر وەك چۆن من لە جنێوەکانی ئێوە خۆش دەبم.

**ئوسقۆف:** یەهوودا! یەهوودای ئیسخەریووتی! بڕۆ خۆت لە قەنارە بدە!

**هاینریش:** من یەهوودا نیم.

**ئوسقۆف:** کەوایە لە نێو ئەوانەدا چی دەکەی؟ بۆچی پشتیوانییان لێ دەکەی؟ بۆچی لەگەڵ ئێمە لە زینداندا نیت؟

**هاینریش:** منیان بە ئازادی هێشتووەتەوە، چونکە دەزانن خۆشم دەوێن و، ئەگەریش بە پێی خۆم نەهاتمە لای کەشیشەکانی دیکە، بۆ ئەو بوو کە لەم شارە سەرلێشێواوەدا، کەشیش نەبوو بۆ نوێژ و دووعا و دانپیانان و لەدایکبوون و هاوسەری و مەرگ. ئەگەر من نەبام، کڵێسە نەدەبوو و

شاریش بەبێ بەرگریکردن دەبووە قووربانی کفر و خودانەناسی و خەڵکی وەکو سەگ دەمردن... گەورەم، دڵیان مەشکێنن!

**نوسقۆف:** کێ نانی بە تۆ داوە؟ کێ تۆی گەورە کردووە؟ کێ تۆی فێری خوێندنەوە کردووە؟ کێ زانینی فێر کردووی؟ کێ تۆی کردووەتە کەشیش؟

**هاینریش:** دایکە دلۆڤان و پیرۆزەکەم، کڵێسە.

**نوسقۆف:** تۆ هەر شتێکت هەیە، لەوەویە. سەرەتا پەیوەستی بە کڵێسەوە.

**هاینریش:** ڕاستە کە من سەرەتا بە کڵێسەوە پەیوەستم، بەڵام کڵێسەیش پێم دەڵێت کە من برای ئەوانەم.

**نوسقۆف:** (بە دەنگی بەرزەوە)، سەرەتا کڵێسە.

**هاینریش:** بەڵێ، بەڵام کڵێسە، بەڵام...

**نوسقۆف:** من دەمەوێت لەگەڵ ئەو خەڵکە قسە بکەم. ئەگەر پێداگری لەسەر هەڵەکەی خۆیان بکەنەوە و درێژە بە یاخیگەری بدەن، فەرمانت پێ دەکەم بچیتە بەرەی باوەڕدارانی کڵێسەوە کە برا ڕاستەقینەکانی تۆن و خۆت لە خەڵوەتگە یا قوتابخانە زیندانی بکەی. ئایا بە فەرمانی نوسقۆف دەکەی؟

پیاوێک لەنێو ئاپوورەی خەڵکەکەوە: هاینریش، لە لامان مەڕۆ، تۆ کەشیشی هەژارانی، تۆ هی ئێمەی.

**هاینریش:** (بە دۆشداماوی، بەڵام بە دەنگێکی بەرزەوە)، من سەرەتا هی کڵێسەم: گەورەم، من فەرمانبەرداری ئێوەم.

**نوسقۆف:** ئەی خەڵکی وۆرمس، بنۆڕن، سەیری شارە سپی و قەرەباڵغەکەی وۆرمس بکەن، بۆ دواجار سەیری بکەن. بە زوویی ئەم

شاره، دەبێتە گۆڕستانی نەبوونی و تاعوون و دواجار دەوڵەمەند و هەژارەکان یەکتری کوشتوبڕ دەکەن. کاتێك کە سەربازەکانی (گۆتێز) بێنە نێو ئەم شارەوە، جگە لە وێرانی و مردن، شتی دیکە نادۆزنەوە. (وەستانێك)، من دەتوانم فریادڕەستان بم، بەڵام دەبێت سەرەتا دڵی من وەدەست بێنن.

**دەنگی ئاپۆرەی خەڵکەکە:** گەورەمان، فریامان بکەوە، فریامان بکەوە!

**نوسقۆف:** چۆك دادەن، ئەی خەڵکی خۆخوداز. داوای چاوپۆشی لە خودا بکەن! (بازرگان و کاسبکار و دەرەبەگی شار، دەستە دەستە چۆکیان دادا، بەڵام خەڵکی عەوام و سادە لە شوێنی خۆیان بە وەستاوی مانەوە). هاینریش! چۆك دانادەی؟ (هاینریش چۆك دادەدات). خودایا، لە بێ ڕێزییەکانمان خۆش بە و تووڕەیی نوسقۆفی مەزن دامرکێنەرەوە. دووبارەی بکەنەوە...

**خەڵکەکە:** خودایا، لە بێ ڕێزییەکانمان خۆش بە و تووڕەیی نوسقۆفی مەزن بنیشێنەوە.

**نوسقۆف:** ئامین. هەڵسنەوە. (وەستانێك)، سەرەتا کەشیشەکان ئازاد بکەن و دەروازەکانی شار بکەنەوە، دواتر لە گۆڕەپانی کڵێسە چۆك دادەن و لە کاتی تۆبە و پاڕانەوەدا، چاوەڕێ بن. لەم ماوەیە، ئێمە ڕۆحانییەکان پێکەوە دەچینە لای (گۆتێز) و لێی دەپاڕێینەوە تا بتانپارێزێت.

**پیاوێك:** ئەی ئەگەر نەیویست بە قسەتان بکات...

**نوسقۆف:** لە بەرزتر لە گۆتێز، پلەی نوسقۆفی مەزن هەیە. ئەو باوکی هەموومانە و دادپەروەرییەکەی، وەکو دادپەروەری باوکە لە ئاست کوڕەکەیدا.

کەمێك پێش لەوە، ناستی لە ڕێڕەوەکە و لە سەرەوەی قەڵا بەدیار دەکەوێت. بە بێدەنگی گوێ لە قسەکانی نوسقۆف دەگرێت، دواتر بۆ بیستنی دواهەمین قسە، دوو قادرمە لە پلیکانەکانەوە دێتە خوارەوە.

**ناستی:** گۆتێز بە فەرمانی نوسقۆفی مەزن نییە، بە فەرمانی ئەهریمەنە. سەرەتا لەگەڵ براکەی کێنراد پەیمانی بەست و دواتر خیانەتی لێکرد. ئەگەر ئەوڕۆ پەیمانی پاراستنتان بداتێ، ئایا هێندە گەمژەن کە باوەڕ بە پەیمانەکەی بکەن؟

**نوسقۆف:** هۆی، ئەوەی کە تۆ لەو سەرەوە وەستاویت، هەرکەسێك هەیت، فەرمانت پێ دەکەم...

**ناستی:** تۆ کێیت تا فەرمان بە من بکەی؟ ..و ئێوە چ پێویستتان بە گوێگرتنی قسەکانی ئەو هەیە؟ کەس مافی ئەوەی نییە فەرمان بە ئێوە بکات، مەگەر ئەو بەرپرسانەی کە خۆتان هەڵتان بژاردوون.

**نوسقۆف:** ..و کێ تۆی هەڵبژاردووە، ئەگبەت؟

**ناستی:** هەژارەکان منیان هەڵبژاردووە. (ڕوو لە خەڵکی)، سەربازەکان ملکەچی بڕیارەکانی ئێمەن. من پاسەوانم لە پێش دەرگا داناوە. هەر کەسێك بیەوێت دەرگاکە بکاتەوە، سزاکەی مەرگە.

**نوسقۆف:** وابکە، ئەگبەت، ئەمانە سەرخۆر بکە! تەنیا ڕێگەیەك بۆ ڕزگاربوونیان ماوەتەوە کە تۆ ئەویشت لێ سەندن.

**ناستی:** (ڕوو لە خەڵکەکە)، ئەگەر دەرگاکانی هیوا بەسترابان، ئەوا من یەکەم کەس دەبووم کە پێشنیاری ئەوەم دەکرد خۆ بدەن بە دەست

دوژمنەوە، بەڵام کێ هەیە کە بانگەشەی ئەوە دەکات خودا ڕووی لە ئێمە وەرگێڕاوە؟ هەندێك ویستیان لە بارەی فریشتەکانەوە گومانتان لا دروست بکەن. براینە، فریشتەکان لێرەن! ئا، سەرتان بەرز مەکەنەوە، ئاسمان بەتاڵە. فریشتەکان لەسەر زەوی سەرقاڵن. کەوتوونەتە زگ هێزی دوژمنەوە.

**بازرگانێك:** چ فریشتەیەك؟

**ناستی:** فریشتەی کۆلێرا و فریشتەی تاعوون. فریشتەی نەبوونی و فریشتەی دووبەرەکی. بوەستن و پیاوانە بجەنگن، شارەکەمان دەستی بەسەردا ناگیردرێت و خودا لەگەڵمانە. گەمارۆکە شکست دەهێنێت.

**ئوسقۆف:** ئەی خەڵکی وۆرمس، ئەوانەی گوێ لە قسەکانی ئەم کافرە بگرن، دەرەنجامی کارەکەیان دۆزەخە. من بەو پشکە سوێند دەخۆم کە لە بەهەشتدا هەمە،...

**ناستی:** زۆر لەمێژە خودا پشکەکەی بەهەشتتی بەخشیوە بە سەگەکان.

**ئوسقۆف:** و هەڵبەت پشکی تۆی بە گەرمی هێشتووەتەوە تا بڕۆی وەری بگری! و ئێستا زۆر خوشحاڵە کە تۆ سووکایەتی بە نوێنەرەکەی دەکەیت؟!

**ناستی:** کێ تۆی کردووەتە نوێنەری خودا؟

**ئوسقۆف:** کڵێسەی پیرۆز.

**ناستی:** کڵێسەی تۆ ژنی هەموو شوێنێکە، دلۆڤانییەکەی بە دەوڵەمەندەکان دەفرۆشێت. ئەوە تۆیت کە دەتەوێت گوێ لە دانپیانانەکانی من بگریت؟ تۆیت کە دەتەوێت وام لێ بکەی بپاڕانەوە بکەم؟ ڕۆحی تۆ گڕی گرتووە. کاتێك کە خودا چاوی پێ دەکەوێت، ددان دەکەوێتە قرچە

قرچ. برایان، پێویست بە کەشیش ناکات، هەموو خەڵکی، خۆیان دەتوانن بە ناو خۆیان پاك بکەنەوە، هەموو خەڵکی دەتوانن داوای بەخشین بکەن، هەموو خەڵکی دەتوانن مۆچیاری بکەن. من ڕاستیتان پێ دەڵێم، یا هەموو خەڵکی پێغەمبەرن، یا خودایەك لە گۆڕێدا نییە.

**نوسقۆف:** هۆ! هۆ! کافر! کافر!

تووڕەگەی خێرەکە لە ڕووخساری دەگرێت.

**ناستی:** (دەرگای کۆشکەکە نیشان دەدات)، خەڵکینە، ئەم دەرگایە ڕزیوە، بە لاشانێك تێك دەشکێت. (بێدەنگی)، برایان تا کەی سەبر و دانبەخۆداگرتن! (بێدەنگی، ڕوو لە خەڵکی گشتی)، هەمووان دەستیان داوەتە دەستی یەکتری، هەر لە نوسقۆف و ئەنجوومەنی شار و پارەدارانەکانەوە، و گەرەکیانە شار بدەنە دەست دوژمن، چونکە لە ئێوە دەترسن، و ئەگەر شارەکە بدەن بە دەستەوە، دەزانن کێ تاوانەکەی دەداتەوە؟ ئێوە! هەموو بەڵاکان بەسەرتاندا دەبارێن. برایان، دەبێ بکوژن تا شیاوی بەهەشت بن.

خەڵکە عەوامەکە دەنەڕێنن.

**دەوڵەمەندێك:** (ڕوو لە ژنەکەی)، وەرە بڕۆین، ئێرە شوێنی ئێمە نییە.

**دەوڵەمەندێکی دیکە:** (ڕوو لە کووڕەکەی)، خێراکە، دەبێت دەرگای دووکانەکە دابکێشینە خوارەوە و لەنێو ماڵەوە سەنگەر بگرین.

**نوسقۆف:** خودایا، تۆ خۆت شاهیدی، ئەوەندەی لە توانامدا هەبود خەڵکیم بە ڕێی ڕاستدا ڕێنوێنی کرد. سەرم لەبەر دەرگای بارەگای

پیرۆزتـدا دادەنوێنم و بێ حەسرەت و بێ ویستی ئەم دنیایە دەڕۆم، چونکە ئێستا دەزانم کە ئاگری تووڕەییت بەسەر ئەم شارەدا دەبارێنیت و دەیکەیتە خۆڵەمێش.

**ناستی:** ئەم پیرە کەمتیارە زیندوو زیندوو دەتانوجووێت. چۆنە کە دەنگی هێندە بەهێز و گەورەیە؟ لەبەر ئەوەیە ڕەنگە بە باشی بخودات. بڕۆن و خەزێنەی ماڵەکەی بپشکنن تا ببین چەندە خەلە و دانەوێڵەی تێدایە کە بەشی شەش مانگی نەهەنگێك دەكات.

**ئوسقۆف:** (بە دەنگی بەرز)، درۆ دەکەی، خەزێنەی ماڵەکەم خاڵییە و تۆیش دەزانیت.

**ناستی:** بڕۆن سەیری بکەن، برایان، بڕۆن ببینن. ئایا بەبێ هۆ باوەڕ بە قسەکەی دەکەن؟

**(بازرگان و کاسبکار و دەوڵەمەندەکانی شار بە خێرایی دوور دەکەونەوە. تەنیا عەوام و هەژارەکان و ناستی لەسەر سەکۆ دەمێننەوە.)**

**هاینریش:** (دەچێتە نێزیك ناستییەوە)، ناستی!

**ناستی:** تۆ چی دەڵەی؟

**هاینریش:** تۆ کە دەزانی خەزێنەکەی خاڵییە، خۆ تۆ دەزانی ئوسقۆف نانی بخۆ و مەمرە دەخودات و بەشەکەی خۆی دەداتە هەژاران.

**ناستی:** ئایا تۆ لەگەڵ ئێمەی یا دژی ئێمەی؟

**هاینریش:** تا ئەو دەمەی ئازار دەکێشن لەگەڵ ئێوەدام و تا ئەو دەمەی خوێنی کڵێسە بڕێژن، دژی ئێوەم.

**ناستی:** تا دەمانکوژن لەگەڵماندای و تا ئەو کاتەی کە بەرگریی لە خۆمان دەکەین، دژمانی.

**هاینریش:** ناستی، من پەیوەستم بە کڵێسەوە.

ناستی: (روو لە خەڵکی)، دەرگاکە بشکێنن!

خەڵکی هێرش دەکەن. ئوسقۆف وەستاوە و بە بێدەنگی دووعا دەکات.

**هاینریش:** (خۆی دەخاتە بەردەم دەرگاکە)، سەرتا دەبێت من بکوژن...

**پیاوێك لە خەڵکەکە:** تۆ بکوژین؟ چ پێویست دەکات؟

لە هاینریش دەدەن و دەکەوێتە سەر زەوییەکە...

**هاینریش:** لە من دەدەن! من ئێوەم لە گیانی خۆم خۆشتر ویستووە و ئێوە لە منتان دا! (هەڵدەستێتەوە و دەچێت بەرەو لای ناستی)، ئوسقۆف مەکوژە، ناستی، ئوسقۆفی مەکوژە! ئەگەر دەتەوێت من بکوژە، بەڵام ئوسقۆفی مەزن مەکوژە.

ناستی: بۆچی نەیکوژین؟ پاوانکارە؟

**هاینریش:** خۆت دەزانی کە وا نییە. خۆت دەزانی.. ئەگەر دەتەوێت براکانت لە زوڵم و زۆری ڕزگار بکەی، بۆ درۆیان لەگەڵ دەکەی؟

**ناستی:** من هیچ کات درۆ ناکەم.

**هاینریش:** تۆ درۆ دەکەی، دەنکە دانەوێڵەیەکیش لە خەزێنەکانیدا نییە.

**ناستی:** کەی ئەمە گرینگە! لە بەرامبەردا لە نێو کڵێسەکانیدا زێڕ و زیو هەیە. هەموو ئەو کەسانەی کە لەبەردەم پەیکەرە مەڕمەڕییەکانی عیسا و پەیکەرە عاجییەکانی مەریەمدا لە برسان مردوونە، من دەڵێم کە بە دەستی ئوسقۆف کوژراون.

**هاینریش:** تۆ لە هەڵەدای ئەگەر باسی بکەی. ڕەنگە درۆ نەکەی، بەڵام حەقیقەتیش ناڵێیت.

**ناستی:** حەقیقەتی من و تۆ وەك یەك نییە، من حەقیقەتی خۆم دەڵێم و ئەگەر خودا هەژارەکانی خۆش بوێت لە ڕۆژی پاداشت و سزادا ئەوا حەقیقەتی ئێمە حەقیقەتی ئەو دەبێت.

**هاینریش:** زۆر باشە، ڕێگە بدە خۆی سزای ئوسقۆف بدات، بەڵام خوێنی کڵێسە مەڕێژە.

**ناستی:** من تەنیا کڵێسەیەك دەناسم و ئەویش کۆبوونەوەی خەڵکییە.

**هاینریش:** کۆبوونەوەی هەموو خەڵکی، هەموو ئەو مەسیحییانەی کە بە عەشق و دلۆڤانییەوە پەیوەستن بە یەکترەوە، بەڵام نەك ئەو کۆبوونەوەیەی کە لەسەر بنەمای کوشت و کوشتار بەندە.

**ناستی:** بۆ عەشق و دلۆڤانی هێشتا زووە، ئێمە بە خوێنڕشتن وەدەستی دەهێنین.

**هاینریش:** خودا ئێمەی لە کوشتنی خۆ و نەفس یاساغ کردووە. خودا ڕەقی لە توندوتیژییە.

**ناستی:** ئەی لەبارەی دۆزەخەوە چی دەڵێیت؟ وادەزانی لەوێ لەگەڵ گوناهکاران نەرمی دەنوێنرێت؟

هاینریش: خودا دەفەرمێت، هەر کەس شمشێر بکێشێت...

ناستی: بە شمشێر دەکوژرێت... زۆر باشە، ئێمەیش بە شمشێر دەکوژرێین. هەموومان... بەڵام منداڵەکانمان حوکومەتی حەق بەسەر زەوییەوە دەبینن. دەی ئەمەیش بەسە، بڕۆ. تۆیش لەوانی دی زیاتر نیت.

هاینریش: ناستی! ناستی! بۆچی منت خۆش ناوێت؟ مەگەر من لە ناستی تۆدا چ گوناهێکم کردووە؟

ناستی: گوناهی تۆ ئەوەیە کەشیشی و کەشیشیش هەر شتێك بکات، دواجار هەر کەشیشە.

هاینریش: من لە ئێوەم، خۆم هەژار و باوکێشم هەژار بووە.

ناستی: دە کەوایە بیسەلمێنە تۆ خائینی. ئەوەندە و بەس.

هاینریش: (بە هاوارکردنەوە) دەرگاکەیان شکاند!

دەرگاکە دەشکێنرێت و خەڵکی هێرش دەکەنە نێو کۆشکەوە، هاینریش دەکەوێتە سەر ئەژنۆ.

هاینریش: بارالها، ئەگەر هێشتا ڕەحم و خۆشەویستیت بۆ بەندەکانت هەیە، ئەگەر هەموویان بێزار و تووڕدراوی بەردەم بارەگای تۆ نین، لەم تاوانە خۆش مەبە.

نوسقۆف: هاینریش، من پێویستم بە دووعا و پاڕانەوەی تۆ نییە. من هەموو ئێوە دەبەخشم کە نازانن چی دەکەن، بەڵام تۆ، ئەی کەشیشی لادەر، بە نەفرەتت دەکەم.

هاینریش: ها!

نوسقۆف: هەللوویا! هەللوویا! هەللویا!

خەڵکی بە شمشێر لێی دەدەن. نوسقۆف دەکەوێتە سەر زەوی.

ناستی: (روو لە نیسمیت) دەی، با ئێستا کەشیشەکان بڕۆن و شار بە دەستەوە بدەن سەیر بکەم!
پیاوێك لە خەڵکە سادەکە: (لە دەرگای کۆشکەکە دێتە دەرەوە)، لەنێو خەزێنەکەدا دانەوێڵە نییە.
ناستی: کەوایە لە پەرستگەدا شاردوویانەتەوە.
پیاو: (بە هاوارکردنەوە)، با بچینە پەرستگە! با بچینە پەرستگە!

پیاوەکان بە ڕاکەڕاك لە سەر سەکۆ دەچنە دەرەوە.

ئاپوورەی خەڵکەکە: بچینە پەرستگە! بچینە پەرستگە!
ناستی: ئەو شەو هەوڵی ئەوە دەدەم لە هێڵی بەرەی دوژمن تێپەڕم.

ئەو دووە لەسەر سەکۆکە دەچنە دەرەوە. هاینریش لەسەر زەوییەکە بەرز دەبێتەوە، سەیری چواردەوری خۆی دەکات. تەنیا ئەو و پێغەمبەر لە گۆڕەپانەکە ماونەتەوە. چاوی بە نوسقۆف دەکەوێت کە بە چاوە دەرپۆقیوەکانی سەیری ئەو دەکات.

هاینریش: (دەڕوات تا بچێتە نێو کۆشکەوە، ئوسقۆف دەستی بەرز دەکاتەوە تا بەرەو دواوەی پاڵ پێوە نێت)، من ناچمە ژوورەوە. دەستت ببەرە خودارەوە، بیبە خودارەوە. ئەگەر هێشتا نەمردووی، لێخۆش بە. ڕق و کینە قوورسە و هی زەوییە. لەسەر زەوییەکە بە جێی بهێڵە و بە بە سووکی بمرە. (ئوسقۆف هەوڵ دەدات قسە بکات) چی؟ (ئوسقۆف پێدەکەنێت)، من خائینم؟ ڕاستە، هەڵبەتە. بەڵام دەزانی؟ ئەوانیش بە خائینم دەزانن. نەۆ بلێ بزانم: من چیم کردووە کە دەتوانم لە یەك کاتدا خیانەت لە هەمووان بکەم؟ (ئوسقۆف هەروا پێدەکەنێت)، بۆچی پێدەکەنی؟ یالا بزانم. (بێدەنگییەك)، ئەوان لێیان دەدام، بەڵام من خۆشیانم دەویست! چەندەیش خۆشم دەویستن. (بێدەنگییەك)، خۆشم دەویستن، بەڵام درۆم لەگەڵ دەکردن. بە بێدەنگییەکەم درۆم لەگەڵ دەکردن. من بێدەنگ دەبووم! بێدەنگ دەبووم! دەمم دەبەست، ددانەکانم بەسەر یەکەوە دەگوشی، ئەوان وەکو مێش و کلۆ دەمردن و من بێدەنگ دەبووم. ئەو دەمەی ئەوان پێویستیان بە نان بوو، من خاچم بۆ دەبردن. وادەزانی خاچ خوداردەمەنییە!؟ یالا، دەستت ببەرە خودارەوە، ئێمە هەردووکمان شەریکە تاوانین. من ویستم لە بەدبەختی و هەژارییاندا هاوبەش بم، لە سەرما و برسیەتییاندا ئازار بکێشم، بەڵام نەمتوانی پێش بە مردنیان بگرم. ئەها، ئەمەیش جۆرە خیانەتێکی دیکەیە، من پێم قبووڵ دەکردن کە کلێسە هەژارە. ئێستا خوێنیان وەجۆش هاتووە و دەستیان کردووە بە کوشت و بڕ. خودا لە خۆیان تووڕە و دوور دەخەنەوە. تەنیا دۆزەخیان بە نەسیب دەبێت، سەرەتا لەم دنیایە و سبەینێش لەوێ دنیا. (ئوسقۆف چەند وشەیەکی نەزانراو دەهێنێتە سەر زمان)، دەتەوێت

مـن چی بکـەم؟ دەتـوانم چ بکـەم؟ چۆن دەتـوانم پێشیان پـێ بگـرم؟ (دەچێتە کونجی سەکۆکە و سەیری کۆڵانەکە دەکات)، گۆڕەپانەکە پڕ لە خەڵکە، بە کورسی هێرشیان کردووەتە سەر دەرگای خەڵوەتنشینەکە. دەرگاکە بەهێزە، تا سەر لە بەیانی ناشکێت. هیچ کارێك لە دەست من نایەت. هیچ، هیچ! یالاّ بڕۆ، دەمت داخە و نابڕوومەندانە بمرە! (کلیلێك لە دەستی نوسقۆف دەکەوێتە خوارەوە)، ئەو کلیلە چییە؟ کامە دەرگا دەکاتـەوە؟ یـەکێـك لـە دەرگاکـانی کۆشکەکـەت؟ وا نییـە؟ یـەکێـك لـە دەرگاکـانی کلێسە؟ وایـە؟ دەرگـای خـەزێنـەکـە؟ وانییـە؟... دەرگـای ژێرزەوینـەکـە؟ بـەڵێ؟.. ئـەمـە کلیلی دەرگـای ژێر زەوینـەکـەیـە؟ ئـەو دەرگایەی کە هەموو کات قفڵە؟ دەی..؟

**نوسقۆف:** تونەیل..

**هاینریش:** تونـەیلـەکـە سـەر لـە کوێ وەدەر دێنێت؟... نـا مـەڵێ! خۆزیا بمری و دەم نەکەیتەوە.

**نوسقۆف:** لە دەرەوەی شار

**هاینریش:** من ئەم کلیلە هەڵناگرمەوە. (بێدەنگی)، تونێلێك لە ژێرزەوی کلێسە دەچێتـە دەرەوەی شار. تـۆ دەتـەوێت بچم بـۆ لای گـۆتێز و لـە ڕێگەی تونێلەکەوە بیهێنمە نێو وۆرمسەوە؟ بە هیوای من مەبە.

**نوسقۆف:** دووسەد کەشیش، ژیانی ئەوان بە دەستی تۆیە.

(بێدەنگی)

**هاینریش:** ئەهاااا، کەوایە هەر لەبەر ئەمە بوو پێدەکەنیت. گاڵتەجاڕییەکی باشە! سوپاس، نوسقۆف گیان، سوپاست دەکەم. یا هەزارەکان کەشیشەکان دەکوژن یا گۆتێز هەزارەکان. یا دووسەد کەشیش یا بیست هەزار هەژار. ئای لەو کارەی کە داوتە دەستی من! بیست هەزار کەسەکە زۆر لە دووسەد کەسەکە زیاترن، مەگەر وا نییە. قسە لەسەر ئەوە نییە کەشیشێك بەهای چەند کەسی سادەیە. بڕیارەکەی لە دەستی منە، هەر چۆنێکیش بێت من پەیوەستم بە کڵێسەوە. ئەو کلیلە هەڵناگرمەوە. کەشیشەکان یەکسەر دەچنە بەهەشتەوە (نوسقۆف گیان دەدات)... مەگەر ئەوەی کە وەکو تۆ بە دڵێکی پڕ لە کینە و ڕقەوە بمرن. دەی ئێستا خەیاڵت ئاسوودە بوو، ماڵئاوا. خودایا، لە گوناهی خۆش ببە، هەروەك چۆن من لە گوناهی خۆش دەبم. من ئەم کلیلە هەڵناگرم، هەر ئەوەیە کە گوتم، نا! نا! نا!

کلیلەکە هەڵدەگرێت.

**پێغەمبەر:** (کە هەستاوەتە سەر پێ.)
خودایا حوکم حوکمی تۆیە..
دونیا ژێر و ژوور بووە!
حوکم حوکمی تۆیە!

**هاینریش:** خودایا، تۆ نەفرەتت لە قابیل و منداڵەکانی قابیل کرد: حوکم حوکمی تۆ بێت. بە ڕەوات زانی دڵی مرۆڤەکان بڕزێت و خوداستیان

بۆگەنی بێت و ڕەفتاریان گەندەڵ و پیس بێت: هەر حوکم حوکمی تۆ بێت. خودایا، تۆ ئیرادەی ئەوەت کرد تا لە سەر زەوی چارەنووسی من خیانەتکردن بێت، حوکم حوکمی تۆ بێت، حوکم حوکمی تۆ بێت، حوکم حوکمی تۆ بێت!

دەچێتە دەرەوە

پێغەمبەر: لاشەکانمان بوکتین.
بوکتینەوە، بوکتینەوە، خودا لێرەیە!

ڕووناکی دیمەنەکە کەم دەبێتەوە.

# پەردەی دووەم

دەوروبەری ئۆردووگای گۆتێز

شەوە. لە بنەبانی سەکۆکە، دیمەنی دووری شار بەرچاو دەکەوێت.

ئەفسەرێك بەدەر دەکەوێت و سەیری شار دەکات، هەر لەو کاتەدا ئەفسەرێکی دیکەیش بە دوای ئەو دێتە ژوورەوە.

دانیشتنی دووەم

ئەفسەرەکان، هێرمان

**ئەفسەری دووەم:** چی دەکەی؟

**ئەفسەری یەکەم:** سەیری شار دەکەم کە لە پڕێکدا باڵی دەرنەهێنا و بفڕێ.

**ئەفسەری دووەم:** مەترسە، نافڕێت. ئەو بەختەوەرییە بە نەسیبی ئێمە نابێت. (لە ناکاو دەگەڕێتە دواوە)، چ باسە؟

دوو پیاو تێدەپەڕن. بە خێرایی چەرپایەك دەبەن کە هەیکەلی کەسێکی سەرتاپا مەلافەپێچی لەسەر دەبینرێت. هەردوو بێدەنگن. ئەفسەری یەکەم بەرەو لای چەرپاکە دەچێت، گۆشەیەکی مەلافەکە هەڵدەداتەوە و دواتر بە خێرایی بەری دەدات.

ئەفسەری یەکەم: بیخەرە نێو ڕووبارەوە! خێراکە!
ئەفسەری دووەم: مەگەر...؟
ئەفسەری یەکەم: ڕەش.

ساتێك بە بێدەگی تێدەپەڕێت. دوو سستەر وەڕێ دەکەون. نەخۆشەکە دەناڵێنێت.

ئەفسەری یەکەم: سەبر بکەن.

سستەرەکان دەوەستن.

ئەفسەری یەکەم: مەگەر چییە؟
ئەفسەری دووەم: زیندووە.
ئەفسەری یەکەم: ئەو قسانەم دەگوێدا ناچن. بیخەنە نێو ڕووبارەکەوە!
ئەفسەری دووەم: (روو لە سستەرەکان)، هی کام یەکەی سووپایە!
پەرسدار: خاچی شین.
ئەفسەری دووەم: چەند سەیرە! ئەوە یەکەی منە، بگەڕێنەوە!
ئەفسەری یەکەم: شێت بووی؟ بیخەرە نێو ڕووبارەوە!
ئەفسەری دووەم: من ناهێڵم پیاوەکانم وەکو تووڵە سەگ نەغرۆ بکەن.

ئەفسەرەکان لە ڕووخساری یەکتری دەنۆڕن. سستەرەکان بە نیگایەکی گاڵتەجاڕیانەوە سەیری یەکتری دەکەن. چەرپاکە لەسەر زەوی دادەنێن و چاوەڕێ دەمێننەوە.

**ئەفسەری یەکەم:** ئەگەر بە زیندوویی یا مردوویی بیهێڵینەوە ئەوا هەموو سەربازەکانی سوپا تووشی کۆلێرا دەبن.
**ئەفسەری سێیەم:** (دێتە ژوورەوە)، و ئەگەریش کۆلێرا نەگرن، ئەوا تووشی ترس و تۆقین دەبن. زوو، بیخەرە نێو ڕووبارەکەوە!
**سستەر:** ئاه و ناڵەی دێت.

ساتێك بە بێدەنگی تێدەپەڕێت. ئەفسەری دووەم بە ڕووترشاوییەکەوە بەرەو لای سستەرەکان دەچێت. بە تووڕەییەوە شمشێرەکەی رادەکێشێت و شمشێرێك لە پیاوە نەخۆشەکە دەدات.

**ئەفسەری دووەم:** ئیتر ئاه و ناڵەی نایەت. بڕۆن (سستەرەکان دەچنە دەرەوە)، سێ دانە. لە دوێنێوە تا ئەوڕۆ ئەمە سێیەم کەسە.
**هێرمان:** (دێتە ژوورەوە) چوارەم دانە. هەر ئێستا یەکێکی دیکەیش لە نێوەڕاستی نۆردووگا کەوتە سەر زەوی.
**ئەفسەری دووەم:** سەربازەکان دیتیان؟
**هێرمان:** دەڵێم، نێوەڕاستی نۆردووگا.
**ئەفسەری سێیەم:** ئەگەر من فەرماندە دەبووم، بڕیارم دەدا کە هەر ئەو شەو واز لە گەمارۆکە بێنین.

**هێرمان:** بەڵێ، بەڵام تۆ فەرماندە نیت.
**ئەفسەری یەکەم:** دەی، دەبێت قسەی لەگەڵ بکرێت.
**هێرمان:** کێ بوێری ئەوەی هەیە قسەی لەگەڵدا بکات؟ (بێدەنگی، سەیری ئەوان دەکات)، ئێوە دەسەڵاتێکتان نییە، هەر شتێك ئەو بیڵێت، جێبەجێی دەکەن.
**ئەفسەری دووەم:** کەوایە کارمان تەواوە. ئەگەر تووشی کۆلێرایش نەبین ئەوا سەربازەکانی خۆمان سەرمان دەبڕن.
**هێرمان:** مەگەر ئەوەی کە ئەو یەکەمجار لەنێو چێت.
**ئەفسەری یەکەم:** ئەو؟ بە هۆی کۆلێراوە؟
**هێرمان:** بە هۆی کۆلێراوە یا شتێکی دیکە. (بێدەنگی)، هەواڵیان بۆ هێناوم کە ئوسقۆفی مەزن لە مەرگی دلگران نابێت.

(بێدەنگی)

**ئەفسەری دووەم:** من کە ناتوانم.
**ئەفسەری یەکەم:** هەروا منیش. ئەوەندە لە بینینی بێزارم کە ئەفرەتم لە ئازاردانی هەیە.
**هێرمان:** کەس داوای هیچی لە تۆ نەکردووە. جگە لەوەی کە بێدەنگ بیت و بهێڵێت ئەوانەی کە کەمتر بێزارن، کارەکەیان بکەن.

ساتێك بە بێدەنگی تێدەپەڕێت. گۆتێز و کاترین دێنە ژوورەوە.

## دانیشتنی سێیەم

هەمان ئەو کەسانە لەگەڵ گۆتیێز و کاترین

**گۆتیێز:** هەواڵێکتان نییە بمدەنێ؟ تەنانەت ئەوەی کە بڵێن سەربازەکان نانیان نییە تا بیخۆن؟ یا ئەوەی کە کۆلێرا سەربازەکانمان ڕەشکوژ دەکات؟ داوایەکتان لە من نییە؟ تەنانەت ئەوەی کە پاشەکشە بکەین تا بەلا و ئاشووب نەهاتۆتە خودارەوە؟ (بێدەنگی)، واتە تا ئەو ئاستە لە من دەترسێن؟

هەموو بێدەنگن.

**کاترین:** سەیرکە چلۆن تێت دەنۆڕن، گیانەکەم. ئەمانە تۆیان خۆش ناوێت. بە لامەوە سەیر نییە کە ڕۆژێك بێم و ببینم تاقانە کەوتووی و خەنجەرێك لە ورگت چەقیوە.

**گۆتیێز:** تۆ خۆت منت خۆش دەوێت؟

**کاترین:** ئاقڵ، خودا نەکات!

**گۆتیێز:** کەوایە دەبینی کە نەتکوشتووم.

**کاترین:** وا بیر مەکەرەوە کە نەمویستووە.

**گۆتیێز:** دەزانم، تۆ خەوگەلی خۆش دەبینی، بەڵام خەیاڵی من لەم ڕووەوە ئاسوودەیە، هەر ئەو ساتەی کە من بمرم، بیست هەزار سەرباز بە سەرتدا دەدەن، بیست هەزار پیاویش کەمێك زۆرە، تەنانەت بۆ تۆ.

کاترین: بیست هەزار کەس لەو یەك کەسە باشترە کە ڕقم لێیەتی.
گۆتیێز: ئەزانی حەزم لە چی تۆیە؟ لەو ڕق و ئەفرەتەی کە لە تۆدا دروستی دەکەم. (روو لە ئەفسەرەکان)، کێ دەیەوێت دەست لە گەمارۆکە هەڵگرم؟ سێ شەممە؟ پێنج شەممە؟ یەك شەممە؟ نا، هاوڕێیان. نە سێ شەممە، نە پێنج شەممە، نە یەك شەممە، بەڵکو من هەر ئەمشەو شارەکە دەگرم.
ئەفسەری دووەم: ئەمشەو؟
گۆتیێز: هەر ئێستا، (سەیرێکی شار دەکات). ڕووناکییەکی ڕەنگ شینی کز لەوێ هەیە، دەیبینن؟ من هەموو شەوێ سەیری دەکەم و هەموو شەوێکیش لەم کاتەدا دەکوژێتەوە. ئەهاااا، ئەمگوت؟ دەی، ئەو شەو بۆ سەد و یەکەمین جار و بۆ دوایەمین جار کوژانەوەکەیم بینی. ماڵئاوا، دەبێت ئەو شتانەی کە خۆشمان دەوێن بیانکوژین. ئەوەیش ئەو چرایانەی کە خەریکە دەکوژێنەوە. باشە، دیارە کەسانێك هەن کە زوو دەخەون، چونکە گەرەکیانە بەیانی زوو لە خەو هەستن، بەڵام سبەینێیەك لە گۆڕێدا نییە. شەوێکی جوانە، مەگەر وانییە؟ زۆر ڕووناك نییە، بەڵام پڕە لە ئەستێرە. پاش کەمێکی دیکە مانگ هەڵدێت. نمونەی تەواوی ئەو شەوانەیە کە هیچ ڕووداوێك ڕوونادات. ئەوان هەموو شتێکیان پێشبینی کردووە، خۆیان بەدەستەوە داوە، تەنانەت بە کۆمەڵکوژیش، بەڵام نەك بۆ ئەو شەو.
ئاسمان ئەوەندە زووڵاڵە، بڕوا دەبەخشێت کە شەوەکە هی خۆیانە. (بێ پێشەکی)، چ هێز و دەسەڵاتێك! خودایا! ئەم شارە هی منە و پێشکەشی تۆی دەکەم. بە خێرایی ئاگری تێبەردەدەم تا بە شانازی تۆوە کڵپە بکات

## دانیشتنی سێیەم

هەمان ئەو کەسانە لەگەڵ گۆتێز و کاترین

گۆتێز: هەواڵێکتان نییە بمدەنێ؟ تەنانەت ئەوەی کە بڵێن سەربازەکان نانیان نییە تا بیخۆن؟ یا ئەوەی کە کۆلێرا سەربازەکانمان ڕەشکۆژ دەکات؟ داوایەکتان لە من نییە؟ تەنانەت ئەوەی کە پاشەکشە بکەین تا بەڵا و ئاشووب نەهاتۆتە خوداردوە؟ (بێدەنگی)، واتە تا ئەو ئاستە لە من دەترسێن؟

هەموو بێدەنگن.

کاترین: سەیرکە چلۆن تێت دەنۆڕن، گیانەکەم. ئەمانە تۆیان خۆش ناوێت. بە لامەوە سەیر نییە کە ڕۆژێك بێم و ببینم تاقانە کەوتووی و خەنجەرێك لە ورگت چەقیوە.

گۆتێز: تۆ خۆت منت خۆش دەوێت؟

کاترین: ناقڵ، خودا نەکات!

گۆتێز: کەوایە دەبینی کە نەتکوشتووم.

کاترین: وا بیر مەکەرەوە کە نەمویستووە.

گۆتێز: دەزانم، تۆ خەوگەلی خۆش دەبینی، بەڵام خەیاڵی من لەم ڕووەوە ئاسوودەیە، هەر ئەو ساتەی کە من بمرم، بیست هەزار سەرباز بە سەرتدا دەدەن، بیست هەزار پیاویش کەمێك زۆرە، تەنانەت بۆ تۆ.

**کاترین:** بیست هەزار کەس لەو یەک کەسە باشترە کە ڕقم لێیەتی.

**گۆتێز:** ئەزانی حەزم لە چی تۆیە؟ لەو ڕق و نەفرەتەی کە لە تۆدا دروستی دەکەم. (ڕوو لە ئەفسەرەکان)، کێ دەیەوێت دەست لە گەمارۆکە هەڵگرم؟ سێ شەممە؟ پێنج شەممە؟ یەک شەممە؟ نا، هاوڕێیان. نە سێ شەممە، نە پێنج شەممە، نە یەک شەممە، بەڵکو من هەر ئەمشەو شارەکە دەگرم.

ئەفسەری دووەم: ئەمشەو؟

**گۆتێز:** هەر ئێستا، (سەیرێکی شار دەکات). ڕووناکییەکی ڕەنگ شینی کز لەوێ هەیە، دەیبینن؟ من هەموو شەوێ سەیری دەکەم و هەموو شەوێکیش لەم کاتەدا دەکوژێتەوە. ئەهاااا، نەمگوت؟ دەی، ئەو شەو بۆ سەد و یەکەمین جار و بۆ دوایەمین جار کوژانەوەکەیم بینی. ماڵئاوا، دەبێت ئەو شتانەی کە خۆشمان دەوێن بیانکوژین. ئەوەیش ئەو چرایانەی کە خەریکە دەکوژێنەوە. باشە، دیارە کەسانێك هەن کە زوو دەخەون، چونکە گەرەکیانە بەیانی زوو لە خەو هەستن، بەڵام سبەینێیەك لە گۆڕێدا نییە. شەوێکی جوانە، مەگەر وانییە؟ زۆر ڕووناك نییە، بەڵام پڕە لە ئەستێرە. پاش کەمێکی دیکە مانگ هەڵدێت. نمونەی تەواوی ئەو شەوانەیە کە هیچ ڕووداوێك ڕوونادات. ئەوان هەموو شتێکیان پێشبینی کردووە، خۆیان بەدەستەوە داوە، تەنانەت بە کۆمەڵکوژیش، بەڵام نەك بۆ ئەو شەو.

ئاسمان ئەوەندە زووڵاڵە، بڕوا دەبەخشێت کە شەوەکە هی خۆیانە. (بێ پێشەکی)، چ هێز و دەسەڵاتێك! خودایا! ئەم شارە هی منە و پێشکەشی تۆی دەکەم. بە خێرایی ئاگری تێبەردەدەم تا بە شانازی تۆوە کڵپە بکات

(روو لە ئەفسەرەکان). کەشیشێک لە وۆرمسەوە ڕای کردووە و دەیەوێت بمانباتە شارەوە. ئەفسەر (ئۆلریش)یش خەریکە لێپرسینەوەیەی لەگەڵدا دەکات.

**ئەفسەری سێیەم:** ئای!

**گۆتێز:** چی؟

**ئەفسەری سێیەم:** من حەزم لە خانینەکان نییە.

**گۆتێز:** وای، من دەیانپەرەستم.

قوماندار و سەربازێک کە هاینریشیان وەبەر خۆیان داوە، دێنە ژوورەوە.

دانیشتنی چوارەم

هەموو کەسەکان لەگەڵ هاینریش و ئەفسەر

هاینریش: (خۆی بەسەر پێیەکانی گۆتێزدا دەدات)، ئەشکەنجەم بدەن! نینۆکەکانم دەربکێشن! زیندوو زیندوو پێستم کەوڵ بکەن!

گۆتێز دەکەوێتە قاقای پێکەنین.

گۆتێز: (لە بەرامبەر کەشیش چۆک دادەدات)، دڵ و ڕیخۆڵەت دەرهێنام! بە چوار تەگەرەوە بمبەستنەوە! پارچە پارچەم بکەن! (هەڵدەستێتەوە)، باشە، تەلیسمەکە شکا. (روو لە ئەفسەر)، ئەمە کێیە؟

فەرماندە: هاینریشە، پێشنوێژی وۆرمس، هەر ئەو کەسەی کە دەیویست شارەکە بدات بە دەستمانەوە.

گۆتێز: دەی مەگەر..؟

ئەفسەر: ئیتر ئامادە نییە قسە بکات.

گۆتێز: (بەرەو لای هاینریش دەچێت)، بۆچی؟

ئەفسەر: دەڵێت ڕوانگەی خۆم گۆڕیوە؟

ئەفسەری سێیەم: ڕوانگە گۆڕین! ئافەرین! ددانەکانی بکێشن! بڕبڕەی پشتی ورد و خاش بکەن!

هاینریش: ددانەکانم بکێشن! بڕبڕەی پشتم ورد و خاش بکەن!

گۆتێز: لەو دێزەبییەی! (روو لە هاینریش)، بۆچی دەتویست شارەکە بدەیت بە دەستمانەوە؟
هاینریش: بۆ ڕزگاربوونی کەشیشەکان کە خەڵکی عەوام دەیانەوێت بیانکوژن.
گۆتێز: ئەی بۆچی پەشیمان بوویەوە؟
هاینریش: چاوم بە قەدو گیپاڵی سەربازەکانتان کەوت.
گۆتێز: ئێ؟
هاینریش: لەو قەدگیپاڵانە زۆر شت دەوەشێتەوە.
گۆتێز: چ شتێکیان لێ دەوەشێتەوە؟
هاینریش: لە دەستیان دێت کە بۆ بەرگرتن لە کوشتنی چەند کەسێك، ببمە هۆی کومەڵکوژی خەڵکی.
گۆتێز: مەگەر تا ئێستا قەد و گیپاڵی سەربازەکانی منت نەبینیبوو؟ تۆ خۆت چاك دەتزانی کە بۆنی خێریشیان لێوە نایەت؟
هاینریش: ئەمانە لە کەسانی دیکە خراپترن.
گۆتێز: بەهـ، هەموو سەربازەکان وەکو یەکن. چاوەڕێی ئەوە بووی کێ لێرە ببینیت؟ فریشتەکان؟
هاینریش: مرۆڤەکان، و من دەمویست داوا لەو مرۆڤانە بکەم تا خوێنی خەڵکی دیکە نەڕێژن. ئەگەر سوێندیان بۆ خواردبام دەستدرێژی نەکەنە سەر گیانی دانیشتووانی شار، تا ئێستا چووبوونە نێو شارەوە.
گۆتێز: کەوایە تۆ باوەڕت بە بەڵێنی من هەبوو؟
هاینریش: بەڵێنت؟ (سەیرێکی دەکات)، تۆ گۆتێزیت؟
گۆتێز: بەڵێ..

هاینریش: گومانم... گومانم دەکرد کە بتوانم باوەڕ بە بەڵێنەکەت بکەم.
گۆتێز: (بە سەرسووڕمانەوە) بە بەڵێنەکەم؟ (بێدەنگی ) کەوایە بەڵێنت دەدەمێ. (هاینریش بێدەنگە)، ئەگەر بمانبەیتە نێو شارەوە، سوێندت بۆ دەخۆم خەڵکی شار بپارێزم.
هاینریش: چاوەڕوانی ئەوەت هەیە کە باوەڕ بە بەڵێنەکەت بکەم؟
گۆتێز: مەگەر مەبەستێکی وات نەبوو؟
هاینریش: ئەرێ، بەڵام بەر لە بینینی تۆ.
گۆتێز: (دەکەوێتە پێکەنین) ئەرێ، دەزانم، ئەوانەی کە چاویان بە من دەکەوێت زۆر بە کەمی باوەڕ بە پەیمان و بەڵێنم دەکەن. گومان دەکەم کەلە گیپاڵم دیارە کە ئاوەزم هێندە بڕ دەکات تا وەفام بۆ بەڵێنەکەم نەبێت! بەڵام گوێم لێبگرە بزانە چی دەڵێم: بەڵێنەکەم قبوڵ بکە.. هەر بۆ تاقیکردنەوە! تەنیا بۆ ئەوەی ببینی کە چی ڕوودەدات... هەر چی بێت من مەسیحیم. ئەگەر سوێند بە تەورات و ئینجیل بخۆم، چی؟ گەمژەییانە باوەڕ بە بەڵێنەکەم بکە! مەگەر ئێوە کەشیشەکان، لەسەرتان نییە کەسە خراپەکان بۆ کاری باشە ڕێنوێنی بکەن؟
هاینریش: تۆ، ڕێنوێنی تۆ بکەم؟ دڵت زۆر ناز و عیشوە دەکات!
گۆتێز: کەوایە تۆ من دەناسیت؟ (بە پێکەنینەوە سەیری دەکات)، هەموو بڕۆن.

ئەفسەرەکان و کاترین دەچنە دەرەوە.

دانیشتنی پێنجەم

گۆتێز و هاینریش

گۆتێز: (بە جۆرە دڵۆڤانییەکەوە)، ئارەقەت کردووە، چ ئازارێك دەکێشیت!
هاینریش: نەك زوها کە دەبێت! ئەوانی دیکە ئازار دەکێشن، نەوەك من. خودا وای ویستووە کە هەمووده‌م لە بیری ئازاری کەسانی دیکەدا بم. بەڵام خۆم هەست بە ئازار نەکەم، بۆچی سەیرم دەکەیت؟
گۆتێز: (هەروا بە دڵۆڤانییەوە)، منیش هەر ئەم قەڵافەتە ساختەیەم هەبوو. تۆ دەبینم و ڕەحم بە حاڵی خۆم دەکەم: من و تۆ لە قوماشێکین.
هاینریش: درۆیە! تۆ براکەت دا بە دەست دوژمنەوە، بەڵام من پیاوەکانم نادەم بە دەستەوە.
گۆتێز: ئەمشەو دەیاندەی بە دەستەوە.
هاینریش: نە ئەو شەو و نە هیچ کاتێکی دیکە.

(بێدەنگی)

گۆتێز: (بە دەنگێکی بێ بایەخانەوە)، ئەو هەژارەکان گەرەکیانە چی لەگەڵ کەشیشەکان بکەن؟ لە قەنارەیان دەدەن؟
هاینریش: (بە هاوارکردنەوە)، بیبڕەوە! (بە خۆیدا دێتەوە)، عاقیبەتی شەڕ هەر ئەمەیە؟ من لە کەشیشێکی لاواز زێتر نیم و ناتوانم بەر بەم کارەساتە بگرم.

گۆتێز: فێڵبازی چۆغڵ! ئەو شەو ژیان و مەرگی بیست هەزار کەس بە دەستی تۆیە.
هاینریش: من ئەم خوداستەم ناوێت. ئەمە لە لایەن شەیتانەوەیە.
گۆتێز: تۆ ناتەوێت، بەڵام هەتە. (هاینریش هەڵدێت)، هۆ! چ دەکەی؟ ئەگەر ڕابکەیت، واتای ئەوەیە کە بڕیاری خۆت داوە.

هاینریش دەگەڕێتەوە، سەیری دەکات و دەکەوێتە پێکەنین.

هاینریش: تۆ ڕاست دەکەی. چ ڕابکەم و چ خۆم بکوژم، بە هیچ شوێنێك ناگەم. ئەمانە هەموویان جۆرە بێدەنگییەکن. من بوومەتە هەڵبژێردراوی خودا.
گۆتێز: واباشترە بڵێی کە وەك مشك کەوتوویەتە داوەوە.
هاینریش: جیاوازی نییە، هەڵبژێردراو کەسێکە کە دەستی خودا بەرەو گۆشەی دیوارێك پاڵی پێوە دەنێت و ڕێگەی هەڵاتنی بە ڕوویدا دەبەستێت. (بێدەنگی)، خودایا، بۆچی منت هەڵبژارد؟
گۆتێز: (بە نەرمی)، ساتی مەرگ هاتووەتە پێشەوە. دەمەوێت ئەو ساتەت بۆ کورت بکەمەوە. ڕێگەم بدە یارمەتیت بدەم.
هاینریش: تۆ یارمەتیم بدەیت، تۆ؟ ئەو شوێنەی کە خودا بێدەنگە؟ (بێدەنگی)، ڕاستیت دەوێت، درۆم کرد، من هەڵبژێردراوی خودا نیم، بۆچی بم؟ کێ ناچاری کردم تا لە شار بێمە دەرەوە؟ کێ وەکالەتی ئەوەی پێداوم کە بێم بۆ لای تۆ؟ حەقیقەتەکە ئەوەیە خۆم خۆمم هەڵبژاردووە.

کاتێك کە دەهاتم بۆ لات تا داوای ئەمانی براکانمت لێ بکەم، دڵنیا بووم لەوەی ناتوانم وەدەستی بێنم. شەڕەنگێزی قەد و گیپاڵەکانی ئێوە نەبوو کە پەشیمانیان کردمەوە، ئەوە حەقیقەتی بارودۆخەکە بوو.
نارەزووم دەخوداست خراپە بکەم، بەڵام کە چاوم پێتان دەکەوێت بە ڕاستی بۆم روون بووەوە کە بەڕاستی دەمەوێت خراپە بکەم. ئایا دەزانی کە رق و نەفرەتم لە هەژارەکان هەیە؟
گۆتێز: ئەرێ، دەزانم.
هاینریش: بۆچی کە دەستمیان بۆ درێژ دەکەم، لێم دوور دەکەونەوە؟ بۆچی هەموودەم ئەوەندە ئازار دەکێشن، کە من ناتوانم هێندە بیکێشم؟ خودایا، بۆچی بە ڕەوات زانیوە کە هەژارەکان هەبن؟ کە ئێستایش هەن، بۆچی منت بە ڕاهیب نەخوڵقاند؟
لە گۆشەی خەڵوەتنشین، تەنیا تایبەت بە تۆ دەبووم، بەڵام تا ئەو کاتەی خەڵکی لە برساندا دەمرن، چۆن دەتوانم تەنیا تایبەت بە تۆ بم؟ (روو لە گۆتێز)، من هاتبووم تا بیاندەم بە دەست تۆوە و هیوادار بووم هەموویان بێسەروشوێن و وێران بکەی تا منیش بتوانم ئەوە لەبیر بکەم کە ئەوان هەرگیز هەبوونە.
گۆتێز: دەی، کەوایە؟
هاینریش: هیچ، تەنیا ڕوانگەم گۆڕیوە، تۆ ناچیتە نێو شارەوە.
گۆتێز: ئەی ئەگەر ویستی خودا وا بوویێت کە تۆ بمانبەیتە نێو شارەوە، چی؟ لۆکەی لە گوێیانت دەرێنە، کەشیش: ئەگەر بێدەنگ بیت، ئەو شەو کەشیشەکان دەمرن، ئەمە ڕوون و ئاشکرایە. بەڵام با بچینەوە سەر باسی هەژارەکان:

وا دەزانی ڕزگاریان دەبێت؟ دەست لە گەمارۆ هەڵناگرم، تا مانگێکی دیکە، هەموویان لە ورۆمس لە برساندا دەمرن. کەواتە باسەکە ئەوە نییە کە مەرگ و ژیانی ئەوانت لە دەستە، بەڵکو دەبێت لە نێوان دوو مەرگدا یەکێکیان بۆ هەڵبژێریت. هەی بێ ویژدان، مەرگە خێراکەیان بۆ هەڵبژێرە. دەزانیت سوودی بۆ ئەوان چییە؟ ئەگەر ئەو شەو بەر لەوەی کەشیشەکان بکوژن، بمرن، دەستیان بە خوێنی ناڕەوا سوور نابێت و هەموویان دەچنە بەهەشتەوە.

بەدەر لەمەیش، بۆ ئەو چەند حەوتووەی کە مۆڵەتیان دەدەمێ، هەموویان نەغرۆ لە گوناهدا ڕەوانەی دۆزەخ دەکەیت. گەمژە مەبە، کەشیش. شەیتان خەریکە ڕاڕات دەکات کە ژیانی زەوینیان بپارێزی و دەرفەتیان هەبێت و نەفرەتی ئەبەدی بۆ خۆیان دەستەبەر بکەن.

(وەستانێک) پێم بڵێ چلۆن دەکرێت بچینە نێو شارەوە؟

هاینریش: تۆ بوونت نییە.

گۆتێز: ها؟

هاینریش: تۆ بوونت نییە. قسەکانت بەر لەوەی بچنە نێو گوێکانمەوە، کپ دەبنەوە و دەمرن، ڕووخسارت لەو ڕووخسارانە نییە کە بکرێت بە ڕۆژی ڕووناک ببینرێت.

هەر شتێک بڵێیت، من پێشتر دەیزانم و هەموو ڕەفتارەکانت پێشتر دەخوێنمەوە. تۆ ئەفرێنراوی زەینی منی و ئەوە منم کە هزر و بیرت دیاری دەکەم. هەر شتێک من دەیبینم، لە دنیای خەیاڵدایە. هەموو شتێک مردووە و هەوا تامی خەوی لێ دێت.

گۆتێز: کەوایە منیش خەو دەبینم، چونکە وەها بە وردی پێشبینی بیرکردنەوەکانت دەکەم کە ئیتر لە بیستنی قسەکانت، تاقەتم نامێنێت. نەۆ دەبێت ببینین کە من هاتوومەتە خەونی تۆوە یا تۆ هاتوویەتە خەونی منەوە.

هاینریش: من لە شار نەچوومەتە دەرەوە! ئەوێم بەجێ نەهێشتووە! ئێمە لە بەرامبەر نەخشی دیوار و بێ هوودەییدا وەستاوین و ڕۆڵ دەگێڕین. هۆی، زماندرێژ، پرۆڤەی ڕۆڵەکەت بکە. ئایا ڕۆڵەکەت فێر بوویت؟ ڕۆڵی من ئەوەیە کە بڵێم: نا! نا! نا! نا! تۆ قسە ناکەی؟ ئەمانە هەمووی ڕاڕاییەکی سادە و ئاساییە و حەقیقەتێکیشی نییە. ئۆردوو و چادرگەی گۆتێز بە من چی؟ (شار نیشان دەدات)، خۆزیا ئەم چرایانە دەکوژانەوە!

خۆ من لەنێو شارم، ئەی ئەم دیمەنە چییە؟ (بێدەنگی) ڕاڕاییەك لەگۆڕێدایە، بەڵام من نازانم لە کوێیە. (روو لە گۆتێز)، ئەو شتەی بۆم ڕوون و ئاشکرایە، ئەوەیە کە ئەو شەو شەیتان خۆیم بۆ دەردەخات، هەر کە دەمەلاسکێیەکی بۆ کردم، شانۆگەرییەکەمان بە سەمای مردووەکان دەست پێدەکات.

گۆتێز: تۆ تا ئێستا شەیتانت بینیوە؟

هاینریش: زیاتر لەوەی کە تۆ دایکتت بینیوە.

گۆتێز: ئایا من لەو دەچم؟

هاینریش: تۆ، چارەڕەشی بەدبەخت؟ تۆ گاڵتەجاڕی.

گۆتێز: گاڵتەجاڕ؟

هاینریش: بەڵێ، هەمووده‌م گۆسارتمەیەك (گاڵتەجارێك) هەیە و ڕۆڵەکەی ئەوەیە کە لاسایی من بکاتەوە و لاساریم لەگەڵدا بکات. (وەستانێك) من بردەمەوە.

گۆتێز: چی؟

هاینریش: من بردمەوە. دواهەمین چرای شار کوژایەوە. مەلۆتکە (شەودێز)ی ئەهریمەنی وۆرمس لەنێو چوو. خێراکە! تۆش زۆر بە زوویی لەنێو دەچی و ئەم واز وازییە گاڵتەجارییانە کۆتایی پێ دێت. شەوە، تاریکی هەموو شوێنێکی تەنیوە. چ ئارامییەك!

گۆتێز: بڵێ، کەشیش، بڵێ. ئەو شتەی کە تۆ دەتەوێت بیری لێ بکەیتەوە، دەیزانم.

ساڵێك پێش ئێستا بوو.. ئەرێ، برا، باش لەبیرمە: وەك چۆن تۆ دەتەوێت شەو بخزێنیتە مێشکتەوە، منیش بە هەمان شێوە دەمویست ئەوە بکەم.

هاینریش: (ورنگە ورنگێك دەکات)، لە کوێ لە خەو هەڵدەستم؟

گۆتێز: (لە پڕێکدا پێدەکەنێت)، تۆ بێداری، دڕدۆنگچی، و خۆشت دەزانی. هەموو شتێك ڕاستینە. سەیرم بکە، دەستم لێدە. من لە گۆشت و ئێسقانم.

سەیرکە، خەریکە مانگ هەڵدێت و شارە ئەهریمەنییەکەی تۆ لە ژێر ڕەشاییدا دەر دەکەوێت. سەیری بکە، ئایا ئەمەیش خەون و خەیاڵە؟ نا، برا! ئەم کێوە ڕاستەقینە، ئەم کۆشك و حەسارە حەقیقەتی هەیە، ئەمە شارێکی ڕاستینە بە دانیشتوانێکی ڕاستەقینەوە. تۆیش دۆخمانێکی ڕاستینی.

**هایرنیش:** کەسێك دۆخمانە کە خیانەت بکات و تۆ هەر چییەك بکەیت من خیانەت ناکەم.

**گۆتێز:** کەسێك خیانەت بکات دۆخمانە و تۆ خیانەت دەکەیت. بەڵێ، گیانە. تۆ لە مێژە کە دۆخمانی.

دوو گرووپ لە بەرامبەر یەکتریدا وەستاون کە بانگەشەی ئەوە دەکەی سەر بە هەردووکیانی. کەواتە تۆ دوولاوەڕی دەکەی، کەواتە تۆ بە دوو زمان بیر دەکەیتەوە. بە زمانی لاتینی کلێسە، ڕەنج و ئازاری خەڵکی هەژار بە (ئەزموون) ناودەبەی و بە زمانی ئەڵمانیش پێی دەڵەیت (زوڵم).

ئەگەر تۆ بمبەیتە نێو شارەوە، ناونیشانێك بە ناونیشانەکانی دیکەتەوە زیاد نابێت. تۆ هەمان ئەو دۆخمانە دەبیت کە هەیت و بەس. دۆخمانێك کە خیانەت دەکات، ئەو دۆخمانەی کە پلە و پایەی خۆی قبوڵ کردووە.

**هاینریش:** ئەگەر من ئەو قسانەم دەدەوی ئەهاویشتبایای، لە کوێ فێریان دەبووی؟

**گۆتێز:** لەوەوە کە منیش دۆخمانم. (بێدەنگییەك)، من بەو ڕێگەیەدا ڕۆیشتوومە کە ئێستا تۆ دەتەوێت پێیدا تێپەڕیت. لەگەڵ ئەوەیشدا سەیرم بکە، ئایا قەد و گیپاڵم شاد و کراوە نییە؟

**هاینریش:** هۆکارەکەی ئەوەیە کە تۆ پەیڕەویت لە سروشتت کردووە. هەموو زۆڵەکان خیانەت دەکەن، ئەمە ڕوون و ئاشکرایە، بەڵام من زۆڵ نیم.

گۆتێر: (دەیەوێ لێی بدات، بەڵام بەسەر خۆیدا زاڵ دەبێت)، پێشک ئەوانەی بە من دەڵێن زۆڵ، دەرفەتی دووبارە گووتنەوەی ئەو وشەیەیان نابێت.

هاینریش: زۆڵ!

گۆتێر: کەشیش، کەشیش گیان، عاقڵ بە، ناچارم مەکە گوێیەکانت ببڕم، ئەوێ کە زمانت نابڕم، سوودی بڕینی گوێکانت لە چیدایە؟ (لەناکاو لە باوەشی دەگرێت و ماچی دەکات)، سڵاو، برا بچووکەکەم، سڵاو لە زۆڵێکەوە بۆ زۆڵێکی دیکە! ئاخر تۆیش زۆڵیت! بۆ دروستکردنی تۆ، ڕووحانییەت لەگەڵ هەژاریدا جووت بوونە. چ عەیشێکی مۆناوی!

(بێدەنگییەك)، هەڵبەت کە زۆڵەکان خیانەتکارن، ئەی ئەگەر خیانەت نەکەن، چ بکەن؟ من زۆڵی دایکەزام، لە بنەڕەتدا هاوبەشی دز و هاوڕێی کاروانم، دایکم لەگەڵ ڕەعیەتێکدا خەوت و منی خستەوە. ئێستا من لە دوو ڕەگەزەوە کەوتوومەتەوە کە دانوویان پێکەوە ناکوڵێت. هەر یەکەیان نەفرەت لەوی دیکەیاندا دروست دەکات. وا بیر مەکەوە کە چانس و قسمەتی تۆ لە هی من چاکتر بووە، تۆ نیوە کەشیشێکی کە لەگەڵ نیوە هەژارێکدا ئاوێتە بووی.

تۆ هیچ کات کەسێکی تەواو نیت. ئێمە هیچ نین و هیچمان نییە. هەموو منداڵە حەڵاڵزاکان دەتوانن بە خۆڕایی سوود لە زەوی وەربگرن، بەڵام من و تۆ نا. من لە منداڵییەوە، دنیام لە کونی دەرگاوە سەیر کردووە، دنیا هێلکەی مریشکێکی جوان و پڕبیانەیە کە هەر کەسەوە

تیایدا شوێن و پلەیەکی هەیە، بەڵام دڵنیات دەکەمەوە کە من و تۆ لە نێو ئەو دنیایەدا نین. ئێمە لە دەرەوەین و بێگانەین.

وەرە ئەو دنیایە کە ناهێڵن بچیتە ناوی، تووڕ بدە! خراپە بکە تا بزانیت چەندە سووک و ناسوودە دەبیت! (قوومانداریّك دێتە ژوورەوە) چیت دەوێ؟

قوومان‌دار: نێردراوی نوسقۆفی مەزن هاتووە.

گۆتێز: با بێت.

قوماندار: هەواڵی نوێی هێناوە، دوژمن حەوت هەزار کوژراوی داوە و تارومار بووە.

گۆتێز: ئەی براکەم؟ (قوماندار دەیەوێت بە گوێیدا بچرپێنێت)، نێزیکم مەکەوە، بە توندی بڵێ.

قوماندار: کێنراد مردووە.

لەم کاتەدا، هاینریش بە وردی سەرنجی گۆتێز دەدات.

گۆتێز: دەی، لاشەکەیان دۆزیوەتەوە؟

قوماندار: بەڵێ.

گۆتێز: لە چ دۆخێکدا بووە؟ وەڵام بدەوە!

قوماندار: لەت لەت.

گۆتێز: بە هۆی شمشێرەوە؟

قوماندار: گورگەکان.

گۆتێز: چ گورگێك؟! مەگەر گورگ هەیە؟!

قوماندار: لە دارستانی (ئارنهایم)..
گۆتێز: باشە، بەسە. خۆم دەگەمە گیانیان و بە هەموو پیاوەکانمەوە هێرشیان دەکەمە سەر. پێستی هەموو گورگەکانی ئارنهایم کەوڵ دەکەم. برۆ! (قوماندارەکە دەچێتە دەرەوە. بێدەنگییەك)، زوو مرد، گورگەگان لەت لەتیان کردووە، بەڵام دەبینی: کە من پێدەکەنم.
هاینریش: (بە هێورییەوە)، بۆچی خیانەتت لێکرد؟
گۆتێز: چونکە من حەزم لەوەیە کارەکان کۆتاییان پێ بێت. کەشیش، من پیاوێکی باش و پێگەیشتووم. زۆڵیەتی من دایکزاییە، بەڵام ناونیشانی جوانی (براکوژی)ییەکەم بە ئەمانەتی هیمەت و توانای خۆمەوەیە. (بێدەنگی)، نیتر ئێستا هی منە، هی خۆم بە تەنیا.
هاینریش: چی هی تۆیە؟
گۆتێز: خانەدانی (هایدنشتام)، کۆتایی پێ هات، بنەماڵەی هایدنشتام کۆتایی پێ هات، هەموویان بە من کۆتاییان پێ هات، هەر لە (ئالبرێت)ـەوە بگرە کە سەرزنجیری ئەم بنەماڵەیە بوو تا کێنراد کە دواهەمین میراتگریان بوو. کەشیش سەیرم بکە. من بوومەتە گۆڕستانی بنەماڵەکەم، بۆچی پێدەکەنی؟
هاینریش: سەرەتا وام بیر دەکردەوە کە ئەو شەو تەنیا کەسێکم کە شەیتان دەبینم، بەڵام ئێستا گومانم لەوە هەیە کە هەردووکمان ببینین.
گۆتێز: من بە ڕیشی شەیتان پێدەکەنم! شەیتان پێشوازی لە ڕۆحەکان دەکات، بەڵام یەکێکی دیکە نەفرەتی نەبەدییان لێ دەکات. من جگە لە خودا کەس بە شایەنی هاوڕکی (هاوبەشی) نازانم. دۆزەخییەکان و

بەهەشتییەکان پەیوەستن بە حوکم و بڕیاری ئەوەوە. کەشیش، خودا دەمبینێت، دەزانێت من براکەمم کوشتووە و خوێن لە دڵی دەچۆڕێت. بەڵێ، خودایە، من کوشتوومە. دەتوانی چیم لەگەڵ بکەی؟ من تووشی قێزەونترین گوناهـ بوومـەتـەوە، بـەڵام خـودای دادپـەروەری گـەورە لـە سزاکانی من دەستەوەستانە، زیاتر لە پانزە ساڵە نەفرەتی لێکردووم، دەی، بۆ ئەوڕۆیش بەسە. ئیتر ئێستا نۆرەی جەژن و خۆشییە. دەمەوێت شەراب بنۆشم و شادی بگێڕم.

**هاینریش:** (بەرەو ڕووی دەچێت) بگرە!

کلیلێك لە گیرفانی دەردێنێت و بەرەو لای درێژی دەکات.

**گۆتێز:** ئەمە چییە؟

**هاینریش:** کلیلیە.

**گۆتێز:** چ کلیلێك؟

**هاینریش:** کلیلی شاری وۆرمس.

**گۆتێز:** پێموت کە بۆ ئەوڕۆ بەسە. من براکەمم کوشتووە! ئاقڵ، خۆ مرۆ ناتوانێت هەموو ڕۆژێك براکەی بە خاك بسپێرێت. مافی ئەوەم نییە کە ئەو شەو تا سبەی بکەمە پشوو؟

**هاینریش:** (لە شێوەی هێرشکردن، بەرەو ڕووی دەچێت) ترسنۆك!

**گۆتێز:** (دەوەستێت)، ئەگەر ئەو کلیله هەڵگرم، ئاگر لە هەموو شتێك بەردەدەم.

هاینریش: لە کۆتایی ئەم دۆڵە، گاشەبەردێکی سپی گەورە هەیە. لە خودارەوەی کونێك هەیە کە بە زبڵ و خاشاك داپۆشراوە. دەڕۆنە نێو تۆنێلێکەوە و دەچنە پێش تا دەگەنە دەرگایەك کە بەم کلیلە دەکرێتەوە.

گۆتێز: بەه بەه، هەژارەکان چەندیان خۆش دەوێت! چەندە پیرۆزت دەکەن!

هاینریش: ئیتر پەیوەندی بە منەوە نییە. من ون دەبم، بەڵام هەژارەکانم بە تۆ دەسپێرم. زۆڵ، ئیتر نۆرەی تۆیە کە هەڵبژێریت.

گۆتێز: ئێستا نەتدەگوت کە چاوت بە هەیکەلی من کەوت..

هاینریش: بە تەواوی نەمبینیبوو.

گۆتێز: و ئێستا چ دەبینی؟

هاینریش: دەبینم کە لە خۆت تۆقیوی و ترست لە خۆت هەیە.

گۆتێز: ڕاستە، بەڵام غافڵ مەبە! پانزە ساڵە کە من لە خۆم دەترسم، بەڵام چی؟ مەگەر تێناگەی کە من بۆ ئەوە زیندووم تا خراپە بکەم؟ کلیلەکەم بدەیە. (کلیلەکە وەردەگرێت) زۆر باشە کەشیش، تۆ تا کۆتایی درۆت لەگەڵ خۆتدا کرد. وات دەزانی کە دەتوانی بە فرت و فێڵ خیانەتەکەت لە چاوی خۆت بشاریتەوە، بەڵام دووبارە خیانەتت کردەوە و کێنرادت دایە دەستی دوژمن.

هاینریش: کێنراد؟

گۆتێز: ناسوودە بە، تۆ وا لە من دەچی کە بۆ ساتێك تۆم لەگەڵ خۆمدا بە هەڵە هاتە بێش چاوان.

دەچێتە دەرەوە.

# پەردەی سێیەم

لە چادرگەی گۆتیێز.

لە دەرگای خێمەکەوە، زۆر لە دوورەوە دیمەنی شار لە ژێر شەوقی مانگەشەودا بەر چاو دەکەوێت.

دانیشتنی شەشەم

هێرمان، کاترین

هێرمان دێتە ژوورەوە و هەوڵ دەدات تا خۆی لە پشت تەختە سەفەرەییەکەی گۆتێژەوە بشارێتەوە. سەر و جەستەی بزر دەبێت، بەڵام سمتۆڵە گەورەکانی بە دەرەوەن.

کاترین دێتە ژوورەوە، نێزیك دەبێتەوە و لەقەیەکی تێ دەوەشێنێت.

هێرمان بە تۆقاوی لە شوێنی خۆی ڕادەپەڕێت.

کاترین ڕادەکاتە دواوە و پێدەکەنێت.

**هێرمان:** ئەگەر دەنگت لێ بێتە دەرەوە....

**کاترین:** ئەگەر دەنگم لێوە بێت، تۆ دەگرن و لە دارت دەدەن، کەوایە باشترە قسە بکەین. دەتەوێت چی لەگەڵ بکەی؟

**هێرمان:** هەی سەڵیتە، ئەگەر تۆ خوێن لە ڕەگەکانت گەڕابا، ئەو کارەی کە من دەمەوێت لەگەڵیدا بکەم، زۆر لە مێژ بوو تۆ تەواوت کردبوو. یالا.. بڕۆ بە دوای کاری خۆت بکەوە و سوپاسی خودا بکە کە کەسێکی دیکە کراوەتە بەرپرسی ئەو کارە، تێگەیشتیت؟

**کاترین:** ئەگەر ئەو بمرێت، چارەنووسی من چی لێدێت؟ هەموو سەربازەکان بەسەر مندا دەدەن.

**هێرمان:** ئێمە یارمەتیت دەدەین تا ڕا بکەت.

**کاترین:** پارەیشم دەدەنێ؟

**هێرمان:** کەمێک پارەیشت دەدەینێ.

**کاترین:** مارەیی خۆم بدەنێ تا بچمە نێو دێڕ و دنیا لە خۆم حەرام بکەم.

**هێرمان:** (پێدەکەنێت) لەنێو دەیر، تۆ؟ ئەگەر دەتەوێت بە هاوبەشی ژیان بەسەر بەریت، مۆچیاری ئەوەت پێ دەکەم کە بچیت بۆ تیاترۆخانە، بەو توانایەی کە لە نێو لنگەکانتدا هەیە، وەسەر زێڕ دەکەویت. یالا، بڕیاری خۆت بدە. من تەنیا داوای ئەوەت لێدەکەم بێدەنگ بیت.

**کاترین:** لەم ساتە بەدواوە دڵنیا بە، هەر چۆنێک بێت ئاشکرات ناکەم، بەڵام ئەوەی کە ڕنگەی ئەوەت بدەمێ تا سەری ببڕیی.. جارێ با بزانین چ دەبێت.

**هێرمان:** با بزانین چ دەبێت؟

**کاترین:** فەرماندە، بەرژەوەندی من و تۆ وەکو یەك نییە. شەرافەتی پیاوەکان بە نووکی شمشێر وەدەست دێتەوە. بەڵام من.. ئەم پیاوە هەر شتێکم لێ بکات، چاکبوونەوەم مەحاڵە. (بێدەنگی) ئەو شەو ئەم شارە داگیر دەکرێت، شەڕ کۆتایی پێ دێت و هەموو دەگەڕێنەوە بۆ ماڵەکانیان. ئەو دێت لێدەپرسم چ بڕیارێکی لە بارەی منەوە داوە. ئەگەر بیهەوێت بمهێڵێتەوە..

**هێرمان:** گۆتێز بتهێڵێتەوە؟ شێت بووە.. تۆی بۆ چییە؟

**کاترین:** ئەگەر من بهێڵێتەوە، دەستت نایگاتێ.

**هێرمان:** ئەی ئەگەر وازت لێ بێنێت؟

**کاترین:** ئەو کاتە گۆتێز دەبێتە هی تۆ. ئەگەر من هاوارم کرد: (خۆت وات ویست، تا چاوت کوێر بێت)، لە کوونەکە وەرە دەرەوە و هەرچییەکت ویست پێی بکە.

**هێرمان:** ئەوانەی کە گوتت، بۆ من پوولێکی قەڵب ناهێنن. حەزم لەوە نییە پیلانەکەم بەسترابێتەوە بە هاونامێزی تۆ و گۆتێزەوە.

**کاترین:** (کە کەمێك پێشتر سەیری دەرەوەی دەکرد)، باشە، کەوا بێت هیچ چارە نییە، جگە لەوەی کڕنۆش دادەی و داوای بەخشینی لێ بکەی: وا دێت.

هێرمان ڕادەکات و خۆی دەشارێتەوە، کاترین قاقا پێدەکەنێت.

گۆتێز، کاترین، هێرمان (بە خۆحەشاردراوی)

**گۆتێز:** (دێتە ژوورەوە)، بۆچی پێدەکەنیت؟
**کاترین:** بە خەون و خەیاڵەکانم پێ دەکەنم، خەوم دەدیت کە تۆ بە مردوویی کەوتوویتە سەر زەوییەکە و خەنجەرێك لە پشتت چەقیوە. (بێدەنگی) ئەرێ، قسەی کرد؟
**گۆتێز:** کێ؟
**کاترین:** کەشیش.
**گۆتێز:** کامە کەشیش؟ هااا، بەڵێ! بەڵێ بەڵێ! قسەی کرد ئەی چۆن.
**کاترین:** ئەمشەو کارەکە تەواو دەبێت؟
**گۆتێز:** بە تۆ چی؟ یاڵا چەکمەکانم دەربێنە. (چەکمەکانی دەردێنێت)، کێنراد مردووە.
**کاترین:** دەزانم، هەموو چادرگەکە دەزانن.
**گۆتێز:** شەرابم بدەیە. دەبێت جێژن بگرین. (کاترین شەرابی دەداتێ)، تۆیش بخۆوە.
**کاترین:** حەزم لێی نییە.
**گۆتێز:** بخۆ، دایك حیز، جەژنە.
**کاترین:** وای لەو جەژنەی کە بە کۆمەڵکوژ دەستی پێکردووە و بە کوشتن کۆتایی دێت.

گۆتیێر: جوانترین جەژنە کە لە هەموو تەمەنم بینیبێتم. سبەی دەچمە نێو ملك و ماڵەکەم.
کاترین: (رادەچڵەکێت) بەو خێراییە؟
گۆتیێر: بەو خێراییە! سی ساڵە ئارەزووی ئەم ساتەم. ئیتر یەك ڕۆژیش ئارام ناگرم. (کاترین ئۆقرەی لەبەر دەبڕێت) حاڵت باش نییە؟
کاترین: (بەسەر خۆیدا دێتەوە)، لە بیری ئەوەی کە لاشەی کێنراد هێشتا لەسەر زەوییە و تۆ قسە لە ماڵ و ملك دەکەی.
گۆتیێر: سی ساڵە ئەم ماڵ و موڵکە بە نهێنی هی منە. (پێکەکەی بەرز دەکاتەوە)، دەخۆمەوە بە سلامەتی ماڵ و موڵکم و بە خۆشی کۆشکەکەمەوە. لێدەوە! (کاترین بە بێدەنگی پەیکەکەی بەرز دەکاتەوە)، بلێ بە سلامەتی ماڵ و موڵکت!
کاترین: نالێم.
گۆتیێر: بۆچی، سەلیتە؟
کاترین: بۆ ئەوەی کە ئەو ماڵ و سامانە هی تۆ نییە. مەگەر ئێستا کە براکەتت کوشتووە، ئیتر زۆڵ نیت؟ (گۆتیێر قاقایەك لێدەدات و شەپلاخێکیشی تێ دەسرەوێنێ. کاترین سەری واوە دەکێشێت و بە پێکەنینەوە دەکشێتە دواوە)، ماڵ و موڵك لە ڕێگەی میراتەوە بە مرۆڤ دەگات.
گۆتیێر: من بەو ئاسانییە ناچمە ژێر باری میراتەوە. ئەو شتەی دەستی بەسەردا بگرم، هی منە. یالا بخۆوە، دەنا توورە دەبم.
کاترین: بە سلامەتی ماڵ و موڵکت! بە خۆشی کۆشکەکەتەوە!

**گۆتێز:** ئەوەی کە شەوان، لە نێو داڵانەکانی کۆشکدا، دێوەزمەی تووڕ و ترسناکی زۆری لێ بێت.

**کاترین:** ئەرێ، قۆشمە، ڕاست دەڵێی. ئەگەر سەیرکەرت نەبێت، چ دکەی؟ دەخۆمەوە بە سلامەتی دێوەزمەکان (بێدەنگی)، کەوایە عەزیزەکەم، هەر شتێك دەستی بەسەردا بگریت، هی تۆیە؟

**گۆتێز:** تەنیا ئەوەندە.

**کاترین:** لەگەڵ ئەوەیشدا، بێجگە لە کۆشك و ماڵ و موڵکەکەت، گەنجێکی گرانبەهات هەیە، وەك ئەوەی لە بیریدا نیت.

**گۆتێز:** کامە گەنج؟

**کاترین:** من، خۆشەویستەکەم، من. مەگەر بە زۆری دەستت بەسەر مندا نەگرتووە؟ (بێدەنگی)، چ بڕیارێکت لە بۆ من هەیە؟ بڕیار بدە.

**گۆتێز:** (سەیری دەکات و ڕۆدەچێتە بیرکردنەوەوە)، زۆر باشە، تۆیش لەگەڵ خۆم دەبەم.

**کاترین:** لەگەڵ خۆتم دەبەیت؟ (گوومانـاوی و بە دڵەڕاوکێوە دەست بە پیاسەکردن دەکات)، بۆچی دەمبەی؟ بۆ ئەوەی لە کۆشکە مێژووییەکەتدا سۆزانییەك دابنیشێنی؟

**گۆتێز:** تا لە تەختی نووستنەکەی دایکمدا سۆزانی بخەوێنم. (بێدەنگی)

**کاترین:** ئەگەر من ئامادە نەبم؟ ئەگەر من لەگەڵت نەیەم؟

**گۆتێز:** با بزانم چۆن نایەیت.

**کاترین:** ئەهاااا، کەوایە دەتەوێت بە زۆر بمبەیت. بۆ ئەمە خەیاڵم ئاسوودە بوو. شەرمم لەوە هەبوو کە بە پێی خۆم لەگەڵت بێم.

(پێکەنگی)، بۆچی هەمووجار دەتەوێت ئەو شتەی کە بە دڵ و مەیلەوە پێت دەبەخشن، بە زۆری بەدەستی بێنیت؟
گۆتێژ: بۆ ئەوەی لەوە دڵنیا بم کە بە دڵەوە بە منیان بەخشیوە؟ (بەرەو لای ئەو دەچێت)، سەیرم بکە، کاترین، چی لە من دەشاریتەوە؟
کاترین: (بە هەڵەشەییەوە)، من، هیچ شتێك!
گۆتێژ: ماوەیەکە تۆ هەمان ئەو کاترینەی پێشوو نیت. مەگەر وەکو پێشان رِەقت لە من نییە؟
کاترین: لە ئێستاوە دڵنیا بە کە زۆر لێت بێزارم!
گۆتێژ: دووبارە خەو دەبینی کە دەمکوژی؟
کاترین: شەوی دوو سێ جار.
گۆتێژ: بەلانی کەمەوە لەبیرت نەکردووە کە من تۆم تووش کرد و کێشامییە نێو ئەم بەدبەختییەوە؟
کاترین: هەرگیز.
گۆتێژ: بە ناخۆشییەوە ماچ و هاوڕاییم بەرگە دەگری؟
کاترین: قێزم دێتەوە.
گۆتێژ: زۆر باشە. ئەگەر رۆژێك بکەویتە بیری ئەوەی کە لە باوەشی مندا وەحالگۆڕ و گەوزە گەوز بکەویت و لەخۆچی و لاواز بیت، بە خێرایی وەکو سەگ فرێت دەدەمە دەرەوە.
کاترین: بەڵام...
گۆتێژ: من ئیتر نامەوێت شتێك قبوڵ بکەم، تەنانەت دلۆڤانی ژنێکیش.
کاترین: بۆچی؟

**گۆتێز:** بۆ ئەوەی زۆر لە پێویست قبوڵم کردووە. ماوەی بیست ساڵە هەموو شتێکیان لە ڕووی ڕەحم و بەزەییەوە بە من بەخشیوە، تەنانەت ئەو هەوایەی کە هەناسەی پێ دەکێشم. دەبێت کەسی زۆڵ ئەو دەستە ماچ بکات کە خواردنی دەداتێ. لە ئێستا بە دواوە ببینە چۆن پاشیان دەخەمە! چ بەخشین و کەرەمێك دەکەم!

**فرانتێز:** (دێتە ژوورەوە)، نێردراوی ئوسقۆفی مەزن گەیشتووەتە خزمەتتان.

**گۆتێز:** با بێتە ژوورەوە.

دانیشتنی هەشتەم

هەر ئەو کەسانە لەگەڵ گۆهێر

گۆهێر: من (فۆکێر)م.
گۆتێز: من گۆتێزم و ئەمەیش کاترینە.
گۆهێر: بە ختەوەرم کە سڵاو لە وا سەرکردەیەك بکەم.
گۆتێز: بەختەوەرم کە وەڵامی گۆهێرێکی وا دەوڵەمەند دەدەمەوە.
گۆهێر: من هەڵگری سێ هەواڵی خۆشم.
گۆتێز: ئوسقۆفی مەزن سەرکەوتووە، براکەم مردووە، ماڵ و موڵکەکەی بە من گەیشتووە، ئەوانەن؟
گۆهێر: ڕێك وایە، زۆر باشە، من...
گۆتێز: کەوایە با جەژن بگێڕین، دەتەوێت شەراب بخۆیتەوە؟
گۆهێر: گەدەم بەرگەی شەراب ناگرێ من..
گۆتێز: ئەم کچە زەریفەتان دەوێ؟ بۆ ئێوە.
گۆهێر: بە کەڵکی من نایەت، تازە من پیر بوومە.
گۆتێز: کاترینە بێچارەکەی من، تۆی نەگەرەکە. (ڕوو لە گۆهێر)، نەکا منداڵە جەحێڵەکانت پێ باشترە بێت؟ هەر ئەو شەو یەکێکیان دەنێرمە ژێر خێمەکەتەوە.
گۆهێر: نا، نا! منداڵی جوان نا! منداڵی جوان نا! من...
گۆتێز: کەواتە پیاوێکی زرت و زلت دەوێت؟ یەکێك شك دەبەم کە قەدی دوو گەزە و ڕووخساری پڕ لە موویە، هەروەکو دێوی بیابانی.

**گۆهێر:** وای، نا! ئیتر ئەمەیان نا!...

**گۆتێز:** بەدەر لەمە. من شانازیتان پێ دەبەخشم. (بە دەنگی بەرز) فرانتێز! (فرانتێز دێتە ژوورەوە)، فرانتێز، بەڕێزیان دەبەن و بەنێو چادرگەکەدا دەیگەڕێنن و بڕیار دەدەی کە سەربازەکان هاوار بکەن "هەر بژیت گۆهێر!" و کڵاوەکانیان هەڵدەدەنە ئاسمانەوە.

فرانتێز دەچێتە دەرەوە.

**گۆهێر:** سوپاسی دلۆڤانیتان دەکەم، بەڵام دەمویست لەگەڵ خودی خۆتان کەمێک قسە بکەم.

**گۆتێز:** (بە سەرسوورڕمانەوە)، مەگەر لەو کاتەوەی کە هاتوونەتە نێو ئەم خێمەیەوە، چ دەکەن؟ (ئاماژە بە کاترین دەکات)، هاااا، ئەوە دەڵێن؟ ئەمە ئاژەڵێکی ماڵییە. مەترسە، قسەکەی خۆتان بکەن.

**گۆهێر:** ئوسقۆفی مەزن هەمووددەم لایەنگری ئاشتی بووە و خۆتان دەزانن کە بەرپرسی ئەم شەڕە خودالێخۆشبوو براکەتان بوون...

**گۆتێز:** براکەم! (بە دەنگێکی تووڕە و توونددوە) ئەگەر ئەم پیرە کەرە هەڵینەنابایەوە..

**گۆهێر:** بەڕێز، ڕێزتان هەیە..

**گۆتێز:** بەڵێ، ئەوەی گوتم لە بیری بکەن، بەڵام تکایە ناوی براکەم لە نێو قسەکانتاندا مەهێنن. ئەوە بزانە کە من ماتەمگێڕی ئەوم.

**گۆهێر:** ئوسقۆفی مەزن بڕیاری ئەوەی هەیە کە سەقامگیربوونەوەی دووبارەی ئاشتی، بە بەخشینی لێخۆشبوونی گشتییەوە بکەنە جەژن.

گۆتێز: ئافەرین، کەوا پێت دەرگای بەندیخانەکان دەکەنەوە؟
گۆهێر: بەندیخانەکان؟ نەخێر، لە ڕێی خودا!
گۆتێز: حەزی لەوەیە خۆش بم لە تاوانی ئەو سەربازانە خۆش بم کە سزام داون؟
گۆهێر: هەڵبەتە ئەمەیشیان پێ خۆشە، بەڵام لێخۆشبوونەکەی ئەوان ڕەهەندێکی گشتگیرتری هەیە. ئوسقۆفی مەزن خودازیاری ئەوەن کە ئەو لێخۆشبوونە بەر هەموو ڕەعیەتەکانی شاری وۆرمسیش بکەوێت.
گۆتێز: سەیرە! سەیرە!
گۆهێر: ئوسقۆفی مەزن بڕیاریان داوە ئەم کێشە زوو تێپەڕەیان لێ نەگرن.
گۆتێز: بیرۆکەیەکی زۆر باشە.
گۆهێر: کەوایە ڕازین؟ بەو خێراییە؟
گۆتێز: تەواو ڕازیم.

گۆهێر دەستەکانی دەیەکتری هەڵدەسوێت.

گۆهێر: زۆر باشە، ڕاستە. ئێوە پیاوێکی ژیرن. بەتەمان کەی دەست لە گەمارۆکە هەڵگرن؟
گۆتێز: سبەینێ کارەکە تەواو دەبێت.
گۆهێر: سبەی کەمێک زووە. ئوسقۆفی مەزن خودازیاری ئەوەن کە لەگەڵ خەڵکی شارەکە نەکەونە گوتوبێژەوە. ئەگەر سووپاکەی ئێوە تا

چەند ڕۆژێکی دیکە لە گەمارۆی شارەکەدا بمێنینەوە، گوتوبێژەکە هاسانتر دەبێت.

**گۆتێز:** ڕاستە! باشە، کێ گەرەکیەتی لەگەڵ ئەوان گوتوبێژ بکات؟

**گۆهێر:** من.

**گۆتێز:** کەی؟

**گۆهێر:** سبەی.

**گۆتێز:** شتی وا نابێت.

**گۆهێر:** بۆچی؟

**گۆتێز:** کاترین، پێی بڵێین؟

**کاترین:** ئەرێ، جەرگەکەم.

**گۆتێز:** تۆ پێی بڵێ، من دڵم نایەت، دەترسم زۆری دلگران بکەم.

**کاترین:** گۆهێر، تا سبەی هەموو خەڵکی شار مردوون.

**گۆهێر:** مردوون؟

**گۆتێز:** هەموویان.

**گۆهێر:** هەموویان مردوون؟

**گۆتێز:** هەموو مردوون. هەر ئەو شەو دەمرن. ئەم کلیلە دەبینی؟ ئەمە کلیلی شارە. تا کاتژمێرێکی دیکە دەست بە کوشتن دەکەین.

**گۆهێر:** هەموویان؟ تەنانەت پارەدارەکانیش؟

**گۆتێز:** تەنانەت پارەدارەکانیش.

**گۆهێر:** بەڵام ئێوە ددانتان نا بە لێخۆشبوونەکەی ئوسقۆفدا..

**گۆتێز:** ئێستایش ددانی پێدا دەنێم. ئوسقۆفی مەزن کەوتووەتە بەر ئیهانەکردنەوە و کەشیشە، ئەم دووانە هەردووکیان هۆکاری بەخشینن،

بەڵام من بۆ ببەخشم؟ خەڵكی وۆرمس ئیهانەیان بە من نەكردووە. نا، نا، من سەربازم و هەر لەبەر ئەوەیشە كە دەبێت بكوژم. لەبەر ئەركەكەم دەیانكوژم و ئوسقۆفیش بە پێی لێپرسراوییەتەكەی دەیانبەخشێت.

ساتێك هەموو بێدەنگ دەبن. دواتر گۆهێز دەست بە پێكەنین دەكات. سەرەتا كاترین و پاشانیش گۆتێز پێدەكەنێن.

**گۆهێز:** (بە پێكەنینەوە) ئێوە حەزتان لە گاڵتەیە.
**گۆتێز:** (بە پێكەنینەوە) تەنیا حەزم لەمەیە.
**كاترین:** زۆر گاڵتەجارە، وانییە؟
**گۆهێز:** زۆر، و چاكیش سەری لە سەودا دەردەچێت.
**گۆتێز:** سەودا؟
**گۆهێز:** سی ساڵە كە من یاسایەكم بۆ خۆم داناوە و بە پێی ئەو یاسایە ڕەفتار دەكەم. ئەو بنەما و یاسایەیش ئەوەیە كە هەر كەسەوە و لە هەر كارێكدا بە دوای بەرژەوەندی خۆیەوەیە. هەندێ كەسی جیاواز لە بەرامبەر مندا، بۆ پاساوی ڕەوتارەكانیان، شەرافەتمەندانەترین هۆكاریان هێناوەتەوە، بەڵام من بەم گوێیەم دەمبیست و لە گوێیەكەی دیكەمەوە دەمكردە دەرەوە و بە خۆمم دەگوت: بەرژەوەندییان لە چیدایە؟
**گۆتێز:** ئەی ئەو دەمەی دەتزانی بەرژەوەندییان لە چیدایە؟!
**گۆهێز:** ئەو كاتە چوومە نێو گوتووبێژەوە.
**گۆتێز:** ئێستا تێگەیشتووی كە بەرژەوەندی من لە كوێدایە؟
**گۆهێز:** ڕێزتان هەیە.

**گۆتێز:** لە چیدایە؟

**گۆهێر:** هێور بن، ئێوە سەر بە گرووپێکن کە هەڵکردن لەگەڵیان دژوارە. دەبێت هەنگاو بە هەنگاو بچیتە پێشەوە.

**گۆتێز:** کام گرووپ و تاقم؟

**گۆهێر:** تاقمی خەیاڵپەرستەکان.

**گۆتێز:** واتە کامانە؟

**گۆهێر:** سەرنج بفەرموون، من خەڵکی دنیا بە سەر سێ گرووپدا دابەش دەکەم: ئەوانەی کە پارەی زۆریان هەیە، ئەوانەی کە هیچیان نییە، ئەوانەی کە کەمێکیان هەیە. گرووپی یەکەم دەیانەوێت ئەوەی کە هەیانە بیپارێزن، بەرژەوەندییان لەوەدایە کە بارودۆخەکە هەر بەو شێوەیەی کە هەیە بیهێڵنەوە. گرووپی دووهەم دەیانەوێت ئەو شتەی کە نیانە بەدەستی بێنن، بەرژەوەندییان لەوەدایە کە بارودۆخەکە تێک بدەن و بارودۆخێکی دیکە بێننە کایەوە کە بۆیان بەسوود بێت. هەردووکی ئەم گرووپانە ڕاستبینن، کەسانێکن کە دەکرێت لەگەڵیان هەڵکەیت، بەڵام گرووپی سێیەم دەیانەوێت بارودۆخ و سیستەمە حازرەکە تێک بشڵەقێنن تا ئەوەی کە نیانە بە دەستی بێنن و لە هەمان کاتدا دەیانەوێت بارودۆخە حازرەکە پارێزن تا ئەوەی کە هەیانە لە دەستی نەدەن. کەواتە ئەو شتەی لە خەیاڵیاندا لە نێوی دەبەن، بە ڕەوتار دەیپارێزن، یا بە پێچەوانەوە ئەو شتەی کە بە ڕووکار پاراستوویانە، لە ڕەوتاردا لە نێوی دەبەن. ئەمانە خەیاڵپەرستەکانن.

**گۆتێز:** بێچارە بەدبەختەکان. چۆن دەکرێت چارەسەرێکیان بۆ بکرێت؟

گۆهێر: لەوەوە کە بیانخزێنینە یەکێك لە دوو گرووپەکەی دیکەوە. ئەگەر پارەداریان بکەیت، دەبنە پاڵپشت و لایەنگری بارودۆخە حازرەکە.

گۆتێز: کەواتە من پارەدار بکەن، چیم دەدەنێ؟

گۆهێر: ماڵ و موڵکی کێنراد.

گۆتێز: خۆ ئەوانەتان پێشتر دابووە من.

گۆهێر: ڕاستە، بەڵام لەبیرتان بێت کە ئەوانە ئەمانەتی دلۆڤانی و بەخشیشی ئوسقۆفی مەزنن.

گۆتێز: ئاسوودە بن کە لەبیری ناکەم، ئیتر چی؟

گۆهێر: براکەتان قەرزار بوو.

گۆتێز: بێچارە.

بە پەنجەکانی نیشانەی خاچ لەسەر خۆی دەکێشێت و هۆن هۆن دەست بە گریان دەکات.

گۆهێر: چی ڕوویدا؟

گۆتێز: هیچ نەبووە، سروشتی بنەماڵەیی بوو. دەی؟ دەتانگوت کە براکەم قەرزار بووە.

گۆهێر: ئێمە دەتوانین قەرزەکانی بدەینەوە.

گۆهێر: ئەمە لە بەرژەوەندی من نییە، چونکە ئەمدەویست قەرزەکەی بدەمەوە. ئەمە لە بەرژەوەندی قەرزدەرەکانیەتی.

گۆهێر: داهاتێکی ساڵانەی نزیك بە هەزار پوولی زێڕت پێ چۆنە؟...

**گۆتێر:** سەربازەکانم چی؟ ئەگەر نەیانەوێت بە دەستی خاڵی بۆ ماڵەکانیان بگەڕێنەوە؟

**گۆمێز:** هەزار پووڵی زێڕی دیکە تا لەنێو سەربازەکانتدا دابەشی بکەن، بەسە؟

**گۆتێر:** زیادیشە.

**گۆمێز:** کەوانە ڕازین؟

**گۆتێر:** نا.

**گۆمێز:** دوو هەزار پووڵ وەکو داهاتی ساڵانە؟ سێ هەزار، بەڵام لەمە زیاتر مەیسەر نابێت.

**گۆتێر:** کەس پارەی لە ئێوە داوا نەکردووە؟

**گۆمێز:** کەوانە چیت دەوێت؟

**گۆتێر:** دەمەوێت شار بگرم و وێرانی بکەم.

**گۆمێز:** باشە گرتنی شارەکە ئەوە شتێکە، بۆچی دەتانەوێت وێرانیشی بکەن؟

**گۆتێر:** چونکە هەمووان دەیانەوێت بیپارێزم.

**گۆمێز:** (راچڵەکاو)، واتە من هەڵەم کردووە...

**گۆتێر:** ئەری گیانەکەم! تۆ نەتتوانی بەرژەوەندییەکەی من لێک بدەیتەوە! باڵا بزانم، بەرژەوەندی من لە چیدایە؟ بیدۆزەوە! دەی وەیدۆزەوە دەی! بەڵام خێرا بکە. دەبێت تا کاتژمێرێکی دیکە دۆزیبێتتەوە، ئەگەر تا ئەو کاتە دەزووانە نەدۆزیتەوە کە مرۆڤیلەی بووتم بەجووڵە دەخەن، ناچارت دەکەم بە نێو کۆڵانەکانی شاردا بڕۆیت تا گڕتێبەربوونی یەکە یەکەی خانووەکان ببینیت.

**گۆتێز:** سەربازەکانم چی؟ ئەگەر نەیانەوێت بە دەستی خاڵی بۆ ماڵەکانیان بگەڕێنەوە؟

**گۆهێر:** هەزار پوولی زێڕی دیکە تا لەنێو سەربازەکانتدا دابەش بکەن، بەسە؟

**گۆتێز:** زیادیشە.

**گۆهێر:** کەواتە ڕازین؟

**گۆتێز:** نا.

**گۆهێر:** دوو هەزار پوول وەکو داهاتی ساڵانە؟ سێ هەزار، بەڵام لەمە زیاتر مەیسەر نابێت.

**گۆتێز:** کەس پارەی لە ئێوە داوا نەکردووە؟

**گۆهێر:** کەواتە چیت دەوێت؟

**گۆتێز:** دەمەوێت شار بگرم و وێرانی بکەم.

**گۆهێر:** باشە گرتنی شارەکە ئەوە شتێک، بۆچی دەتانەوێت وێرانیشی بکەن؟

**گۆتێز:** چونکە هەمووان دەیانەوێت بیپارێزم.

**گۆهێر:** (ڕاچڵەکاو)، واتە من هەڵەم کردووە...

**گۆتێز:** ئەرێ گیانەکەم! تۆ ئەتتوانی بەرژەوەندییەکەی من لێک بدەیتەوە! یاڵا بزانم، بەرژەوەندی من لە چیدایە؟ بیدۆزەوە! دەی وەیدۆزەوە دەی! بەڵام خێرا بکە، دەبێت تا کاتژمێرێکی دیکە دۆزیبێتتەوە، ئەگەر تا ئەو کاتە دەزووانە نەدۆزیتەوە کە مرۆڤیلەی بوونم بەجووڵە دەخەن، ناچارت دەکەم بە نێو کۆڵانەکانی شاردا بڕۆیت تا گڕتێبەربوونی یەکە یەکەی خانووەکان ببینیت.

**گۆهێر:** ئێوە خیانەت لە بڕوای نوسقۆفی مەزن دەکەن.

**گۆتێز:** خیانەت؟ بڕوا؟ ئێوە هەمووتان لە یەك جۆرە کووتاڵن، ئێوە ڕاستیبینەکان، کاتێك ئیتر نازانن چ بڵێن، وشەکانی خەیاڵپەرستەکان بە کار دەهێنن.

**گۆهێر:** ئەگەر شارەکە وێران بکەن، ماڵ و موڵکی براکەتان پێتان ناگات.

**گۆتێز:** بۆ خۆتانی هەڵگرن! گۆهێر، بەرژەوەندی من لەوەدا بوو کە ئەم ماڵ و موڵکە وەدەست بێنم و پاشان لەوێدا بژیم، بەڵام من وەکو تۆ دڵنیا نیم کە مرۆڤ هەر شتێك دەکات لە ڕێگەی بەرژەوەندیخودازییەوە بێت. بڕۆن بۆ خۆتانی هەڵگرن تا نوسقۆف بیکاتە هەر شوێنێکی نەنالەبارتری! من براکەم کردە قوورپانی نوسقۆفی مەزن و ئێستا گەرەکتانە لەسەر گیانی بیست هەزار بەرەڵا خۆش بم؟ من دانیشتوانی وۆرمس دەکەمە قوربانی ڕۆحی براکەم، ئەو شەو هەموویان بە شانازی ئەوەوە دەبنە خۆڵەمێش، بەڵام با بێینە سەر ماڵ و موڵکی "هایدنشتام"! ئەگەر نوسقۆفی مەزن حەزی لێیە با بچێتە ئەوێ و خۆی لە دنیا دوور بخاتەوە و خۆی بە کشتوکاڵەوە سەرقاڵ بکات. گومانیشم لەوە هەیە پێویستی بەم کارەیش هەبێت، چونکە من دەمەوێت ئەو شەو مایەپووچی بکەم. (ئێدەنگی) فرانتێز، (فرانتێز دێتە ژوورەوە)، ئەم بەڕێزە ڕاستبینە ببە و فەرمان بکە ڕیزی سەربازی لێ بگرن و دواتر پاش ئەوەی چووە نێو خێمەکەیەوە، بە توندی دەست و پێی ببەستەوە.

**گۆهێر:** نا! نا! نا! نا!

**گۆتێز:** چی بوو؟

**گۆهێر:** من جوومگەئازارم هەیە، تەنافەکانتان دەمکوژێت. دەتانەوێت بەڵێنی شەرەفتان بدەمێ کە پێ لە خێمەکەم ناخەمە دەرەوە؟

**گۆتێز:** بەڵێنی شەرەف بدەی؟ بەرژەوەندی هەنووکەیی تۆ لەوەدایە کە بەڵێنی شەرەفم بدەیتێ، بەڵام بەرژەوەندی دواتری تۆ لەوەدا دەبێت کە لە ژێر قەولی شەرەفەکەت بچێتە دەرەوە. بڕۆ فرانتێز، گرێکانیش بە توندی ببەستە.

فرانتێز و گۆهێر دەچنە دەرەوە. هەر لەو کاتەدا هاواری (هەر بژی گۆهێر) سەرەتا لە نێزیک خێمەکە و دواتریش لە دوورترەوە بەر گوێ دەکەوێت تا وردە وردە کپ دەبێت.

دانیشتنی نۆیەم

گۆتێز، کاترین، هێرمان (بە حەشاردراوی)

گۆتێز: بژی گۆهێر! (بە قاقا پێدەکەنێت)، ماڵئاوا ماڵ و موڵکە خۆشەویستەکەم! ماڵئاوا ئەی کێڵگەکان و ئەی ڕووبارەکان! ماڵئاوا ئەی کۆشکەکە!

کاترین: (بە پێکەنینەوە) ماڵئاوا ئەی ماڵ و موڵك! ماڵئاوا ئەی کۆشك! ماڵئاوا ئەی وێنەکانی بنەماڵە!

گۆتێز: حەسرەتی مەخۆ! لەوێ وەها بێتاقەت دەبووین کە دیقمان دەکرد. (بێدەنگی) پیری خەڵەفاو! (بێدەنگی) نەدەبوو لە پێشمدا شاتوشووت بکات و توورەم بکات!

کاترین: دڵگرانی؟

گۆتێز: بە تۆ چی؟ (بێدەنگی) وا پێدەچێت خراپە هەمووان دڵگران دەکات، و پێش لە هەموو کەس، ئەوەی کە خراپەکە دەکات.

کاترین: (بە کەمڕوویەکەوە)، ئەوە هات و شارت نەگرتبا، چ دەقەوما؟

گۆتێز: ئەگەر شارەکەم نەگرتبا، تۆ دەبوویتە خاوەنی کۆشك.

کاترین: مەبەستم ئەوە نەبوو.

گۆتێز: کەواتە بیری لێ مەکەرەوە و دڵخۆش بە بەوەی کە دەستی بەسەردا دەگرم.

کاترین: ئاخر بۆ چی؟

گۆتێز: بۆ ئەوەی کە کارێکی خراپە؟

**گۆهێر:** من جوومگەنازارم هەیە، تەنافەکانتان دەمکوژێت. دەتانەوێت بەڵێنی شەرەفتان بدەمێ کە پێ لە خێمەکەم ناخەمە دەرەوە؟

**گۆتیێر:** بەڵێنی شەرەف بدەی؟ بەرژەوەندی هەنووکەیی تۆ لەوەدایە کە بەڵێنی شەرەفم بدەیتێ، بەڵام بەرژەوەندی دواتری تۆ لەوەدا دەبێت کە لە ژێر قەولی شەرەفەکەت بچیتە دەرەوە. بڕۆ فرانتێز، گرێکانیش بە توندی ببەستە.

فرانتێز و گۆهێر دەچنە دەرەوە. هەر لەو کاتەدا هاواری (هەر بژی گۆهێر) سەرەتا لە نێزیک خێمەکە و دواتریش لە دوورترەوە بەر گوێ دەکەوێت تا وردە وردە کپ دەبێت.

## دانیشتنی نۆیەم

گۆتێز، کاترین، هێرمان (بە حەشاردراوی)

**گۆتێز:** بژی گۆهێر! (بە قاقا پێدەکەنێت)، ماڵئاوا ماڵ و موڵکە خۆشەویستەکەم! ماڵئاوا ئەی کێڵگەکان و ئەی ڕووبارەکان! ماڵئاوا ئەی کۆشکەکە!

**کاترین:** (بە پێکەنینەوە) ماڵئاوا ئەی ماڵ و موڵك! ماڵئاوا ئەی کۆشك! ماڵئاوا ئەی وێنەکانی بنەماڵە!

**گۆتێز:** حەسرەتی مەخۆ! لەوێ وەها بێتاقەت دەبووین کە دیقمان دەکرد. (بێدەنگی) بیری خەڵەفاو! (بێدەنگی) نەدەبوو لە پێشمدا شاتوشووت بکات و تووڕەم بکات!

**کاترین:** دلگرانی؟

**گۆتێز:** بە تۆ چی؟ (بێدەنگی) وا پێدەچێت خراپە هەمووان دلگران دەکات، و پێش لە هەموو کەس، ئەوەی کە خراپەکە دەکات.

**کاترین:** (بە کەمڕوویەکەوە)، ئەوە هات و شارت نەگرتبا، چ دەقەوما؟

**گۆتێز:** ئەگەر شارەکەم نەگرتبا، تۆ دەبوویتە خاوەنی کۆشك.

**کاترین:** مەبەستم ئەوە نەبوو.

**گۆتێز:** کەواتە بیری لێ مەکەرەوە و دڵخۆش بە بەوەی کە دەستی بەسەردا دەگرم.

**کاترین:** ئاخر بۆ چی؟

**گۆتێز:** بۆ ئەوەی کە کارێکی خراپە؟

**کاترین:** دەی بۆچی دەتەوێت خراپە بکەیت؟

**گۆتێز:** چونکە باشەیان کردووە.

**کاترین:** کێ کردوویەتی؟

**گۆتێز:** خودای گەورە. کاری من پیلاندانان و داهێنانە. (هاوار دەکات). هۆی، قوماندار "شانە" ئامادە بکەن. خێرا!

گۆتێز لە دەرگای خێمەکە دەوەستێت و سەیری دەرەوە دەکات.

**کاترین:** سەیری چی دەکەی؟

**گۆتێز:** شار، (بێدەنگی) بیر لەوە دەکەمەوە کە ئەو شەوە مانگەشەوە بوو یا نا.

**کاترین:** کەی؟ کوێ؟...

**گۆتێز:** پارساڵ کە دەمویست شاری (هالە) بگرم. شەوێکی وەکو ئەو شەو بوو و لە نێو دەرگای خێمەکەمدا وەستابووم و سەیری بورجی سەر قەڵای شارەکەم دەکرد. کە بەیانی داهات، هێرشمان کرد، (دەگەڕێتەوە و بەرەو ڕووی کاترین دەچێت)، هەر چۆنێك بێت، تا ئاشکرا نەبووە من بۆی دەردەچم. سواری ئەسپ دەبم و ماڵئاوا.

**کاترین:** تۆ.. دەڕۆی؟

**گۆتێز:** سبەی بەر لە نیوەڕۆ، بە هیچ کەسیش ناڵێم.

**کاترین:** ئەی من؟

**گۆتێز:** تۆ؟ کوونە لووتت بگرە و دووعا بکە کە با لەوێوە ئەیەت. (قووماندار دێتە ژوورەوە)، دوو هەزار پیاوی چەکدار لە هێزی (ووڵفمار)

و (ئۆلریش) ئامادە بن تا نێو کاتژمێری دیکە لەگەڵمدا بێن. دەبێت سووپاکەی دیکەیش لە حاڵی ئامادەباشی بن. دەبێت هەموو ئەمانە لە تاریکی و بە بێدەنگی بەڕێوە بچن. (قووماندار دەچێتە دەرەوە. تا کۆتایی پەردەکە، دەنگی نزمی ئامادەبوونی سووپا بەر گوێ دەکەوێت.)
کەواتە، گیانەکەم، تۆ نابیتە خاوەنی کۆشکەکە.

**کاترین:** دەترسم نەبم.

**گۆتیێز:** مەگەر زۆر بەهیوا بووی؟

**کاترین:** بەلانی کەمەوە باوەڕیشم نەبوو.

**گۆتیێز:** بۆچی؟

**کاترین:** چونکە تۆ دەناسم.

**گۆتیێز:** (بە هاوارکردنەوە) تۆ، تۆ من دەناسی؟ (دەوەستێت و پێدەکەنێت) ڕەنگیشە. ڕەنگە ڕەفتارەکانم جێگەی پێشبینی بن. (بێدەنگی) ڕەنگە بۆ ئەوەی من بناسی ڕێ و شوێنێکت هەیە و پیلانگەلێك دادەڕێژیت: دەمخەیتە ژێر چاودێرییەوە، سەیرم دەکەی، لە بچووکترین جووڵەم دەنۆڕی.. (سەیری دەکات)، وەرە سەر تەختەکە.

**کاترین:** نا.

**گۆتیێز:** دەڵێم وەرە، دەمەوێت عەشقبازی بکەم.

**کاترین:** هیچ کات نەمبینیبوو ئەوەندە سوور بیت (گۆتیێز بە توندی شانەی لە باوەش دەگرێت) و نەك ئەوەندەیش عەجوول. چی ڕوویداوە؟

**گۆتیێز:** دڵەڕاوکێ پیاو هەڵدەنێت.

**کاترین:** تۆ دڵەڕاوکێت هەیە؟

**گۆتێز:** ئەری (خۆی دەخزێنێتە سەرەوە و لەسەر تەختەکە دادەنیشێت. پشتی لە ئەفسەرە خۆوەشاردراوەکەیە)، یاڵا وەرە!

کاترین بەرەو لای دەچێت و بە توندی پاڵی پێوە دەنێت و لە شوێنی خۆی دایدەنیشێنێتەوە.

**کاترین:** هاتم، ئەرێ، من هی تۆم، بەڵام سەرەتا پێم بڵێ کە چارەنووسی من چی لێ دێت؟

**گۆتێز:** کەی؟

**کاترین:** لە سبەینێوە.

**گۆتێز:** من چووزانم، هەر شتێك دڵت بخوازێت.

**کاترین:** واتە.. ژنێکی هەرزە.

**گۆتێز:** دەی، بەڵێ. بە بڕوای من باشترین ڕێگە هەر ئەمەیە، وا نییە؟

**کاترین:** ئەی ئەگەر حەزم لەو نەبێت؟

**گۆتێز:** گەمژەیەك وەدۆزە تا هاوسەرگیریت لەگەڵدا بکات.

**کاترین:** تۆ چ دەکەی؟

**گۆتێز:** دووبارە دەبمەوە کرێگرتە. دەڵێن هۆسیتەکان "پەیڕەوانی (جان هوس Jean Huss.)ی پرۆتستانی ناوداری خەڵکی چێك کە بە بڕیاری کڵێسە لە نێو ئاگردا بە زیندوویی سووتێنرا (١٤١٥)" بێتامیان کردووە و دەچم تەمێیان دەکەم.

**کاترین:** منیش ببە.

**گۆتێز:** کە چت لێ بکەم؟

کاترین: ڕۆژێك هەر دێت کە پێویستت بە ژن بێت، بۆ نمونە ئەو کاتەی کە مانگەشەوە و دەتەوێت شار بگرێت و ڕاڕایت و هەست بە عەشق دەکەی.

گۆتێز: هەموو ژنەکان وەکو یەکن. هەرکاتێك حەزم لێبێت پیاوەکانم دە دە بۆم دێنن.

کاترین: (لە ناکاوێکدا بە هاوارەوە)، من نامەوێت!

گۆتێز: تۆ ناتەوێت؟

کاترین: من دەتوانم بۆت ببمە بیست ژن یا سەد ژن. ئەگەر بتەوێت، دەتوانم خۆم بکەمە هەموو ژنانی دنیا. لەسەر زینی ئەسپەکەت سوارم بکە و ببمە. قورس نیم، ئەسپەکەت هەست بە قوورسی من ناکات. دەمەوێت سۆزانی ماڵەکەی تۆ بم.

خۆی بە گۆتێزەوە دەنووسێنێت.

گۆتێز: چی بووە؟ (بێدەنگی، سەیری کاترین دەکات، لە ناکاو بە بێ پێشەکی..) گووم بە! لەبری تۆ من شەرم دامدەگرێ!

کاترین: (بە کڕووزانەوە و پاڕانەوە) گۆتێز!

گۆتێز: من بەرگەی ئەوە ناگرم، کە بەم شێوەیە سەیرم بکەی. وادیارە تۆ لەو کۆنە سۆزانیە پیسانەی کە دووبارە دەتوانی پاش هەموو ئەو بەڵایانەی کە بەسەرمدا هێناوی، خۆشت بوێم.

**کاترین:** (بە هاوار هاوار) من خۆشم ناوێت، سوێند دەخۆم کە خۆشم ناوێت! ئەگەر خۆشیشم ویستبای ئەوا تۆ هیچ کات نەتدەزانی! بەڵام چ جیاوازییەکی بۆ تۆ هەیە کە کەسێك خۆشتی بوێت و پێت نەڵێت؟

**گۆتێز:** بە کەڵکی چی دێت کە خۆشتان بوێم؟ ئەگەر تۆ منت خۆش بوێت ئەوا چێژەکەی بەر تۆ دەکەوێت نەوەك من. ون بە، گەند و گوو! نامەوێت سوودم لێوەر گرن.

**کاترین:** (بە هاوارەوە) گۆتێز! گۆتێز! بەجێم مەهێڵە! ئیتر من کەسم لەو دنیایە نییە!

گۆتێز هەوڵی ئەوە دەدات لە خێمەکەی فڕێیداتە دەرەوە. کاترین خۆی بە دەستەکانییەوە دەنووسێنێت.

**گۆتێز:** دەڕۆی یان نا؟

**کاترین:** خۆت ویستت، گۆتێز! تا چاوت کوێر بێت! (هێرمان لە حەشارگەکەی وەدەردەکەوێت و دەست بە خەنجەر هێرشی دەکاتە سەر)، نای، خێراکە!

**گۆتێز:** (دەگەڕێتەوە و مەچەکی دەستی هێرمان دەگرێت)، فرانتێز! (سەربازەکان دێنە ژوورەوە، گۆتێز پێدەکەنێت)، دواجار منیش توانیم یەکێك زۆر تووڕە بکەم.

**هێرمان:** (روو لە کاترین) گەند و گوو! خائین!

**گۆتێز:** (ڕوو لە کاترین)، تۆ هاودەستی بووی؟ خۆشم لەوە هات! زۆریشم خۆش لێ هات! (دەست بە چەنەگەی کاتریندا دێنێت) ئەم پیاوە ببەن... ئێستا چارەنووسی دیاری دەکەم.

سەربازەکان هێرمان دەبەنە دەرەوە. ساتێك بە بێدەنگی تێدەپەڕێت.

**کاترین:** چی لێ دەکەی؟

**گۆتێز:** من ناتوانم لەو کەسانە تووڕە و دلگیر بم کە دەیانەوێت بمکوژن. باش دەزانم کە حاڵیان چۆنە. تەنیا فەرمانی ئەوە دەدەم کە هەیکەلە زلەکەی وەکو بەرمیل کونکون بکەن، نەکا خۆیشی هەر وەکو بەرمیلە؟

**کاترین:** چی لەگەڵ من دەکەی؟

**گۆتێز:** ڕاست دەکەی دەبێت سزای تۆیش بدەم.

**کاترین:** ناچار نیت.

**گۆتێز:** بۆچی؟ (بێدەنگی) زۆرێك لە سەربازەکانم هەن کە بە بینی تۆ دەمیان پڕ دەبێت لە ناو. تۆیان بە دیاری دەدەمێ. دواتر، ئەگەر زیندوو مایتەوە، سەربازێکی سیفیلیسی (هالۆقی)* دەدۆزمەوە کە چاوێکی کوێر بێت و دواتر بە کەشیشی وۆرمس دەڵێم تۆی لێ مارە بکات.

**کاترین:** باوەڕ ناکەم.

**گۆتێز:** باوەڕ ناکەیت؟

**کاترین:** نا، تۆ شەرەف.. تۆ ئەو کارە ناکەیت. من دڵنیام. من دڵنیام!

**گۆتێز:** نایکەم؟ نا؟ (هاوار دەکات) فرانتێز! فرانتێز! (فرانتێز بە دوو سەرباز دێتە ژوورەوە)، وە دەردی بووکە خان بگە، فرانتێز.

**فرانتێز:** کامە بووکەخان؟

**گۆتیێ:** کاترین،، سەرەتا بە شان و شکۆ و سەنسەنە دەیدەی بە هەموو سەربازەکان، دواتر...

*کەسێك کە تووشی نەخۆشی ترسناکی کۆئەندامی زاوزێ بوویێت"

دانیشتنی دەیەم

هەر ئەو کەسانە لەگەڵ ناستی

ناستی دێتە ژوورەوە، دەچێت بەرەو لای گۆتیێز و شەپلاخێکی لەگوێی دەسرەوێنێ.

**گۆتیێز:** هۆی، پیاو، چی دەکەی؟
**ناستی:** لە بن گوێت دەدەم.
**گۆتیێز:** خۆیشم تێدەگەم. (دەیگرێت و دەیوەستێنێت) تۆ کێیت؟
**ناستی:** ناستی نانەوا.
**گۆتیێز:** (روو لە سەربازەکان)، ناستییە؟
سەربازەکان: بەڵێ، خۆیەتی.
**گۆتیێز:** بە گیانی خۆم دەستکەوتێکی باشم گرتووە.
**ناستی:** تۆ منت نەگرتووە، خۆم هاتووم.
**گۆتیێز:** وا هەژمار بکە. ئەنجامەکەی یەکە. ئەورۆ خودا چاکەی زۆری لەبەرامبەر کردوومە. (سەیری ناستی دەکات)، کەواتە ئەمە خودی ناستییە، سەرکردەی سواڵکەرەکانی ئاڵمانیا. تۆ هەر ئەوەی کە بیرم لێ دەکردەوە، سارد و وشك وەکو تەقوا.
**ناستی:** من دژکار و پاك نیم. ڕەنگە منداڵەکانی ئێمە وایان لێ بێت، بەو مەرجەی ئەوەندە خوێن بڕێژین تا مافی شکۆمەندییان پێ ببەخشین.
**گۆتیێز:** تێدەگەم: تۆ پێغەمبەری!

**ناستی:** وەکو هەموو خەڵکی.

**گۆتیێز:** بەڕاست؟ کەوایە منیش پێغەمبەرم؟

**ناستی:** هەر قسەیەک نیشانەیەکە لە خوداوە، هەر قسەیەک ئاخێوەری هەموو ڕاستییەکانە.

**گۆتیێز:** ئافەرین! کەواتە لەوە بەدواوە دەبێت ئاگاداری قسەکانم بم.

**ناستی:** چ سوودی بۆت هەیە؟ تۆ ناتوانی هیچ نەڵێی و هەر شتێکیش بڵێی نیشانەیەکە لە خودا و بەیانکەری هەموو ڕاستییەکانە.

**گۆتیێز:** زۆر باشە. ئێستا وەڵامی پرسیارەکانم بدەوە و هەوڵ بدە کە هەموو ڕاستییەکان نەڵێی، دەنا هیچ کات ناگەینە کۆتایی. کەوایە تۆ ناستی پێغەمبەر و ئانەوایت؟!

**ناستی:** بەڵێ، منم.

**گۆتیێز:** دەیانگوت کە تۆ لە وۆرمسی؟!

**ناستی:** لەوێ هاتمە دەرەوە.

**گۆتیێز:** ئەو شەو؟

**ناستی:** بەڵێ.

**گۆتیێز:** بۆ گوتوبێژ لەگەڵ من؟

**ناستی:** بۆ ئەوەی یارمەتی کۆبکەمەوە و لە پشتڕا هێرشت بکەمە سەر.

**گۆتیێز:** بیرۆکەیەکی زۆر باشە. چۆن بوو کە ڕوانگەی خۆتت گۆڕی؟

**ناستی:** کاتێک کە لە چادرگەکە تێدەپەڕیم، گوێم لێبوو کەسێکی دۆخمان شارەکەی داوەتە دەستتان.

**گۆتیێز:** دڵنیام دووکەڵێکی ناخۆش لە کەلەت بەرز بووەوە؟

**ناستی:** بەڵێ، زۆر ناخۆش.

**گۆتێژ:** دەی، دواتر؟

**ناستی:** لە سەر بەردێك لە پشت خێمەكەوە دانیشتبووم، بینیم كە خێمەكە ڕووناك بووەوە و سێبەری مرۆڤەكان كەوتنە جووڵە، لەو كاتەوەدا فەرمانم پێكرا كە بێمە لات و قسەت لەگەڵ بكەم.

**گۆتێژ:** كێ ئەو فەرمانەی پێ كردیت؟

**ناستی:** دەتەوێت كێ كردبێتی؟

**گۆتێژ:** بەڵێ، ئەرێ بە ڕاست كێ كردوویەتی؟ چ پیاوێكی بەختەوەر، فەرمان گەیشتە تۆ و تۆ دەزانی كە كێ فەرمان دەدات، فەرمانیش دەگاتە من، بۆ نموونە بۆ ئاگرتێبەردانی شاری وۆرمس، بەڵام من ناتوانم لەوە تێبگەم كە كێ ئەو فەرمانەی داوە. (بێدەنگی) ئایا خودا فەرمانی كرد تا لە بن گوێم بدەیت؟

**ناستی:** بەڵێ.

**گۆتێژ:** بۆچی؟

**ناستی:** نازانم، ڕەنگە لەبەر ئەوە بێت تا لۆكە لە گوێكانت دەربێنم.

**گۆتێژ:** بۆ هێنانی كەللە سەری تۆ دیاری دەدەن. ئایا خودا ئەمەیشی پێ گوتوویت؟

**ناستی:** خودا پێویستی بەوە نەبوو تا پێم بڵێت،، من هەمیشەدەم زانیومە كە چارەنووسم چییە.

**گۆتێژ:** ئەرێ. لەبیرم نەبوو كە تۆ پێغەمبەری و عیلمی غەیبت پێیە.

**ناستی:** پێویست بە عیلمی غەیب ناكات. كەسانی وەكو ئێمە بە دوو ڕێگە دەمرن. ئەوانەی كە خۆیان دەدەن بە دەستەوە لە برساندا دەمرن و

**گۆتێز:** دەی، دواتر؟
**ناستی:** لە سەر بەردێك لە پشت خێمەكەوە دانیشتبووم. بینیم كە خێمەكە ڕووناك بووەوە و سێبەری مرۆڤەكان كەوتنە جووڵە. لەو كاتەدا فەرمانم پێكرا كە بێمە لات و قسەت لەگەڵ بكەم.
**گۆتێز:** كێ ئەو فەرمانەی پێ كردیت؟
**ناستی:** دەتەوێت كێ كردبێتی؟
**گۆتێز:** بەڵێ، ئەرێ بە ڕاست كێ كردوویەتی؟ چ پیاوێكی بەختەوەرە. فەرمان گەیشتە تۆ و تۆ دەزانی كە كێ فەرمان دەدات. فەرمانیش دەگاتە من، بۆ نمونە بۆ ئاگرتێبەردانی شاری وۆرمس، بەڵام من ناتوانم لەوە تێبگەم كە كێ ئەو فەرمانەی داوە. (بێدەنگی) ئایا خودا فەرمانی كرد تا لە بن گوێم بدەیت؟
**ناستی:** بەڵێ.
**گۆتێز:** بۆچی؟
**ناستی:** نازانم. ڕەنگە لەبەر ئەوە بێت تا لۆكە لە گوێكانت دەربێنم.
**گۆتێز:** بۆ هێنانی كەللە سەری تۆ دیاری دەدەن. ئایا خودا ئەمەیشی پێ گوتوویت؟
**ناستی:** خودا پێویستی بەوە نەبوو تا پێم بڵێت.. من هەمووودەم زانیومە كە چارەنووسم چییە.
**گۆتێز:** ئەرێ. لەبیرم نەبوو كە تۆ پێغەمبەری و عیلمی غەیبت پێیە.
**ناستی:** پێویست بە عیلمی غەیب ناكات. كەسانی وەكو ئێمە بە دوو ڕێگە دەمرن، ئەوانەی كە خۆیان دەدەن بە دەستەوە لە برساندا دەمرن و

ئەوانەی کە خۆیان ئادەن بەدەستەوە دەچنە بن قەنارە. لە دوانزە ساڵییەوە دەزانی کە خۆ دەدەی بە دەستەوە یان نا.

**گۆتیێر:** زۆر باشە، ئێستا زوو بەسەر پێمدا بکەوە.

**ناستی:** بۆچی؟

**گۆتیێر:** ئاخر بۆ ئەوەی ڕەحمی من بجووڵێنی. ئایا خودا لەم بارەوە فەرمانێکی پێ نەکردووی؟

فرانتیێر، چەکمەکانی لە پێی گۆتیێر دەکات.

**ناستی:** نا، تۆ بەزەییت نییە، خودایش ڕەحم و بەزەیی نییە، من کە لە ڕۆژی وادەدراودا ڕەحم بە هیچ کەس ناکەم، بۆچی داوای بەزەیی و ڕەحم لە تۆ بکەم؟

**گۆتیێر:** (هەڵدەستێتە سەر پێ)، کەوایە بۆچی هاتووی بۆ ئێرە؟

**ناستی:** بۆ واڵاکردنی چاوەکانت، براکەم.

**گۆتیێر:** وای لەم شەوە سەیرە کە هەموو شتێك وەجۆش هاتووە. خودا لەسەر زەوی هەنگاو هەڵدەهێنێتەوە، خێمەکەم بووەتە ئاسمانی پڕ شۆڵە ئەستێرە و ئەمەیش جوانترین ئەستێرەی کشاو، ناستی پێغەمبەری ئانەوا کە هاتووە تا دیدەم بکاتەوە. کێ باوەڕ دەکات بۆ پاراستنی شارێکی بیست و پێنج هەزار کەسی، ئەرد و ئاسمان وە زەحمەت بکەوێت؟ ئەرێ بەڕاست، ئانەوا، کێ دەسەلمێنێ کە تۆ نەبوویتە داردەستی شەیتان؟

**ناستی:** کاتێك کە خۆر لێت دەدات، کێ پێت دەسەلمێنێ شەو نییە؟

**گۆتیێز:** شەو کە خەون بە خۆرەوە دەبینی، کێ بۆتە دەسەڵاتی ڕۆژ؟! و چی دەڵێی لە بارەی ئەوەی کە منیش ڕەنگە خودام لە خەودا بینیبێت و لەوەوە بڕیار و فەرمانم وەرگرتبێت؟ ها؟ لەم کاتەدا خۆری مَن لەبەرامبەر خۆری تۆ جێ دەگرێت، ڕووبەڕووبوونەوەی خۆر لەگەڵ خۆر. (بێدەنگی)، بنۆڕە، هەموو لە دەستی مندا ئەسیر بوونە، هەمووی لەم ژنە کە دەیویست من بکوژێت تا ئێردراوی ئوسقوفی مەزن و تۆی پاشای سواڵکەران. دەستی خودا پەردەی لەسەر پیلانەکان هەڵماڵی و تاوانبارانی ڕیسوا کرد. لەوەیش گرینگتر، یەکێك لە خزمەتکارە تایبەتەکەی خۆی نارد تا لە لایەن خوداوە کلیلی شارم بداتێ.

**ناستی:** (بە دەنگێکی گۆڕاو، توند و وشك)، یەکێك لە خزمەتکارە تایبەتەکانی ئەو؟ کامەیان؟

**گۆتیێز:** چ سوودێکی بۆ تۆ هەیە. تۆ کە شتێکی وا لە تەمەنت نەماوەتەوە. یاڵا ددان بەوەدا بنێ کە خودا لەگەڵ منە.

**ناستی:** لەگەڵ تۆ؟ نا.. تۆ پیاوی خودا نیت، زۆریش هونەرکاری بکەی، مێشهەنگوینی خودای.

**گۆتیێز:** تۆ چی دەزانی؟

**ناستی:** پیاوانی خودا یا دەشکێنن یا بەرهەف دەکەن، بەڵام تۆ دەهێڵیتەوە؟

**گۆتیێز:** من؟

**ناستی:** تۆ ئاشۆ بەرپا دەکەی و ئاشۆیش باشترین خزمەتکاری ڕێکخستنی ئەم بارودۆخەیە. تۆ بە خیانەتکردن لە کێنراد، کەڵەپیاوی و پاڵەوانیت بێهێز کرد و ئەۆ بە وێرانکردنی وۆرمس، چینی ناوەند بێهێز

دەکەی، ئەوە سوودی بۆ کێ دەبێت؟ بۆ بەهێزەکان؟! تۆ خزمەتکاری بەهێزەکانی، و هەر کارێك بکەی دووبارە خزمەتکاری ئەوانی. هەر رووخانێکی بێ پلان، لاوازەکان لاوازتر دەکات و دەوڵەمەندەکان دەوڵەمەندتر دەکات و هێز و دەسەڵاتی بەهێز و دەسەڵاتداران زیاتر دەکات.

**گۆتیێ:** کەواتە من هەر شتێکم بوێت بیکەم، پێچەوانەکەی دەکەم؟ (بە جەفەنگ و گاڵتەوە) بە خۆشییەوە خودا تۆی نارد تا ڕێگەی ڕاست نیشانی من بدەی، باشە.. چ پێشنیارێکت بۆ من هەیە؟

**ناستی:** پێشنیاری یەکگرتن.

**گۆتیێ:** ئەی هاااا.. واتە خیانەتێکی دیکە؟ میهرەبانیتان زیاد! بەلای کەمەوە ئەمەیان باش دەناسم، خووم پێوە گرتووە، بارودۆخی من ناگۆڕێت، بەڵام بڕیار وایە کە من نە لەگەڵ چینی ناوەند هەڵکەم و نە لەگەڵ کەڵەپیاوان و پاڵەوانەکان و نە لەگەڵ شازادەکان، ئیتر نازانم لەگەڵ کێ ڕێك بکەوم.

**ناستی:** شارەکە بگرە، دەوڵەمەند و کەشیشەکان بکوژە، شارەکە بدە بە هەژارەکان، سوپایەك لە وەرزێرەکان دروست بکە و ئوسقۆفی مەزن بکە دەرەوە. بۆ سبەینەکەی هەموو مەملەکەت ڕەگەڵت دەکەوێت.

**گۆتیێ:** (واقوڕماو)، کەواتە تۆ دەتەوێت من لەگەڵ هەژارەکان یەکبگرم؟

**ناستی:** لەگەڵ هەژارەکان، بەڵێ! لەگەڵ عامەی خەڵکی شار و دێهات.

**گۆتیێ:** پێشنیارێکی سەیرە!

**ناستی:** هاوپەیمانە سرووشتی و ڕاستەقینەکانی تۆ ئەوانن. ئەگەر تۆ بەڕاستی دەتەوێت وێران بکەیت، ئەوا کۆشك و کڵێسە دروستکراوەکانی

دەستی شەیتان خاپوور بکە، پەیکەرە بێ ئابڕووەکانی کافرەکان بشکێنە، کتێبە نووسراوەکانی دەستی زانستی شەیتانی بسووتێنە، زێڕ و زیو لەنێو ببە. وەرە لای ئێمە. ئەگەر ئێمە لەگەڵ تۆ نەبین، تۆ حەیران و سەرگەردان بە دەوری خۆتدا دەسووڕێیتەوە و تەنیا ئازاری خۆت دەدەی. ئەگەر ئێمە لەگەڵ تۆ بین، تۆ دەبییە بەڵای ئاسمانی.

**گۆتێز:** چی لەگەڵ چینی ناوەند دەکەن؟

**ئاستی:** دەست بەسەر سامانەکانیاندا دەگرین تا بۆ ڕووت و ڕەجاڵەکان پۆشاك و بۆ برسییەکان خواردن دەستەبەر بکەین.

**گۆتێز:** ئەی کەشیشەکان؟

**ئاستی:** دەیاننێرین بۆ ڕۆم.

**گۆتێز:** ئەی نەجیبزادەکان؟

**ئاستی:** سەر لە جەستەیان جیا دەکەینەوە.

**گۆتێز:** ئەو دەمەی ئوسقۆفی مەزنمان کردە دەرەوە؟

**ئاستی:** ئەوکاتە دەتوانین شاری خودا دروست بکەین.

**گۆتێز:** لەسەر چ بنەمایەك؟

**ئاستی:** هەموو خەڵکی یەکسان و بران، هەموویان لە خودادان و خودایش لە هەموویاندایە، ڕۆحی پیرۆز لە هەموو زارەکانەوە قسە دەکات، هەموو خەڵکی کەشیش و پێغەمبەرن، هەموویان دەتوانن خۆ دە ئاو هەڵکێشن و خۆیان پاك بکەنەوە، گوتاری هاوسەرگیری بخوێنن و مزگێنی بدەن، لە گوناهەکان خۆش بن. هەر کەسەی لە ژیانی جەستەیی خۆی و لەگەڵ کەسانی دەوروبەریدایە و لە ژیانی ڕۆحانیدا بە تەنیا لەگەڵ خودایە.

**گۆتێز:** لە شارەکەی ئێوە پێکەنین کەمتر وەسەر لێوی خەڵکی دەکەوێت.

**ناستی:** ئایا سزایە بەو کەسانە بێ بکەنین کە خۆشمان دەوێن؟ یاسای ئێمە عەشق و دلۆڤانی دەبێت.

**گۆتیێز:** من لەوێندا چی دەبم؟

**ناستی:** هاوشانی ئێمە.

**گۆتیێز:** ئەی ئەگەر حەزم لەوە نەبێت کە هاوشانتان بم؟

**ناستی:** هاوشانی هەموو خەڵکی یا خزمەتکاری هەموو بڕیاردەران، هەڵبژێرە.

**گۆتیێز:** پێشنیارەکەی تۆ شەرافەتمەندانەیە، نانەوا. تەنیا یەك کێشە هەیە کە هاودەمی لەگەڵ هەژارەکان ماندووم دەکات، ئەوان نەفرەتیان لە هەموو ئەو شتانە هەیە کە من خۆشم لێیان دێت.

**ناستی:** مەگەر تۆ چ شتێکت خۆش دەوێت؟

**گۆتیێز:** هەموو ئەو شتانەی کە تۆ دەتانەوێت وێرانیان بکەیت: پەیکەر، جوانکاری، شەڕ.

**ناستی:** مانگی ئاسمانیش هی تۆ نییە، فریوخواردووی سادە. تۆ شەڕ دەکەی تا نەجیبزادەکان سوودی لێ وەربگرن.

**گۆتیێز:** (بە قووڵی و ڕاستگۆیانە)، بەڵام من نەجیبزادەکانم خۆش دەوێت.

**ناستی:** تۆ؟ خۆ تۆ دەیانکوژی.

**گۆتیێز:** پەح! من جار جارە چەند دانەیەکیان لێ دەکوژم، چونکە ژنەکانیان زۆرزێ و منداڵ زۆرن و لە بەرامبەر هەر یەکێکیان کە دەیکوژم، دە دانە لەدایك دەبن، بەڵام حەزم لەوە نییە هەموویان لە دار

بدەن. بۆچی یارمەتی ئێوە بدەم کە خۆر و چراکانی سەر ڕووی زەوی بکوژێننەوە تا شەوی جەمسەری هەموو شوێنێك تاریك بکات.

ناستی: کەواتە تۆ هەروا قرموقاڵێکی بێ سوود دەبیت؟

گۆتێز: بێ سوود، ئەرێ، بێ سوود بۆ خەڵکی، بەڵام من بە خەڵکی چی؟ خودا دەنگی من دەبیستێت، من گوێی خودا کەڕ دەکەم و هەر ئەمە بەسە، چونکە ئەو تەنیا دوژمنێکە کە شایستەی منە. تەنیا خودا هەیە و من و کۆمەڵێك مەلۆتکە و دێوەزمە. ئەو شەو جەستەی تۆ و جەستەی بیست هەزار کەسی دیکەی خودا بە قوولاپەوە دەکەم، چونکە ڕەنج و ئازاری ئەو ناکۆتایە. من ئەم شارە ئاگر تێبەردەدەم و خودایش ئەمە دەزانێت. هەست دەکەم کە لەو ساتەدا هەراسانە. هەست دەکەم سەیری دەستەکانی من دەکات، بەسەر قژەکانمەوە هەست بە نەفەسی دەکەم. فریشتەکانی دەگرین. خودا بە خۆی دەڵێت: "ڕەنگە گۆتێز بوێری ئەوە نەکات" - تۆ بڵەی ئەو مرۆڤێکە وەکو گشت مرۆڤەکانی دیکە. بگرین، بگرین فریشتەکان، من بوێری ئەوە دەکەم. ئێستا لە نێوان ترس و تووڕەیی ئەودا دەڕۆمە پێشەوە و ئاگر لە شاری وۆرمس بەردەدەم. ڕۆحی خودا تالاری ئاوێنەیە و بڵێسەی ئاور لە هەزاران هەزار ئاوێنە دەدرەوشێتەوە. ئەو کاتەیە دەزانم بە تەواوی ماناوە دەبمە دێو، دیفریتی ڕووت و ڕەها. (روو لە فرانتێز) شمشێر و کەمەربەندەکەم بدەیە.

ناستی: (بە دەنگێکی بێ ئۆقرەییانەوە)، لە هەژارەکان خۆش بە. نوسقۆفی مەزن دەوڵەمەندە. ئەگەر بەدوای سەرگەرمییەوەی، ڕووبەڕووی ئەو ببەوە، بەڵام، گۆتێز، ئازاردانی هەژارەکان چێژی نییە.

گۆتێز: هەڵبەت چێژی نییە.

ناستی: دەی، کەوایە؟..
گۆتیێز: لە دنیای سەرەوە فەرمانم پێ گەیشتووە.
ناستی: بەسەر پێیەکانت دەکەوم و هانات بۆ دێنم.
گۆتیێز: وام دەزانی کە هاناکردن بۆ تۆ یاساغە.
ناستی: کاتێك پرسی ڕزگارکردنی خەڵکی لە گۆڕێدایە، هیچ شتێك یاساغ نییە.
گۆتیێز: پەیغەمبەر، وابزانم خودا تۆی خستووەتە داوەوە. (ناستی بێ گوێدانە ئەو، شانەکانی هەڵدەکێشێت)، دەزانی چ بەڵایەکت بەسەر دێنم؟
ناستی: ئەرێ، ئەشکەنجە و سێدارە. پێم گوتی کە من هەموو دەم ئاگاداری چارەنووسم بوومە.
گۆتیێز: ئەشکەنجە، سێدارە... ئەشکەنجە و سێدارە... چەندە ئاسایی و ماندووکەرە! کێشەی زووڵم و خراپە لەوەدایە کە بۆ مرۆڤ ئاسایی دەبنەوە. تاوەزداری پێویستە تا بکرێت شتێکی نوێ دابهێنرێت. نازانم بۆچی ئەو شەو ئیلهامم بۆ نایەت.
کاترین: کەشیشێکی بۆ بدۆزەوە تا بەر لە مردن دەدان بە گوناهەکانیدا بنێت.
گۆتیێز: کەشیش؟
کاترین: تۆ نایێت ئیزن بدەی کە بە بێ بەخشین بمرێت.
گۆتیێز: ناستی! بەمە دەڵێن تاوەزداری! ئەرێ، پیاو. کەشیشێکی دادپێنەرت بۆ ئامادە دەکەم! بەرپرسیارییە دینییەکەم فەرمانم پێ دەکات. پاشان ئاشێکم بۆت لێناوە کە زۆری حەز لێ دەکەیت. (روو لە فرانتێنز) برۆ کەشیش بێنە... (روو لە ناستی) ئەمە لەو کارانەیە کە بەدڵی منە.

واتە کارێکە کە چەند ڕووی هەیە، لە ڕوویەکەوە باشە و لە ڕوویەکەوە خراپە، و مرۆڤ لە خۆی دەپرسێت: ئایا باشە؟ ئایا خراپە؟ ئاوەز حەیران دەبێت.

**ئاستی:** دەستی کاتۆلیك ناگاتە من.

**گۆتێز:** ئەوەندە ئەشکەنجەت دەدەین تا ددان پێدا بنێیت، لەبەر خێر و بەرژەوەندی خۆت.

هاینریش دێتە ژوورەوە.

دانیشتنی پانزەیەم

هەمان ئەو کەسانە لەگەڵ هاینریش

**هاینریش:** تۆ چەندی کە توانیت، ئازارت دام، ئیتر وازم لێ بێنە.

**گۆتێز:** چی دەکرد؟

**فرانتێز:** لەنێو تاریکی دانیشتبوو و سەری دەلەقاند.

**هاینریش:** چیت لە گیانی من دەوێت؟

**گۆتێز:** دەمەوێت کارێکی پەیوەست بە کارەکەی خۆتەوە بدەمە دەستت. سەرەتا بە خێرایی ئەم ژنە مارە بکە. دووەمیش ئەوە کە دواهەمین ددانپیانانی ئەم پیاوەت گوێ لێدەبێت و داوای بەخششی بۆ دەکەی.

**هاینریش:** ئەم پیاوە؟... (ئاستی دەبینێ). وای؟...

**گۆتێز:** (خۆی بە سەرسوورماوی نیشان دەدات)، مەگەر یەکترتان دەناسی؟

**ناستی:** (روو لە گۆتێز)، ئەمە هەمان ئەو خزمەتکارەی خودایە کە کلیلی شاری دایە دەست تۆ؟

**هاینریش:** نا! نا! نا!

**گۆتێز:** کەشیش، شەرم ناکەی درۆ دەکەی؟

**هاینریش:** ناستی! (ناستی سەیری ناکات)، من نەمدەتوانی ئیزنی کوشتنی کەشیشەکان بدەم. (ناستی وەڵام ناداتەوە و هاینریش لێی نێزیک دەبێتەوە)، ها، دەمتوانی ڕێگەی کوشتنیان بدەم؟ دەپرسم (بێدەنگی. هەڵدەگەرێتەوە و ڕوو لە گۆتێز دەکات)، ئاخر بۆ دەبێت گوێ لە دادانپیانانەکانی ئەو بگرم؟

**گۆتێز:** چونکە دەمەوێت لە داری بدەم.

**هاینریش:** کەوایە زوو! زوو! زووتر لە داری بدە! و بۆ بیستنی دادانپیانانەکەی کەسێکی دیکە بدۆزنەوە.

**گۆتێز:** یا تۆ یا هیچ کەس.

**هاینریش:** کەوایە هیچ کەس.

دەیەوێت بچێتە دەرەوە.

**گۆتێز:** هەی! هەی! (هاینریش دەوەستێت) مەگەر دەتوانی ئاوا بە بێ دادانپێانان بمرێت؟

**هاینریش:** (هێواش هێواش دەگەڕێتەوە) نا، گاڵتەجاڕ، نا. تۆ ڕاست دەکەی ناتوانم. (روو لە ناستی) چۆك دادە. (بێدەنگی) ناتەوێت؟ براکەم، گوناهی من لە گەردەنی کڵێسە نییە و من هەر بە ناوی کڵێسەیەوەیە کە دەمەوێت داوای لێخۆشبوون بۆ گوناهەکانت بکەم! دەتەوێت لە بەرامبەر هەمووانددا دانی پێدا بنێم؟ (روو لە هەمووان) من لە ڕووی ڕق و کینە و سرووشت ناپاکییەوە، شارەکەمان دا بە دەست کۆمەڵکوژییەوە، من شایستەی سووکایەتیپێکردنی هەمووانم. تف لە ڕووم بکە و نیتر قسەی لەسەر مەکە. (ناستی ناجووڵێت)، سەرباز، تف بکە.

**فرانتێز:** (بە ڕووشادییەوە، ڕوو لە گۆتێز) تف بکەم؟

**گۆتێز:** (بێ گوناهانە)، تف بکە، گیانەکەم، دڵخۆش بە.

فرانتێز تف دەکات.

**هاینریش:** حیسابەکە پاك بووەوە. هاینریش لە خەجاڵەتیدا مرد. تەنیا کەشیش ماوەتەوە. کەشیشێکی سادە و ناسایی. ئێستا لە پێشیدا چۆك دادە. (پاش چاوەڕوانییەکی کورتی بێ سوود، لەناکاو لە ناستی دەسرەوێنیێ)، پیاوکوژ، مەگەر شێت بوومە کە خۆم لە بەردەمتدا بچووك دەکەمەوە لە کاتێکدا هەموو شتەکان لەژێر سەری تۆدان؟

**ناستی:** لەژێر سەری من؟

**هاینریش:** نەرێ، نەرێ.. لە ژێر سەری تۆدا. تۆ ویستت ڕۆڵی پێغەمبەرایەتی دەربێنیت و شکستت خوادرد، دەستبەسەر کرای و لەدار

دەدرێیت و هەموو ئەو کەسانەی کە بڕوایان پێ کردوویت دەگوژرێن، هەموویان! هەموو! ها! ها! تۆ بانگەشەی ئەوەت دەکرد کە دەزانی چۆن هەژارەکانت خۆش بوێت، بەڵام من نازانم. دەی، دەبینی کە تۆ لە من زیاتر زوڵمت لێکردن.

**ناستی:** لە تۆ زیاتر، گڵاو! (هێرش دەکاتە سەر هاینریش.. لێکیان جیا دەکەنەوە)، کێ بوو کە خیانەتی کرد؟ من یا تۆ؟

**هاینریش:** من! من! من! بەڵام ئەگەر تۆ ئوسقۆفت نەکوشتبا، من هەرگیز ئەو کارەم نەدەکرد.

**ناستی:** خودا فەرمانی کوشتنی پێ کردم، چونکە هەژارەکانی برسی دەکرد.

**هاینریش:** خودا، بەڕاست؟ کارەکە چەندە سادەیە، کەوایە خودایش فەرمانی بە من کرد کە خیانەت لە هەژارەکان بکەم، چونکە دەیانویست کەشیشەکان بکوژن.

**ناستی:** خودا ناتوانێت حوکمی خیانەت لە هەژارەکان دەربکات، خودا لەگەڵ هەژارەکاندایە.

**هاینریش:** ئەگەر خودا لەگەڵ ئەواندایە، ئەی بۆ هەرکاتێك ڕاپەڕیون و شۆڕشیان کردووە، شکستیان خواردووە؟ کەوایە بۆ ئەورۆ بە ڕەوای زانیوە ڕاپەڕینەکەی تۆ لە بێ هیوایی و نائومێدیدا کۆتایی پێ بێنێت؟ یاڵا، وەڵام بدەوە! دەی بدەوە! دە وەڵام بدەوە! ناتوانی؟

**گۆتێز:** لێرەیە.. ساتی هەستیار هەر لێرەیە. لێرەیە دڵەڕاوکێ و ئارەقە و خوێن. مەترسە، گیانە! دڵەڕاوکێ شتێکی خراپ نییە. چەندە ڕووخسارت لە بەر دڵان و شیرینە. کە تێی دەنۆڕم، بیست هەزار کەس

دەبینم دەکوژرێن. حەزم لێیە. (دەمی ماچ دەکات) یاڵڵا بزانم، براکەم، هێشتا تەواو نەبووە، من بڕیارم داوە دەست بەسەر وۆرمسدا بگرم، بەڵام ئەگەر خودا لەگەڵ تۆ بێت، ڕەنگە شتێك ڕووبدات کە نەتوانم بیکەم.

**ناستی:** (بە دەنگێکی نزم، بەڵام بڕوا بە خۆبوونەوە)، کارەساتێك ڕوودەدات.

**هاینریش:** (بە هاوارەوە)، بە هیچ شێوەیەك، بە هیچ شێوەیەك! هیچ ڕوونادات. ئەمە نادادپەروەرییە. ئەگەر ڕێکەوت لەگەڵ ئەوەدا بوو خودا موعجیزەیەك بکات، بۆچی بەری بە خیانەتەکەی من نەگرت؟ ئەگەر تۆ ڕزگار دەکات، بۆ دەبێت من خەسار بکات؟

قوماندارێك دێتە ژوورەوە. هەموویان دەشڵەژێن.

**قوماندار:** هەموو شتێك ئامادەیە. سەربازەکان لە دۆڵەکەدان و لە پشت گرۆلە و عەرەبانەکانەوە ڕیزیان بەستووە.

**گۆتێز:** بەم خێراییە! (وەستانێك)، بڕۆ بە ئەفسەر ئۆلریش بڵێ کە من وادێم.

ئەفسەرەکە دەچێتە دەرەوە. گۆتێز بەسەر کورسییەکەیدا دەکەوێت.

**کاترین:** ئەمە موعجیزەی تۆیە، عەزیزەکەم. (گۆتێز دەست بەسەر ڕووخساریدا دێنێت)، یاڵڵا هەی، تالان بکە و بکوژە! ماڵئاوا.

**گۆتیێز:** (بە بێ تاقەتی و ماندووییەوە وردە وردە دەگۆڕێت بۆ شوور و شەوقێکی دەستگرادانە)، ساتی ماڵئاوایی گەیشتووە. کاتێك دەگەڕێمەوە خوێن هەموو شوێنێکی گرتووە و خێمەکەم خاڵییە. حەیف.. من خووم بە ئێوەوە گرتبوو. (روو لە ئاستی و هاینریش)، ئێوە ئەو شەو وەکو عاشق و مەعشووقە بەسەر دەبەن. (روو لە هاینریش)، کاتێك ئەشکەنجەی دەدەن، بە نەرمی دەستی لە دەستی خۆت بگرە. (روو لە فرانتێز، ئاماژە بە ئاستی)، ئەگەر بە پێی شەریعەت دادانی بە گوناهەکانیدا نا، هەر زوو ئەشکەنجەکە بوەستێنن و هەرکە کەشیش داوای بەخششی بۆ گوناهەکانی کرد، لە داری بدەن. (وەك ئەوەی لە ناکاو سەرنجی کاترین بدات)، ها! بووکەخان! فرانتێز، دەڕۆیت و مەیتەرەکانی تەویلەکە دەهێنیت و دەیانەوێت لای خاتوون تا هەر شتێك کە حەزیان لێ بوو لەگەڵیدا بکەن، بێجگە لە کوشتن.

**کاترین:** (لە ناکاو خۆی دەخاتە سەر قاچەکانی گۆتێز)، گۆتێز، ڕەحم بکە! ئەم کارە نا! ئەم کارەم لەگەڵدا مەکە!

**گۆتێز:** (بە سەرسووڕمانەوە خۆی دەکێشێتە دواوە)، خوولەکێك بەر لە ئێستا زۆر سەرکێشیت دەکرد... باوەڕت نەدەکرد؟

**کاترین:** نا، گۆتێز، باوەڕم نەدەکرد.

**گۆتێز:** ڕاستییەکەی ئەوەیە کە خۆیشم باوەڕم نەدەکرد. باوەڕ بەو خراپەیە دەکەی کە پاش ئەوە کردت (کاترین ئەژنۆکانی ماچ دەکات) فرانتێز، لە کۆڵ شەڕی ئەوەم کەوە. (فرانتێز کاترین دەگرێت و فڕێی دەداتە سەر تەختەکەی)، ئەهاااا، ئێستا باشە، ئەرێ شتێکم لەبیر نەچووە؟.. نا! وابزانم کارێکی دیکە نەماوەتەوە (وەستانێك)، دەبینن کە بەردەوام هەواڵێك

لە موعجیزە لە گۆڕێدا نییە، خەریکە باوەڕ بەوە دەکەم خودا دەسەڵاتی تەواوی داوەتێ تا هەر کارێك کە حەزم لێیە بیکەم، خودایا، سوپاس، زۆر سوپاست دەکەم، لەسەر ئەو ژنانەی کە ئەو شەو بێ ناموسیان دەکەین سوپاس، لەسەر ئەو ژنانەی ئەو شەو لە شیشیان دەدەین سوپاس، لەسەر ئەو پیاوانانەی کە ئەو شەو سەریان دەبڕین سوپاس، (وەستانێك)، ئەگەر بە چاکی دەمم بکرێتەوە قسەی زۆرم هەن کە بیانکەم، درۆزنی دووڕووی فێڵباز! گوێگرە، ناستی، دەمەوێت خەیاڵت ئاسوودە بکەم، خودا منی کردووەتە هۆکارێك، تۆ خۆت ئەو شەو هەمموو شتێکت بینی کە چۆن فریشتەکانی نارد تا پاپێچم بن و بمهێننە سەر ڕێ،

هاینریش: فریشتەکانت؟

**گۆتێز:** واتە ئێوەهەمووتان، بێ گومان کاترین فریشتەیە، هەروا تۆیش، هەروا گۆهێریش. (دووبارە ڕوو لە ناستی) و ئەم کلیلە چی؟ مەگەر من داوام لێی کردبوو تا ئەم کلیلەم بۆ بنێرێت؟ تەنانەت لە بوون و نەبوونی بێ ئاگا بووم، و ئەو ناچار بوو یەکێك لە کەشیشەکانی ڕاسپێرێت تا بیخاتە نێو دەستمەوە. هەڵبەت دەزانی کە لە پای ئەم کارە چی لە من دەوێت؟ دەیەوێت کە گیانی پیاوە ئایینییەکانی ڕزگار بکەم، ئەو کاتە هێواش هێواش ڕاڕام دەکات و بێ ئەوەی پێ خۆی بخاتە نێو بایەتەکەوە ڕێگەکان دەخاتە بەردەممەوە. ئێستا ئەگەر من بێمە سەر ڕێ، ئەوا ئەوکاتە ئەو مافی ئەوەی هەیە بەرپرسیارییەتەکەی خۆی بکشێنێتەوە: ئاخر من دەمتوانی کلیلەکە هەڵدەمە دۆڵەکەوە.

**ناستی:** دەی، ئەرێ، تۆ دەتتوانی. هێشتایش دەتوانی.

**گۆتێز:** ئاخر، فریشتە عەزیزەکەم، دەزانی کە ناتوانم.

**ئاستی:** بۆچی ناتوانی؟

**گۆتیێز:** چونکە من ناتوانم بەدەر لە خۆم کەسێکی دیکە بم. من بۆ خزمەتکردنی ئەو دەچم تا تلاتتلاتێک بە نێو خوێندا بکەم و دەگەڕێمەوە، بەڵام کاتێک دەنگۆیەکان دامرکانەوە، ئەودەم خودا کوونە لووتی دەگرێت و هات و هاوار دروست دەکات کە بەو کارە ڕازی نەبووە، خودایا، ڕازی نیت؟ بەڕاستی؟ کەوایە هێشتا کات ماوە نەهێڵیت. لەو بڕوایەدا نیم ئاسمان بەسەر سەرمدا بڕووخێت، ئاخ و تفێک بەسە تا پێمی لەسەر دابنێم، بخزێم و ڕانم بشکێت، فاتیحەی کارەکە دەخوێندرێت، وانییە؟ ناتەوێت؟ دەی، باشە، پێداگری ناکەم. وەرە، ئاستی، وەرە و سەیری ئەم کلیلە بکە. بەڕاستی کلیل شتێکی زۆر باشە، شتێکی بەسوودە. هەروا دەستیش. هەر کەسێک دروستی کردووە زۆر باش دەرچووە، دەبێت شووکری خودا بکەین کە دەستی پێ بەخشیوین. دەی، کلیلێک لەنێو دەستێک، ئەمەیش شتێکی خراپ نییە بۆ هەموو ئەو دەستانەی کە لەم کاتە و لە هەر شوێنێکی زەویدا کلیلێکیان هەیە، با سوپاسی خودا بکەین، بەڵام پێویستە بچینە سەر ئەو بابەتەی کە دەست چ سوودەێک لە کلیل وەردەگرێت. ئیتر لێرەدا خودا بەرپرسیارییەتی قبوڵ ناکات و پەیوەندی بەوەوە نییە، بێچارەی بێکەس، بەڵێ، خودایا، تۆ پاک و بێ گوناهی ڕەهای، ئاخر تۆ لێوڕێژی لە بوون، چۆن دەکرێت وێنای سێدارە بکەی؟ ڕوانینت تیشکە و بەر هەر کوێیەک بکەوێت تیشکبارانی دەکات، کەوایە چۆن دەکرێت تاریکی دڵی من بناسیت؟ چۆن دەکرێت ئاوەزی بێ کۆتای تۆ خۆی بخزێنێتە نێو تێگەیشتن و درکی بێ توانای منەوە و پەرت و بڵاوی نەکات؟ کینە و لاوازی دەروون، توندوتیژی، مەرگ،

غەم تەنیا لە بەشەر دەوەشێنەوە. تەنیا قەڵەمڕەوی من ئەمەیە و من لە ناویدا تەنیام، هەر شتێکی تێیدا ڕوو بدات لە ئەستۆ و گەردنی منە. مەترسە، من بەرپرسیاریەتی هەموو شتێك لە ئەستۆ دەگرم و هیچیش نالێم. لە ڕۆژی پاداشت و سزادا، وس.. لێو لە لێو ناکەمەوە، من مرۆڤێکی بە قەناعەتم، هەر حوکمێکم بۆ دەربکەی قبوڵی دەکەم و فزەم لێوە نایەت، بەڵام با بەینی خۆمان بێت، ئایا تۆ تۆزقاڵێك دلگران نابیت، بە قەدەر سەرە دەرزییەك کە بەڕێوەبەری خوداستەکانت بە ئازار و عەزابی پڕ لە ژان مەحکوم کردووە؟ دەڕۆم، ئێستا دەڕۆم. سەربازەکان چاوەڕوانن، ئەم کلیلە بەدوای خۆیدا ڕامدەکێشێت، بە دوای قفڵەکەیدا دەگەڕێت. (لە کاتی چوونە دەروە لە خێمەکە، دەگەڕێتەوە)، ئایا کەسێکی وەکو منتان دیتووە؟ من ئەو کەسەم کە قادری ڕەها تووڕە دەکات: لە بوونی مندا، خودا لە خۆی دەتۆقێت! بیست هەزار نەجیبزادە، سی ئوسقۆفی مەزن، پانزە پاشا هەن، سێ ئیمپراتۆر لە یەك کاتدا، پاپێك و دژە پاپێك بینراون، بەڵام جەستەیەکی دیکەی وەکو من، دەی گۆتێزیکی دیکە نێو بەرن. جاری وایە لای خۆم دۆزەخ وەکو بیابانێکی جەبەڕووت وێنا دەکەم کە تەنیا چاوەڕوانی بوونی منە. ماڵئاوا. (دەیەوێت بچێتە دەرەوە، هاینریش لە ناکاودا لە قاقای پێکەنین دەدات)، چ باسە؟

**هاینریش:** گێلە، دۆزەخ بازاڕی فێڵبازانە. (گۆتێز دەوەستێت و سەیری دەکا. هاینریش ڕوو لەوانی دیکە دەکەوێتە قسە) سەیری ئەو پیاوە خیاڵاوی و خەواڵوویە بکەن. خۆی بە تەنیا کەس دەزانێت کە خراپە دەکات. هەموو شەوێك سەرزەوینی ئاڵمان بە بڵێسەی ئاگری ئەوانەی کە زیندوو زیندوو دەسووتێن دەبێتە چراخان، ئەو شەویش وەکو هەموو شەوانی

دیکە دە کەس دە کەس بلێسە دەکێشن، بەڵام ئەو سەرکردانەی ئەوێ تاڵان دەکەن، ئەوەندە خۆپەسنی و هاتوهووت ناکەن. لە هەموو ڕۆژەکانی حەوتوودا مرۆڤ دەکوژن و ڕۆژانی یەکشەممە بە بەلەنگازییەوە دەچنە کلێسە و ددانی پێدا دەنێن، بەڵام ئەم کاکە بەڕێزە خۆی بە شەیتان هاتووەتە پێش چاو، بۆچی؟ بۆ ئەوەی کە خەریکی ئەنجامدانی ئەرکی سەربازییەکەیەتی. (ڕوو لە گۆتێز) ئەگەر تۆ شەیتان بیت، گاڵتەجاڕ، کەواتە من کێم، منێك کە بانگەشەی ئەوەم دەکرد هەژارەکانم خۆش دەوێت و پاشان دامن بەدەست تۆوە؟

لەم ماوەیەدا، گۆتێز وەك بلێی خەمۆکی دایگرتووە و سەیری دەکات. لە دواهەمین ساتدا بەخۆیدا دێتەوە.

**گۆتێز:** ئێستا چیت دەوێت؟ حەقی نەفرەتی ئەبەدی و عەزابی پڕ لە ژان؟ من بە تۆی دەبەخشم. دۆزەخ هێندە مەزنە کە من و تۆ تیایدا بەشەڕ بێین.

**هاینریش:** ئەی ئەوانی دیکە؟

**گۆتێز:** کامانە؟

**هاینریش:** هەموو خەڵکی. هەموویان دەتوانن مرۆڤ بکوژن، بەڵام ئایا هەموویان حەزیان لەم کارەیە؟!

**گۆتێز:** پیسی و قێزەونی من پەیوەندی بە قێزەونی ئەوانەوە نییە، ئەوان بۆ چێژی دەروونی یا بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندی خراپە دەکەن، بەڵام من خراپە بە خودی خراپە ئەنجام دەدەم.

**هاینریش:** ئەگەر ڕوون و مسۆگەر بێت کە کارێکی دیکە جگە لە خراپە ناتوانرێت بکرێت، ئەو هۆکارە چ سوودێکی هەیە کە ناچار بەو کارە دەکات؟

**گۆتێز:** ئایا مسۆگەرە؟

**هاینریش:** ئەریٚ، گاڵتەجاڕ، مسۆگەرە.

**گۆتێز:** کیٚ سەلماندوویەتی؟

**هاینریش:** خودی خودا، خودا ئیرادەی ئەوەی کردووە کە باشە لەسەر زەوی مەحاڵ بێت.

**گۆتێز:** مەحاڵ؟

**هاینریش:** بە تەواوی مەحاڵە، عەشق مەحاڵە! دادپەروەری مەحاڵە! دەڵیٚی نا؟ هەوڵی ئەوە بدە هاوجۆرەکەی خۆت خۆش بوێت و دوایی پێم بڵێوە.

**گۆتێز:** ئەگەر هەوەس بکەم، بۆچی ئەتوانم خۆشم بوێت؟

**هاینریش:** چونکە هەر ئەوەندە بەسە کە کەسێك ڕەق و ئەفرەت لە کەسێکی دیکە هەڵگرێت تا ئەفرەتەکە یەکە یەکە بۆ هەموو مرۆڤەکان بگوازرێتەوە.

**گۆتێز:** (بە خێرایی و بە ئاماژەکردن بە ناستی)، ئەم پیاوە، هەژارەکانی خۆش دەویست.

هایتریش: بە زانین و ئاشکرا درۆی لەگەڵ دەکردن، دنەی خراپترین شەهوەتیانی دەدا، پاڵی پێوە دەنان تا پیرەپیاوێك بکوژن. (وەستانێك)، من دەمتوانی چ بکەم؟ ها، دەمتوانی چ بکەم؟ من بێ گوناهـ بووم و تاوان وەکو چانسێك کەوتە سەر سەرم. "باشە" لە کوێ بوو، زۆڵ؟ لە کوێ؟ و کەمترین خراپە لە کوێ؟ (وەستانێك)، تۆ کە دەم لە خراپە دەدەی، لەوە بێ ئاگای کە عەزابی بێ سوود دەکێشی و هەیاهوو و هەڵهەڵە بۆ هیچ و پووچ دەکێشیت؟ ئەگەر دەتەوێت شیاوی دۆزەخ بیت، ئەوەندە بەسە کە بە ئاسوودەیی لەنێو جێگەکەتدا ڕاکشێیت. دنیا نادادپەروەرییە، ئەگەر قبوڵی بکەی دەبیتە شەریکە تاوان، ئەگەر بیگۆڕی دەبیتە جەلاد. (پێدەکەنێت)، ها! ها! بۆنی پیسی زەوی دەناسمان زاوە.

گۆتیز: کەوایە هەمووان مەحکومی ئەبەدین؟

هایتریش: نا، نا! هەموو نا! (بێدەنگی)، خودایا، من ئیمانم هەیە، من ئیمانم هەیە. من تووشی کارەساتی بێ هیوایی نابم: تا کاکڵی ئیسقانەکانیشم لە خراپەوە گلاون، بەڵام دەزانم کە ئەگەر ئیرادەی ئەوەت کردبێت، ڕزگارم دەکەی. (ڕوو لە گۆتیز)، ئێمە هەموومان بە ڕێژەیەك تاوانبارین، زۆڵ، ئێمە هەموومان بە ڕێژەیەك شیاوی دۆزەخین، بەڵام خودا هەرکاتێك بیهەوێت ببەخشێت، دەبەخشێت.

گۆتیز: ئەگەر من بمەوێت دەتوانم کارێك بکەم کە نەمبەخشێت.

هایتریش: بەدبەختی هیچ، وردیلەی پووچ، چۆن دەتوانی لەگەڵ هێزی ڕەحمەت و بەخششی ئەودا کێبەرکێ بکەیت؟ چۆن دەتوانی سەبرە ناکۆتاکەیی ئەو لێوڕێژ بکەی؟ هەر کاتێك ئەو بخوازێت، تۆ دەخاتە نێو دەستەکانیەوە و دەتباتە بەهەشتەوە. بە ئاماژەیەکی پەنجە، ئیرادە و توانا

پیسەکەی تۆ تێکدەشکێنێت، شەویلگەکانت لێك دادەپچڕێت و ڕەحمەتی خۆی دەرخواردت دەدات و تۆ هەست دەکەی کە بە پێچەوانەی مەیلی خۆت باش بوویتە. بڕۆ! بڕۆ وۆرمس بسووتێنە. بڕۆ تالآن بکە. بڕۆ لە گەردەنان بدە: کات و توانات بە فیڕۆ دەدەی. هەر یەکێك لەم ڕۆژانەدا، وەکو هەموو خەڵکی دیکە، دەچیتە بەرزەخ تا پاك و خاوێن شایستەی بەهەشت ببیت.

**گۆتێز:** کەواتە هەمووان خراپە دەکەن؟

**هاینریش:** هەمووان

**گۆتێز:** هیچ کەس تاوەکو ئێستا باشەی نەکردووە؟

**هاینریش:** هیچ کەس.

**گۆتێز:** زۆر باشە، (دەگەڕێتەوە بۆ نێو خێمەکە) من مەرجت لەگەڵ دەکەم کە بیکەم.

**هاینریش:** چی بکەی؟

**گۆتێز:** باشە، ئامادەی مەرج ببەستیت؟

**هاینریش:** (شانەکانی هەڵدەخات)، نا، زۆڵ، من هیچ مەرجێك نابەستم.

**گۆتێز:** هەڵە دەکەی، تۆ بە من دەڵێ‌ی کە "باشە" مەحاڵە، کەوایە من مەرجت لەگەڵ دەکەم، "باشە" بکەم، ئەمەیش باشترین ئامرازە بۆ "تەك‌"سبوونم. من کەسێکی تاوانبار بووم، نەۆ شێوەگۆڕکێ دەکەم، قووماشێك ئاوەژوو دەکەمەوە و مەرجت لەگەڵ دەکەم کە ببمە پیاوچاکی خودا.

**هاینریش:** ناوبژیکەر و دادوەرە کێیە؟

**گۆتێز:** خودی تۆ، لە ساڵ و ڕۆژێکی دیکەدا، تەنیا ئەوەندە بەسە کە مەرج بکەی.

**هاینریش:** گێلە، ئەگەر مەرج بکەی هەر لە پێشەوە دۆڕاندووتە! چونکە تۆ "باشە" دەکەی تا مەرجەکە ببەیتەوە.

**گۆتێز:** ڕاستە! زۆر باشە، کەوایە وەرە زار هەڵخەین. ئەگەر من بردمەوە. خراپە سەردەکەوێت... ئەگەر بدۆڕێنم... ها! ئەگەر بدۆڕێنم، هیچ نازانم چ دەکەم، دەی؟ ئێستا کێ ئامادەیە زارم لەگەڵ هەڵ بدات؟ تۆ ناستی!

**ناستی:** نا

**گۆتێز:** بۆچی نا؟

**ناستی:** کارێکی خراپە.

**گۆتێز:** دی، با خراپ بێت، دەزانم کارێکی خراپە. مەگەر بیرت لە چ کردووەتەوە؟ هەی، نانەوا، من هێشتا شەڕەنگێزم.

**ناستی:** ئەگەر دەتەوێت باشە بکەیت، هەر وا ساف و سادە بڕیار بدە، کە باشە بکەیت.

**گۆتێز:** من دەمەوێت خودا بخەمە تەنگانە و تەنگەڵێژەوە. ئەو جارمیان وەڵامی یا بەڵێیە یا نا. ئەگەر براوەم بکات شار دەسووتێت و بەرپرسارییەتییەکەیشی دیارە. یاڵا، یاری بکە، ئەگەر خودا لەگەڵ تۆیە نابێت بترسی. بوێری ئەوەت نییە، ترسنۆک! تۆ وات پێ باشترە کە لە دار بدرێیت؟ کێ بوێری ئەوەی هەیە؟

**کاترین:** من!

**گۆتێز:** تۆ، کاترین؟ (سەیری دەکات)، قەی چی دەکات؟ (زارەکانی بدەنێ)، هەڵیان بدە.

**کاترین:** (هەڵیان دەدات)، دوو و یەک. (دەلەرزێت)، سەختە کە بتوانی بدۆڕێنی.
**گۆتیێز:** کێ دەڵێت من دەمەوێت بدۆڕێنم؟ (زارەکان دەخاتە نێو پیاڵەوە)، خودایا، تۆ کەوتوویەتە تەنگەناوە، ئیتر ڕێگەی هەڵاتنت نییە. ئەو ساتە گەیشتووە کە دەستت ئاشکرا بکەیت.

زارەکان هەڵدەخات.

**کاترین:** یەک و یەک... دۆڕاندت!
**گۆتیێز:** کەواتە من خۆم دەدەم بەدەست ویست و خواستی خوداوە. ماڵئاوا، کاترین.
**کاترین:** ماچم بکە. (گۆتیێز ماچی دەکات) ماڵئاوا، گۆتیێز.
**گۆتیێز:** ئەم توورەگە پارەیە وەرگرە و هەر شوێنێکت دەوێت بڕۆی، بڕۆ. (روو لە فرانتیێز) فرانتیێز، بڕۆ بە ئەفسەر ئۆلریش بڵێ، سەربازەکان ئازاد بکات تا بخەون. تۆ، ناستی، بگەڕێرەوە بۆ شار، هێشتا دەرفەتی ئەوە هەیە کە نەهێڵێت کوشت و کوشتار ڕووبدات. ئەگەر بەرەبەیان دەروازەکان بکەنەوە، و کەشیشەکان بە ساغ و سلامەتی لە شار بێنە دەرەوە و لە پەنای من جێگیر بن، سبەی نیوەڕۆ گەمارۆکە دەشکێنم، ڕازیت؟
**ناستی:** ڕازیم.
**گۆتیێز:** پەیغەمبەر، ئیمانت دۆزییەوە؟

**ناستی:** من هیچ کات بزرم نەکردبوو.

**گۆتیز:** چ پیاوێکی بەختەوەر!

**هاینریش:** تۆ ئازادییان بۆ دەگەڕێنیتەوە، ژیان و هیوایان بۆ دەگەڕێنیتەوە، بەڵام ئایا بە من، ئەی سەگی مەلعوون، بە من کە ناچارت کردم خیانەت بکەم، پاکیم بۆ دەگەڕێنیتەوە؟

**گۆتیز:** ئەوە بە دەستی خۆتە کە دووبارە بیدۆزیتەوە، و ئەو دەم وەك بڵێی هیچ شتێکی خراپ ڕووی نەداوە.

**هاینریش:** ئەوی ڕوویداوە چ سوودی هەیە! گرینگ نیەت و مەبەستی من بوو. نەخۆ، ئیتر من واز لە تۆ ناهێنم. بڕۆ. من هەنگاو بە هەنگاو و شەو و ڕۆژ لەگەڵ تۆ دێم. دڵنیابە کە ڕەوتار و کردارت هەڵدەسەنگێنم. دڵنیابە کە ساڵێك و ڕۆژێکی دیکە، لە هەر شوێنێك بێت، من لەوێ ئامادە دەبم.

**گۆتیز:** وا سەحەرە. هەوا چەند ساردە! سەحەر بە باشەوە هاتووەتە نێو خێمەکەمەوە، بەڵام ئێمە دڵخۆش نین: ئەم ژنە دەگری، ئەو پیاوە نەفرەتی لە من هەیە، وەك بڵێی کارەساتەکەمان بە سەردا تێپەڕیوە. ڕەنگە "باشە" هیوای دەهێنا... ئەو دەم، چ سوودی هەیە؟ من نەهاتووم بڕیار لەسەر باشە بدەم، هاتووم تا باشە بکەم.ماڵئاوا.

دەچێتە دەرەوە. کاترین قاقا پێدەکەنێت.

**کاترین:** (کاترین تا سنووری گریان پێکەنیوە.) غەشی کرد! بینیم، خۆم بینیم، غەشی کرد تا بدۆڕێت!

پەردەکە دادەدرێتەوە.

شەوی سێ شەممە

کاتژمێر: ١٢: ٢٨ خولەک

٢٠١١/١/٤ی زایینی — هەولێر



# Le Diable et Bon Dieu

Jean- Paul Sartre

یانەی قەڵەم